# جیهانی مناڵان

فەلسەفی - ئەدەبی - هونەری و خەبەری

ئۆرگانی یانەی سارای منداڵان لە سلێمانی



ژمارە

**4**



## سوبح پێناکەنێ تا منداڵێك نەگری ...!

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***
***Barnhem i Sulaimaniya***

4

## ڕێپۆرتاژ: بۆچی زۆربەی قوتابیانی پەناهەندە وێزگەی کۆتاییان قۆناغی ئامادەیی یان سەرەتاییە؟








www.trife.com/scc/index.html
shihab.manmy@telia.com

Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN

Tel: +46 (0) 31-3302030


ISSN 1651-5188

## لیستەی پشتیوانانی هەمیشەیی
## گۆڤاری جیهانی منداڵان ویانەی سارا لە سلێمانی
## وەرزی زستانی 2003

| | |
|---|---|
| میلان سینگنیانی | 500 کورۆن |
| د. بروا حەمەد | 500 |
| هیوا عەزیز | 400 |
| دایکی ئامانج | 200 |
| کامیل ئەحمەد | 400 |
| ئازاد عەزیز | 300 |
| غولامی زەبەر دەست | 300 |
| خوشکە بەهار | 100 |
| حسێن مەکتووبی | 100 |
| شەهاب مەنمی | 200 |
| تەیب کاکەیی | 200 |
| خوشکە هاینە | 100 |
| پرشنگ کەریمی کانی | 200 |
| رەسول موحەمەدی | 200 |
| حەمەڕەزای هەورامی | 100 |
| کاوەی بزرگ پەنا | 100 |
| ئەحمەد بازگر | 150 |
| هۆشیار تاجریانی | 150 |
| بەیان و کاوە | 150 |
| ڕەزا تالبی | 100 |
| شوان تالب | 50 |
| دایکی شایی | 100 |
| کاروان تالب | 100 |
| سامی حەسەن عەبدوڵا | 100 |
| وەستا عەبدول | 100 |
| ڕەسوڵ سەفەریانی | 50 |
| ئەبووبەکر و هادیە | 100 |
| ڕەزا لوتفی | 100 |
| مامۆستا ف. پێنجوێنی | 200 |
| فەرزین خوسرەوی | 70 |
| تەها خوسرەوی | 100 |
| ڕەوفی ڕەمەزان عەلی | 200 |
| ڕەوف شوانی | 200 |
| فەرمان و کوڵزار | 100 |
| جەلال حسێنی | 100 |
| خالید علی پەنا | 50 |
| ڕەحمان سۆق | 100 |
| بەختیار پێنجوێنی | 70 |
| دایکی سەرداری عەبدلا | 50 |
| زارا قاسمیانی | 70 |
| سەید رەحمان قادری | 70 |
| عەباس دەروێش | 80 |
| سدیقی شنۆ | 70 |
| سەلاح شەریفی | 30 |
| خوشکە حەدیقە | 50 |

### خوێنەران و کریاران و یارمەتیدەرانی ناوبەناو

| | |
|---|---|
| حەمەساڵح قادر | 200 |
| بارام حەمەساڵح قادر | 100 |
| خەبات حەمەسالح قادر | 100 |
| بارام مستەفا | 60 |
| ئازاد کاروان | 70 |
| کاك شاباز | 40 |
| سەلمان هەبەکی | 50 |
| ناسر بازگر | 30 |
| مامۆستا کاوە | 30 |
| سەید حەسەن قادری | 40 |
| سەلام زیجی | 30 |
| رەحمان حسین زادە | |
| شیخ لەتیف مەریوان | |
| م. حسێن دەربەندیخانی و | |
| ئەبوبەکر شەریفزادە | |

× × ×

### خوێنەرانی هێژا!

من کە بەرپرسیاری ئابووری گۆڤارەکەم، پێم خۆشە کە لەسەرەتای دەرچونی هەر ژمارەیەکدا، لێکۆڵینەوەیەکی ئابوری بکەم بۆ ڕوونکردنەوەی دەخل و خەرجی وەرزەکە. تا بۆ خوێنەرو یارمەتیدەرانی گۆڤارەکە ڕوون بێت کە دەخل و خەرجی گۆڤارەکەو یانەی سارا چەنێکە.

= 7000 کرۆن یارمەتی و پارەی فرۆشی گۆڤارەکە.

= 2350 خەرجی چاپکردنی ژمارە 3 ی گۆڤارەکە.

= 600 کرۆن خەرجی پۆست و **CD**.

= 11400 کرۆن لەم وەرزەدا واتە 3 مانگ، ناردراوە بۆ مەسرەفی یانەی سارا لە سلێمانی.

کەواتە سەرجەم داهاتمان 7000 کرۆن بووە و خەرجیشمان 14350 کرۆن بووە.

تێ بی نی: 70 دەرسەدی ئەرك و کۆمەکی دارایی یانەی سارا (وێڕای هەموو زەحمەتەکان) تەنیا لەلایەن مامۆستا (عەلی کیتابی) وە بووە.

**شەهاب مەنمی**

# جیهانی منداڵان

## گۆڤارێکی فەلسەفی ئەدەبی هونەریە




سەرنووسەر

**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**


**جیهانی منداڵان**

گۆڤارێکی وەرزیەولە سوێد دەرئەکرێ و
لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە


**زاگروس میدیا هەڵساوە بەیارمەتیدان و چاپکردنی**

# جیهانی منداڵان 4

| لاپەڕ | بابەت | نووسەر |
|---|---|---|
| 3 | وتەی سەر دەبیر | عەلی کیتابی |
| 4 | دەربارەی ڕەوانکاوی مناڵان | پەروانەی قورەیشی |
| 5 | خەم ویست 2پارچە شیعر | بەختیار پینجوێنی |
| 6 | گرفتی مناڵ لەگەڵ خویندن و خویندنەوەدا | د. قادر شەریف |
| 8 | چمکێك لە ڕۆمانی سارا | عەلی کیتابی |
| 12 | سۆزێك بۆدابکم | بەختیار پێنجوێنی |
| 13 | فەوزیە لە نێوان من ومێژوودا | حسێن دەربەندیخانی |
| 15 | مناڵی چالاك | جەماڵ عەبلی عەبان |
| 16 | شیعری خاکەلێوە و بۆ خوشکیك | عەلی کیتابی |
| 17 | منی ورچ و تۆی ڕیوی | محەمەدفەریق حەسەن |
| 19 | ڕیپرتاژ بۆچی مناڵانی پەناهندە | فایەق پێنجوێنی |
| 21 | کەسایەتی تاك لەخێزانی نریتیدا | مەهاباد قەرەداغی |
| 24 | سێ پارچە شیعر | کارزان عومەر |
| 25 | مەرگی شازادەیەك....مامۆستاکەن....مناڵەئاوارەکان... | کەمن نیم |
| | چوار پارچە پەخشان و شیعر | ئەشرەف شەیدای هاشمی |
| 27 | بەرنامەی نەتەوە یکگرتوەکان دەر بارەی ماف مناڵان وەرگێڕان لە سوێدیەوە بۆ کوردی | فەرزین خوسرەوی هەورامی |
| 29 | یۆ ئەو هێژایانەی دەپرخێنن | حەمەسەعید حەسەن |
| 30 | مناڵی فێری کردین | ئەنوەری ڕنشی عەولا |
| 31 | کورتە ڕاپۆرتێك دەربارەی بەرنامە و چالاکیەکانی ساڵێکی بونیاد _ نانی یانەی سارا و گۆڤاری جیهانی مناڵان لە سوێد و سلێمانی _ بەلایەن سەر پەرشتیاری یانە | لەیلا حەمەعەلی |
| 34 | هەسەن | سیامەند هۆرامی |
| 36 | منیش کاتم نیە | ئاسۆ بیارەیی |
| 37 | سکالاو ئاوات و ئامانجی کیژۆڵەیەکی ئاوارەی کەرکووکی لە_ لە سوێد | ڕێناس عەبدول شوانی |
| 37 | چوارینە، (ریباعی) ەك بۆ دیلان | عەلی کیتابی |
| 38 | ئاوڕێك لە مناڵانی وڵات | ڕەسوڵی سەفەریانی |
| 39 | شەونامەیەك | سەرنووسەر |

سەر بەرگ و کاریکاتێر شوێنەواری مێشك دەست و قەڵەمی باکی سان

واتە کاریکاتوریستی چیرە دەست ........................ سەردار عەبدوڵا

گۆڤاری حیهانی مناڵان ساڵی نوێی واتە نەورۆز کە بە جێژنی کشت ئینسان و گیان لەبەران و گژ و گیاو پەلەوەران بەتایبەت بولبولی شەیدای ناو گوڵستانەکان پیرۆز بایی دەڵێت ........................ گۆڤاری جیهانی مناڵان

..........................................

**دەتوانن بەم ژمارە حیساب بانکانە یارمەتیکانتان بنێرن:**

Förenings Sparbanken ” Barnens Värld”
8105-9 974 464 218-3
Bankgiro: 5469-4922

## گۆڤاری جیهانی منداڵان

ئەم گۆڤارە ئۆرگانی یانەی سارای منداڵانە لەسلێمانی
بونیانگوزار و سەر دەبیر عەلی کیتابی
بەرپرسی بەشی ماڵی و مونتاژکار شەهاب مەنمی
بەرپرسی سایتەکانی ئەنتەرنێتی ئاسۆ ڕەشید بیارەیی
هاوکارانی بەدەربەستی تائیستایی
مامۆستا فایەق پێنجوێنی
د. قادرحەمە شەریف
سەرداری سانی
رەسوڵی سەفەریانی
ڕەسوڵی محەمەدی و بەختیار پێنجوێنی

جێگەی لیستەی ناوی ئەو ئازیزانەی، پشتیوانانی مەعنەوی و مادی ئەم گۆڤارەن، هەمیشە یەکەم لاپەڕەی ئەم گۆڤارەیە.

ئامانجی بنچینەیی و مەرجەکانی گۆڤاری جیهانی منداڵان:

ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی، هونەری و خەبەریە. بەگشتی دەربارەی مناڵان دەدوێ، بەتایبەت ئەو منداڵانەی لەسەرەتای شکڵگرتنی نوتفە و پەروەردە بوونیانەوە! بەناچاری و بێ ئیختیاری لەناو بازاڕی هەڕاج و زۆرەملێی، کاری پڕووکێنەری فیکری، ڕۆحی، ڕەوانی و جەستەیی‌دا! نوقم و نوغرۆ دەبن و دەکرێن. ئەم گۆڤارە زەرفێکی زۆر گرینگ و تایبەتیە بۆ ئەو پسپۆڕ، نووسەر، ئەدیب و هونەرمەندانەی بەدەربەستن بۆ خولقاندن و نووسین و وەرگێڕانی ئاساری فەلسەفەی دەروونناسی و ڕەوانکاوی منداڵان. گەرچی ئەم گۆڤارە بە ئارم و ناو و ناوەرۆکەکەیدا دیارە بێسنوورە، بەڵام تایبەتمەندیەکی تایبەتی بە منداڵانی کوردستانەوە هەیە، چونکە لە سەرەتادا سلێمانی سەنتەری شکڵگرتنی ئەم پڕۆژە و پراکتیك و بیرۆکەیە.

مەرج و بەردی بناغەی، یانەی سارا و ئۆرگانەکەی، کە ئەم گۆڤاریە، تەنیا ئەم چەن خاڵانەی خوارەوەیە.

نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی کە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەینێرن. نابێ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەکی! سیاسی، حیزبی، مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی پێوەبێ. ئەمە بەومانایە نیە مرۆڤە سیاسی و حیزبی و مەزهەبی و نەتەوەییە سادق و ساکارەکان بێبەشکەین لەم کارە پیرۆزە. مەبەستمان دووری گرتنە لەو کەسانەی خاوەنی ئیدئۆلۆژی حیزبی، مەزهەبی و ڕەگەزپەرستین.

## وتەی سەردەبیر



سەرەتای مانگی چواری 2002 بوو، ئەو کاخە خەیاڵییەی زۆر لەمێژبوو لەمێشکمدا خولقاندبووم و گشت کەرەسەی دوروست کردنی پێویستم بۆ ئامادە کردبوو. مامۆستا ڕەوف حەسەن وەك میعمارێکی کارامە و لێهاتوو، یەکەمین کۆشکی ئاواتی بەئاکام گەیاندبووم. لەکاتێکدا لەخۆشی ئەوکۆشکە خەریکبو شاگەشکەبم، مێشکم بەخەیاڵی دەرکردنی گۆڤاری جیهانی منالانەوە جەنجاڵ بوو، وتوو وێژێکی ناتەواو و نیوەچڵم لەشاشەی Med TV تەلویزیۆنی PKK وە بینی. بە ڕێکەوت و لە واقیعدا جوابی هەر پرسیارێکی وتار بێژ لە وەڵامی پرسیاری بەرپرسی Med TV دا، بۆمن یادئاوەری ئەو خەیالاتەم بوون، کە من بە نیاز و کەرەسەی پێویستی ئەساسی گۆڤاری جیهانی منالانی خەیالی خۆمم دەزانین، بەتایبەت ئەم چەن ڕستەی خوارەوە کەوتی:

جیگەو جەوی ئەمن و ئارام، خۆشەویستی و هەست و سۆزی ڕاست و ڕەوانی دوولایەنەی دایك و باوك، بەیەکتری و دەور و بەر و منداڵەکانیان. هەر لە یەکەمین کات و ساتی زیندوبوونی نوتفە لەسکی دایکیەوە تاکۆتایی دواپلەی ژیانی مەلۆتکەیی و ساوایی و مێرمنداڵێتی، تەئسیری ڕاستەوخۆی موسبەتی لەسەر کەسایەتی منداڵ هەیە. پێچەوانەکەشی واتە جێگە و جەوی نائەمن، نائارام و کێشەی چار نەکراو و چارە هەڵنەگری دایك و باوك ... وەك ویروسێکی (مەوروسی) پشتاوپشت منداڵ و بنەماڵە و بگرە کۆمەڵگەش دەتەنێتەوە. ئەگەر بە شێوەیەکی عیلمانی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆمان و کۆمەڵگە دواکەوتوەکانی جیهانی بدرێنە بەر لێکۆڵینەوە، ئەوڕاستیە دەسەلمێنرێ – کە هەتتا ئەگەر بە شێوەی ئاسایی ئیمرۆی ولاتە پێشکەوتووەکانی جیهانی وەك کیشوەری سویدیش، لە ولاتی خۆماندا منالەکان پەروەردەکەین – هێشتا پاش چەندین نەسڵ جا دەتوانرێ پەروەردە کردنی منداڵ بگەیەنینە بەرابەر پەروەردەی پێشکەوتووی ئیمرۆی سوێد.

بەبیستن و بینینی دەنگ و ڕەنگی ئەو مرۆڤە لە شاشەی مێدیا تیۆیەوە، وا هەستم دەکرد، هەر ئەو بیر و بۆچوونەی دڵ و مێشکی منە، کە تا ئێستا نەمتوانیوە بە زمان و قەڵەم دایبەزێنم. بۆیە بووم بە عەوداڵ بەشوێن ئەو مرۆڤەدا تا بیکەمە شەریکی هەست و شعورم لە چوارچێوەی گۆڤارەکەمدا. پاش دوو حەوتوو تاخیر پەنام بردە حەسەنی قازی و(Med TV) دوو فاکسم بۆ بەڕێ کردن جوابی هیچیانم پێنەگەیشتەوە. ڕوومکردە خاوەنی چاپخانەی میدیا زاگروس، کە دۆستی مێدیا تیۆی و حەسەنی قازیە، پەیامی ئەویش بێوەڵام مایەوە. لەڕێی میدیا زاگروسەوە ڕوی خیتابم کردە کاك سەلیمی بابان ئەندامی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی پیێ کاکا)، پاش چەن ڕۆژ بەهۆی کاك ئەحمەد میلان خاوەنی چاپخانەی زاگروس مێدیاوە، وەڵامی کاك سەلیم بابانم پێگەیشت. *ئەمە وەڵامەکەی بوو " کاك عەلی وێڕای سڵاو هیوادارم نیگەران نەبی، لەڕاستیدا کارمەندانی مێدیا تیۆی ئیجازەیان نیە کۆپیەی تۆمارکراوەکانی ئارشیڤ بۆکەس بنێرنە دەرەوە"*.

پاش پتر لە 3 مانگ بەهۆی مەهاباد قەرەداغیەوە ژمارە تەلەفۆن و ئادرەس و ناوو نیشانی مەبەستم دەسکەوت بەو پەڕی دڵاواڵەییەوە پیشوازی لە نیەت و هەست و خواستم کرا. منیش بە پێچەوانەی پاوانخوازی و نیەتی نگریسی حەسەنی قازی وMed TV ئەوەتانێ بیوگرافی و بەرهەمەکەی بە ڕوخسەت و پێخۆشحالی خۆیەوە پێکەوە چاپ و بلاو دەکەمەوە.

## بیووگرافی!



ناوم پەروانەیە، لە شاری سەردەشت لە دایکبووم. خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانم لە شاری سنە تەواو کرد. پاشان لەتاران خوێندنم لە رشتەی دەروونناسی (ڕەوانشناسی) تەواو کرد. لە ساڵی 1974رەوە لە ئاڵمان دەژیم. لێرەش لەشارەکانی گۆتینگن و فرانکفۆرت لە زانستگە دەروونناسیم درێژەپێدا. پاش خوێندن لە مەجالە جۆراوجۆرەکاندا دەستم کرد بەکار. ئەمن دەرونناسی (kliniki) کلینکیم. و دەورەی Psychotheropie لەسەر ئەساسی ڕەوانکاوی یا Psychoanalyse دەبینم. لە ساڵی 1993 وە سەرپەرستی (خوابگاهی) ئاسایشگایێ دەکەم کە لەوێ ئەو نەخۆشانە بەخێو دەکرێن کە تووشی Schizophreni (اسکیزوفرنی) بووگن. جگە لەوکارە پراکسیسی Psychotheropie لە بنکەیەکی تایبەتTrauma لەگەڵ ئەو کەسانەی لەزیندانا شکەنجەو تەجاوزی جنسیان پێکراوە کاردەکەم. Febrvar 2003

## دەر بارەی ڕەوانکاوی منالاَن و گیرو گرفتەکانی سەر ڕێگەی بەخێو کردنیان

لەوکاتەوە کە Sigmund Freud زیکموند فروید لە کارەکانیدا ئاماژەی بە ڕەنگدانەوەی (تەئسیر) ئەو ڕووداوانەی کە منداڵ تووشی کێشەی دەروونی دەکات و ڕاستەوخۆ لە (فۆرم) گردن دروست بوونی کەسایەتی منداڵدا نەخشی هەیە کرد و بەڕای ئەو. ئەو ڕووداوانە دەبنە هۆی دروست بوونی Neuroze (نویرۆز یا (اختلال نویروتیکی) ڕێگای کردەوە بۆ زانایان کە لەسەر ئەم باسە زیاتر دراسە بکەن و بۆ ئەوان ئەم پرسیارە هاتە پێشەوە کە ئەوە چ کارەسات و ڕووداوەیەکن کە لەسەر کەسایەتی (شەخسیەت) تەئسیر دەکەن و مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەروونی دەکەن؟

باوک و دایک تا چ ڕادەیەك لەسەر دروست بوونی نەخۆشی دەروونی منداڵ نەخشیان هەیە (نقش پدر و مادر در درست شدن امراز روانی کودك) ئایا باوك و دایك دەتوانن لە ڕێگای پەروەردەکردنی تایبەتی منداڵ، ڕێگا لە دروست بونی یا پێکهاتنی Neuroze لە منداڵ بکەن؟

لە ساڵەکانی 20دا زاناو دەروونناسانی زۆر، بەتایبەتی شاگردەکانی فروید بە پرسیارەکانی سەرەوە دراسەیانکرد. ماوەیەك برێ لە زانایان پێیان وابوو کە دەکرێت لە ڕێگای پێکهێنانی کاتالۆگێکی تایبەتی، شێوە و ڕێگاییکی تایبەتی بۆ بەخێوکردنی منال پێشکەشی خەڵکی بکەن تا ئەوان لەسەر ئەو کاتالۆگە منداڵیان بەخێو بکەن. بۆنموونە ئەوان بەگرینگیان دەزانی کە باوك و دایك نابێ لە Autorität= ئامریەت، اقتدار Authority بەرانبەر بە منداڵ ئیستیفادەی ناڕاست بەرن، ئەوان نابێ هەوڵ بدەن منداڵ بخەستێنن، و دەبێ بە منداڵ ڕێگە بدرێ جواب بۆ پرسیارەکانی سەبارەت بە مەسایلی جنسی پەیدا بکات. منداڵ نابێ بیسنوور هەچی بخوازێ پێی بدرێ.

دەسدرێژی جنسی بەرانبەر بە منداڵ، منداڵ تووشی برینێکی دەرونی دەکات کە سارێژنابێت، یاساکان دەبێ بۆ منداڵ ڕوون بن و نەبەسرابێت بە کەیفی دایك و باوکەوە ( ئەگەر سەر کەیف بن منداڵ بۆی هەبێ هەمووشتێ بکات، ئەگەر ماندوو و بێ زەوق بن یاساو قانوون بگۆڕن). بەڵام بۆ بەرگری دروست بوونی Neuroze جگە لەو خاڵانەی کە لە سەرەوە باسکرا چۆنایەتی هێز و توانای، هێزی بزوێنەر (شیددت و زەعفی تەحریکات)، لە شیرگرتنەوەی منال (وەکوو کارەساتێکی زۆر دڵتەزێن)، بەربەرەکانێی نێوان خوشکوو براکان، هەوڵدان بۆ ئەوەی کە منداڵ زوو پاکبێتەوە، (ئیتر خۆی پیس نەکات و بتوانێ مفاسلی میزو گووکردن کونترۆڵکات) بێئەوەی لەشی ئەو منداڵە ئامادە بووبێت و جگە لەمانەش سەردەمی کێشەی ئەدیپ Phase و Ödipale (بڕوانن بۆ عقدە ئەدیپ فروید).

ڕونکردنەوە (ئەوەڵێن Objekt خۆشەویستی کچ و کوڕ دایکە. کوڕ بۆ بەدەسهێنانی دایکی، باوکی وەکوو لەمپەرێك لەسەر ڕێگای خۆی دەبینێت، لە لایەکی تریشەوە لە باوك دەترسێ ئەوە بخەستێنێ (Kastration) بۆیە ڕوو تێرێتەوە بەرەو باوك، ڕوو لە دایکی وەردەچەرخێنێ. ئەو خۆشەویستیەی کە کچ بە دایك هەیەتی لەوی دەسێنێ و ڕووتێرێتە باوك، بەو هیوایەی کە باوك (بەڕای فروید) نەقس یا نوقسانی لەشی کچ کە نەبوونی یان (کمبود) Penis,Fallosە، کە کوڕ هەیەتی لایبات. پاشان جارێکی تر کە لەباوك نائومێد بوو بە نائومێدیەوە دەگەڕێتەوە لای دایکی). دەتوانن ڕێگا بۆ دروستبوونی Neuroze لە منداڵدا خۆشبکەن.

تا کوو ئێستا تێگەیشتین کە ڕەنگدانەوەی بار و دۆخی ژیان لەسەر دروستبوونی کێشەی دەروونی لە منداڵدا تەئسیری هەیە.

ڕەنگدانەوەی مەنفی دایکوو باوك لەسەر منداڵ خاڵێکی گرینگە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت. منداڵ لەلایەن دایکوو باوکی خۆیەوە تەنیا بکە و مەکە نا بیسێت. گرینگترین خاڵ چۆنایەتی ئەحواڵ دەروونی دایکوو باوکە. ترسەکانیان و کێشە دورونیەکانیان، ئەوانە کە شێوەی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ منداڵدا دابین دەکات. شێوەی بەخێوکردنی منداڵ بەسراوەتە بارو دۆخی دەرونی و هەست و سۆزی ئەوانەوە. زۆربەی زۆری دراساتی نوێ بایەخی زۆریان بە ڕەنگدانەوەی هەست و سۆز و (استروکتوری) کەسایەتی باوکودایك لەسەر منداڵ داوە. خاڵی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەو هەست و سۆزە تایبەتیە وا لە باوکودایك دەکات کە بێ ئەوە خۆیان ئاگایان لێبێت چاوەڕوانی ڕۆڵ و نەخشێکی تایبەتی لە منداڵیان دەکەن. دایکوباوك بەهۆی هەست و سۆزی دەرونی خۆیانەوە، ئاوا داخوازیەکی دیاریکراویان لە منداڵ هەیە و منداڵ دەبێ ئەو ڕۆڵە تایبەتیە کە لەلایەن ئەوانەوە دابین کراوە جێبەجێ بکات. بەڵام دایکوباوك بۆچی ئەمکارە دەکەن، بۆ دەبێ منداڵ ببێتە ئەکتەری شانۆیەك کە سەناریۆکەی ڕەنگە هی نەسڵێ یاکوو دوو جیل (Generation) بێت.

باوکودایك یا باشترە بڵێم باوك یا دایك بێ ئەوەی کە ئاگایان لێبێت (بەنەخشەوە ئەمکارە ناکەن) منداڵەکەیان دەکەن بە هاوبەش کێشە دەرونیەکەیان، بەو هیوایەی کە باری سەرشانیان سووکبێتەوە. ئەوان بە لەبەرچاو گرتنی کێشە دەرونیەکانیان چاوەڕوانی ئەنجامی داخوازیەکانیان.

ئەوان لە منداڵ وەکوو جێگر Substitut کەڵك وەردەگرن

1. منداڵ وەکوو جێگر بۆ هاوسەر

ئا = منداڵ وەکوو جێگر بۆ ، باوك

ب = منداڵ وەکوو جێگر بۆ شوو یا ژن

ج = منداڵ وەکوو جێگر بۆ خوشك یا برا

د = منداڵ وەکوو جێگر بۆ خود یا خودی _ ئیدئال

ه = منداڵ وەکوو وێنەیەك لە دایك و باوك

و = منداڵ وەکوو جێگر بۆ ناسنامەی مەزنی باوکو دایك

دایکێك کەخۆی لە منداڵیدا لە لایەن دایکو باوکەوە خۆشەویستی نەدیبێ و دەرونی بۆ خۆشەویستی لەلایەن دایکەوە سوتابێ، بەڵام دایکی ئاواتی ئەوی جواب نەدابێتەوە. دایکی وا چاوەڕوانە کە منداڵەکەی دایم سوپاسی ئەو بکات و شەوو ڕۆژ خۆشەویستی خۆی بەرانبەر بە دایکەکەی پیشان بدات. ئەم دایکە منداڵەکەی تەنها وەکوو سەرچاوەگەی خۆشەویستیخۆی گەرەکە.

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تا چ ڕادەیەك بار و دۆخی دەروونی دایکوباوك دەبێتە هۆی کێشە و گیروگرفتی دەروونی منداڵ، تاکوو باوك وە یا دایك خۆیان نەتوانن کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن، ناتوانن تەئسیری موسبەت لەسەر منداڵەکەیان دانێن.

هیوادارم کە لەداهاتودا بتوانین سەبارەت بە گیر و گرفتەکانی سەر ڕێگای پەروەردەکردن و بارهێنانی منداڵ زیاتر بدوێین.

سوپاس

پەروانەی قورەیشی، فرانکفۆرت February2003

× × ×

## خەم

کاتێك وەك هەور دێت و
ئاسمانی ساماڵم لێ لێڵ دەکا!
کاتێك وەك وەیشوومە دێت و
هەموو ........ کانم دەبات و
ئەوجا لە بیابانی پڕ دڕك و داڵی خۆیدا وێڵیان دەکا!
کاتێك لە شێوەی ژنە قەرەجێك دیت و
کۆرپەی تازە پێگرتووم دەبات و
لە ڕەشماڵی خۆی دا ونی دەکا!
دوای هەموو دەستی تاوانێك
بەهەر چەشنێك بەهەر ناوێك
لە هەر مێژوو و سەردەمێك دا
ئوجا نۆرەی سەری کاسمە
قوربانی بەر پی ی زوحاکی
سەدەی بیست و یەکی دەکا!

## ویست

تۆ زۆر جاران لە هەموو شتێك ئازیزتری،
نازانم چۆن بتشوبهێنم!
بە گوڵ !
لە پەلکەکانی ناسکتری،
بە شاخ !
لە لووتکەی بلندتری ،
بە ئاوێنە !
زۆر جار لەویش،
پاك و بێگەرد و روون تری،
بەڵام جارجاریش،
کە دڵرەق ئەبیت!
مۆسۆلینی و هێتلەر،
بە یەك پەیڤت نابن!
بۆرکان و هەورە گرمە،
هاوچەشنی کاتی دەنگی تووڕەبوونت نابن!
بۆ هەرگیز تۆ وەك من نابی؟
لە ژیانی یەکجار پیپەبخشراومان،
لە خۆشی و ناخۆشییدا
هاو ویست نابی!

بەختیار پێنجوێنی 2002

# دیسلێکسیا

## *DYSLEXI*

## گرفتی منداڵ لەگەڵ خوێندنەوە ونووسیندا

وشەی دیسلێکسیا ئینگلیزیەو لە دوو برگەی DYS کە مانای گرفتەو LYXI کە واتە خوێندنەوە پێکهاتوە، هەمو واژەکە (گرفت لە خوێندنەوەدا) دەبەخشێت. ئەم گرفتە لە منداڵاندا کەم ئەندامیەکی شاراوەیە کە خۆی لە سستی وەرگرتنی زانیاری و گۆڕانکاریە خێراکان وە کاردانەوەی مێشك لەو بوارانەدا نیشاندەدات، بەداخەوە زۆرجار لەبەر نەبوونی شارەزای پێویست لەم بارەیەوە منداڵەکە وەك لەش قورس و تەمەڵ دەناسرێت، و فاکتەری بەسووك سەیرکردنی کەم ئەندامیەتی لەکۆمەڵگادا (بەتایبەت لەم جۆرە) ڕۆڵی خۆی لەشاردنەوەی گرفتەکە دەگێڕێت.

گرفتەکە ژنتیکیەو بەهۆی هۆکارێکەوە لەڕێگای دایکو و باوکەوە بۆ منداڵان دەگوێزرێتەوە ، بێت و لانی کەم لە خوێنی یەکێك لەودوانە هۆکارەکە هەبێت ئەوا مەترسی گیرۆدەبوونی نەوەکانیان بەم گرفتە زۆرە، بەڵام تائێستا چۆنیەتی گواستنەوەکە ئاشکرانەبووە.

قاڵبێکی دیاریکراو بۆ نیشانەکانی گرفتەگەکە نیە، بەڵکوو بەشێوەی جیاواز لە مرۆڤە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت،ئەمەش بەندە بە بارودۆخی پەروەردە و ڕێژەی تێگەیشتنی دەورووپشت سەبارەت بەگرفتەکە.شێوەی هەڵسووکەوتی دەورووپشت لەگەڵ گرفتەکەدا ڕۆڵی گرنگ لە سەر سووك یا گرانبوونی نیشانەکانی دەگێڕێت.

پێکەوە کارکردنی ناوەندە گرنگەکانی ناو مێشك بۆ لێکدانەوەی تەزووە هاتووەکان لە هەستەجیاوازەکانی مرۆڤەوە وەك هەستی (بینین، بیستن، پێست) بۆ کاردانەوەیگونجاو پێویستە.کارامەی زمان زانینی هەرمرۆڤێکیش بەچەند چالاکییەکی پێکەوە گرێدراوی ناو مێشکی ئەو مرۆڤەوە بەندە وەك:



قادر شەریف

توانایی تێگەیشتن لەناوەڕۆکی وشە،دەربڕینی فۆنێتیکی وشەکان بە ڕێکی، گرێدانی زانیارییە هاتووەکان بەزانیارییە کۆکراوەکانی ناو مێشکەوە.....هتد.

وەهەروەها لاوازی پێکەوە کارکردنی ئەو ناوەندانەی ناومێشك، ڕاستەوخۆ لەسەر تێگەیشتن و شێوەی کاردانەوەی ئەو مرۆڤە ڕەنگدەداتەوە، بەتایبەت لە خوێندنەوە و نووسیندا.



ئەمە وێنەی لای چەپی مێشکە کەزۆرینەی ناوەندە گرنگەکانی وەك ناوەندی گفتووگۆ لەخۆگرتووە. بەڵام نەخشەی پەیوەندی نیوان ناوەندەکان کەلە ڕێگای‌تۆڕێکی ئاڵۆزەوە ئەنجامدەدرێت دەرنەکەوتووە.

ئەو لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بەکارەکانی ناو مێشك و ئەندازەی چالاکبوونی ناوەندەکانیەوە کراون ، جیاوازی نیوان شێوەی مامەڵەکردن و کاردنەوەی مێشکی منداڵی ئاسایی بە بەراورد لەگەڵ شێوەی مامەڵە و کاردانەوەی مێشکی منداڵی گیرۆدە بە دیسلێکسیای سەلماندوە ،جیاوازیەکەش وەك پەرش وبڵاوی یان تێکەڵبوونی تەزووەکانی ناو مێشکی منداڵانی گیرۆدە بە دیسلێکسیا خۆی نیشان داوە.

هۆکاری دیسلێکسیا پاش هەفتەی نۆزدەهەم لەدروستبوونی منداڵ لەسکی دایکیدا کاری تێکدەری خۆی لەسەر مێشکی منداڵەکە ئەنجامدەدات، لەو پرۆسەیەدا هەندێك لەسێلەکانی مێشك لەشوێنی تر لەبری شوێنی تایبەت بە خۆیان جێگیردەبن،

بەم پێیەش جۆرە سستیەك لە پەیوەندی نێوان ئەم سێڵانە لەگەڵ سێڵەكانی تری مێشكی منداڵەكە دروست دەبێت ، هەندێ جار ئەوپەیوەندیە بەیەكجاری نامێنێت.

ڕۆڵی ئەم شوێن گۆڕكێیە لەسەر ئەنجامی گرفتەكە تائێستا ڕوون نیە، بەڵام شارەزایان لەپەیوەندی نیوان تێگەیشتن،زمانی گفتووگۆ و خوێندنەوە دڵنیان. گرفتی منداڵان لە خوێندنەوە و نووسیندا بێ توانایی ئەومنداڵانە لەبوارەكانی تردا بەبەراوورد لەگەڵ منداڵانی ئاسایی ناگەیەنێت، بەپێچەوانەوە ئەوانەی بەدیسلێكسیا گیرۆدەبوون لە بواری تردا جگە لەبواری خوێندنەوە و نووسین زۆر كارامەترن.

ناوەندی تایبەت بەگفتووگۆ و تێگەیشتن لە بەشی ڕاستی مێشكی مرۆڤی ئاساییدا بەبەراوورد لەگەڵ هەمان ناوەند لەبەشی چەپیدا بچووكترە بەڵام لە مرۆڤی گیرۆدە بە دیسلێكسیا هەردوولا وەك یەكن. بەواتایەكی تر ئەم ناوەندە لە بەشی ڕاستی مێشكی مرۆڤە گیرۆدەكاندا بەبەراوورد لەگەڵ هەمان ناوەند لەمێشكی مرۆڤەئاساییەكاندا گەورەترە،گەورەیی ئەم بەشە تواناییەكی زیاتر لەبواری شارەزایی و كارامەی بەوانە دەدات ، هەروەها هەندێك ناوەندی تر لە مێشكی ئەوانەی گیرۆدەن بە دیسلێكسیا بەبەراورد بە مرۆڤە ئاساییەكان زیاتر گەشەی كردوە، شارەزایان ئەم كارامەیی و بەهرەیە وەك شێوەیەك لە قەرەبووی سروشتی لەقەڵەم دەدەن.

هەروەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێكرد گرفتەكە ژنتیكیە و چارەسەری نیە، بەڵام كۆمەڵگا دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ لەسەر ئاسان كردنی ژیانی گیرۆدەكان بەم گرفتە بگێرێت بەتایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەكانی ژیانیاندا، ئەمەش بێ سوودی كۆمەك بە بەساڵاچووان ناگەیەنێت، بەڵكو یارمەتیدانی ئەوانیش بەتایبەت لەو بوارانەی كەتێدا كارامەن باری گرانیان سووكتر دەكات.

<u>نیشانەكانی دیسلێكسیا:</u>

نیشانەكانی ئەم گرفتە لەیەكێكەوە بۆ یەكێكی تر بەپێی باری كۆمەڵایەتی خێزان، گیرۆدەبوون بە گرفتی ترەوە وەك( دامپ،كەم بینین، كەم بیستن) دەگۆڕێت. مەرجیش نیە هەر گرفتێك لەگەڵ خوێندنەوە و نوسیندا دیسلێكسیا بێت، بەڵكو ڕوودەدات بەهۆی( ئاڵوزبوونی باری خێزان و ئاژاوەی ناوماڵ، دابران و گۆشەگیربوون) منداڵ توشی گرفتی دەروونی تر ببێت بەبێ ئەوەی دیسلێكسیاش بێت ، چاوكزی منداڵیش كە هەمیشەدرەنگ پێی دەزانرێت ڕۆڵی خۆی لە سەر گرفتیخوێندنەوە و نوسین لای منداڵان دەگێرێت.

<u>ڕۆڵی باری كۆمەڵایەتی:</u>

سەرهەڵدانی ئەم گرفتە هیچ پەیوەندیەكی بەباریكۆمەڵایەتیەوە نییە وە ئەگەری سەرهەڵدانی لەهەموو چین وتوێژەكانی كۆمەڵگادا هەیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە كێشە كۆمەڵایەتیەكانی تر ڕۆڵی نێگەتیفی خۆی لەسەر گرانكردنی باری ژیانی گیرۆدەبووان بەم گرفتە دەگێڕێت.

بەپێچەوانەوە دەوروپشتێكی تێگەیشتوو بە دابین كردنی كەشێكی هێمن و ئاسان كردنی پرسیارەكان دەتوانێت ڕۆڵی باش لەپێشخستن و گەشەپێدانی خاڵی بەهێزی ئەو گیرۆدەبووانە بگێرێت، هاوكاری نێوان قووتابخانەو دایكان وباوكان بۆ یارمەتیدانی ئەم كەم ئەندامانە بۆ دۆزینەوەی خاڵی بەهێزیان وە دانانی پلانی فێركردنی چالاك زۆر بەسوودە، كۆمەڵگاش بە یارمەتیدانی گیرۆدەكان دەتوانێت ڕۆڵی باش بگێرێت.

<u>پەیوەندی نێوان دیسلێكسیا و دامپ::</u>

كەكورت كراوەی (DAMP) دامپ

<u>DEFICIT IN ATTENTION MOTORCONTROL AND PERCEPTION</u>

ئەوانەیگیرۆدەی دامپن باڵانسی نێوان( سەرنج،مەبەست و جموجوولی) فیزیكیان وەك پێویست نیە. وە جیاكردنەوەی دیسلێكسیا لە دامپ هەروا ئاسان نیە، چونكە ئەو ئاڵوزییەی كەلە كاری مێشكی گیرۆدەبووان بەدیسلێكسیادا دە بینرێت لەكاری مێشكی گیرۆدەبووان بە دامپیشدا بەدیدەكرێت.

ئەوانەی دامپیان هەیە لەكارە( لۆگیكیەكان،جموجووڵ) كەم توانان و بەگشتی كارامەنین.

ئەم بێ تواناییەش لای دیسلێكسیەكاندا بەتایبەت ئەوانەی كوڕن بەدی دەكرێت.

بەواتایەكی ترپەیوەندی لەنیوان هەردوو گرفتەكەدا هەیە.20 ٪ لەدیسلێكسیەكان دامپیشیان هەیە، وە 60-70٪ لەوانەی دامپیان هەیە دیسلێكسیاشیان هەیە.

<u>سەرچاوەكان:</u>

1- سەرنج وتێبینی لەسەر دیسلێكسیا ساڵی 1998/ئەنجومەنی دایكان و باوكانی منداڵانی گیرۆدە بە دیلێكسیا لە سوید.

2- زانیاری لە بارەی دیسلێكسیا 2002/ئینتەرنێت سایتی بەشی تەندروستی سوید.

# چمکێکی چکۆلە لە ڕۆمانی سارا

سارا وەك مقەبامەعازەڵا مووی ناجووڵێتەوە، وەها واقی لێ وڕماوە دەڵێی ڕۆح لە بەدەنیا نەماوە، دڵۆپ دڵۆپ ئەشك بەچاویدا دێنەخوار و بەس. ڕەزیە بە لۆی لەچكەكەی فرمێسكە كانی دەسڕێ و دەڵێ: ساراگیان تۆ زۆر بە هەڵەدا چوویی، چاوەكەم تۆ پێت وایە من كچی حاجی عەلی و پوورە مروەتم، بۆیە هەردەڵێی خۆزگەم بەخۆت؟ نەخێر من هەزارجار خۆزگەم بەخۆت! بۆ ئاگاداریت، غەزنەی بەستەزمانیش هەر وەك من دیلە دەست و پێی لە كۆت و زنجیری باب و برا و سەروەت سامانی حاجی عەلی دایە! ئەویش هەر وەك من بەپارە فرۆشراوە، بەڵام ئەو وەك من بێكەس نیە دایكێكی هەیە دەڵێی وڕوڕەی جادووە، باب و براو كەس و كاریشی چاوەڕوانی مەرگی حاجی و بەشە میراتی سەروەت و سامانەكەین. كەبۆ غەزنەی خوشكیان بەمیرات بەجێ دەمێنێ، جا ئەوسا غەزنەیش بە دڵخوازی خۆی بە شوو بدەنەوە. پاش كش و ماتیەكی كورت، ڕەزیە كە دەبینێ سارا وەك تیرێكت بە جەرگیا چەقاندبێت وشك بووە و دۆشی دابردوە، دڵخۆشی دەداتەوە و دەڵێ:

_ مەترسە تۆ بە دەردی من و غەزنە دووچار نابی، چونكە تۆ دەزگیرانت هەیە و دەشڵێن: بە شەرعی خواو پێغەمبەر لە سێ ژن زیاتر لەماڵێك دا لە پیاوێك مارە ناكرێ خۆحاجیش لەو بارەوە هەرهیچی پێ نەماوە بە ئێمەیش ڕاناگات،ناتوانێ تەماحت تێكات،

مەگەر باوكت گەورە بە بچووكت پێبكات، بتدا بە كوڕی پیرێژنێك خۆی بۆ خۆیو كچی بۆكوڕی.

سارا و ڕەزیە هێندە دەردەدڵ و ڕازو نیاز پێكەوە دەكەن، كە دێنەوە بەخۆ یاندا، لانكە سێبەر مانا بێ بە تەمووی كێوی قەڵای(كچێ)وە نەماوە، چاشتەنگاوێكی تەواوە. بە دوو كۆڵ گەڵای مازووارەوە خۆ دەكەنەوە ناو دێدا، لەگەڵ خوڵكو میهرەبانی گەرمی پوورە مروەتدا ڕوو بەڕوو دەبن كە دە لێ:

_ دەك بە قوربانی ئەو جووتە كچەبم یاخوا ڕۆڵە كانم ڕووسووری دنیاو قیامەت بن.

* * *

ئیستاچەن ڕۆژە مام كەریم میوانی حاجیە بەتەواوی ماندووی حەساوەتەوە. سارا گشت سیپاڵەكانی خۆیوو باوكو براو خوشكەكەی پاكو خاوێن شۆریوە و بەباشی بووژاونەتەوە. حاجی عەلیش وەك ڕاوچیەكی لێ زان بۆ نێچیرەكانی لە حەشاردایە. ڕوو دەكاتە مام كەریم و دەڵێ:

مامە گیان جا ئێستا ئیتر گوێ ڕاگرە بۆ ئەم برایەی خۆت:

_فەرموو مام حاجی گیان، گشت گیانم گوێیە.

_ مامە گیان پێمخۆشە من و تۆ وەك دووبرا پێكەوە بژین. تاخوا ئەم پاروە نانەی پی ڕەوا دیوین، پێكەوە دەیخۆین. خۆ خوایش ئێمە و



ئەم دنیایەی بۆیە خولقاندوە ئیتاعەتی بكەین. تۆیش باش دەزانی ئەم دنیایە هیچ و پووچە، پیاو هەر نوێژكەر و دەست و داوێن پاك بێ و پاروە نانێك بەڕەنجی شانی وەچنگ بێنێ و بەس. بڕوات بێ بەو مەكەی موعەزەمەی سێ جار سەرم تێ هەڵسوویوە، لەگەڵ گۆچانی لێ دەكەمە مەچەكم و لە گەڵ ڕان و گاڕاندا دەڕۆمە كەژ و كێو، كە لەسەر كانی و ئاوێكدا نوێژ دەكەم، بەم چاوانەم خۆم لە بەهەشت دا دەبینم، چونكە شوانی و گاوانی پیشەی پێغەمبەرانە. خۆ من خۆیشم ئەم پاروە نانەم بەشوانی و گاوانی وەچنگ هێناوە.جا مامەگیان ئێوە چوارسەر خێزانن ئێمەیش هەر چوار كەسین، مامە گیان دڵنیابە خواردن و خەوو خۆراك و پۆشین و نوشینمان، ئەرك و كار و كردەوەشمان هەر وەك یەك دەبێ، خۆم و ئە و ئافرەتانە چۆن ژیوار دەكەین، دەقاو دەق، بێ تۆفیر وەك یەك مل لە كار و باری خۆمان دەنێین. پێم ناخۆشە بە ڕەوای نازانم ئەم منداڵە پاك و خاوێنانە كە دەڵێی تۆپی گوڵن، بیانبەی دەرخواردی مێشوولە و وڕە و گڕەی گەرمای شارەزووریان بدەی. ئەوەتانێ ئەو هۆدەیە هەرچەندە ناوی ژێرخانە و درگای لە دەرەوەیە، بەڵام سواخێكی دەدەم و درگا كەیتان بۆ دەكەمە ناو حەوشەكەوە، زۆر خۆشە خوانەی برێ دەڵێی قەسری بەهەشتە. هەر ئەمڕۆ دەڵێم ژنەكان دەستێكی پێدا بێنن، سواخێكی بدەن و ئاوو گڵێكی بكێشن و درگای دەرەوەی هەڵچنن و درگای ناو حەوشوكەی بكەنەوە، تا

بۆخۆمان پێکەوە بژین. مامە گیان نە خەلە بکڕە و نە زمهاڕ بهارە و نە باراش لێکە، نە جلك و پێلاو بۆ منداڵەکانت بکڕە . تێگەیشتی چاوەکەم؟.

_ مام کەریم چووە ناو قووڵایی بەحری بیر کردنەوە، زۆری هێناو بردی، لە دەروونەوە ئاوا لێکی دایەوە.؟

_ئەگەر ببمە شوانی گوندێك؟ ئەشیای ماڵم پێویستە. لە گوندێکی پەنجا ماڵیدا ئەگەر سەلمەش نەکەمە دواشوانی خۆم، دیارە نانی شوانی بەشی سێ سەر خێزان و شوان و دواشوان و سەگەکەی ناکات.؟ ئینجا کچێکی تازە پێگەیشتووی شیك و شیرین وەك سارایش بە تاقی تنیا لە گەڵ تفلێك لە ناو ماڵێکی ڕەق و تەقدا، هەر لە بەیانی تا ئێوارە خۆم بیمەوە، مەگەر هەر خوا بزانێ چیها... ڕوو دەدا.؟ باشتر وایە بۆ ماوەی چەن ساڵێك تا کوڕەکەم بڕێك کزر دەبێت لە پەنای ئەم کابرایەدا دانیشم. پاش بێدەنگیەکی بەرچاو دێتە زمان و دەڵێ:

_ مامە حاجی گیان مۆجیاریەکانت زۆر ڕێك و پێك و دڵسۆزانەیە.

سەرەنجام مام کەریم گۆچانی لێ دەکاتە مەچەك و سەلمە وەدووی خۆی دەخات و دەبنە شوانی بێ شەرت و شرووتی مام حاجی. بە خۆ یوو خاوو خێزانیەوە دەبنە نۆکەری بێ خەڵات و بەرات.

ئێستا سارا، هەموو هیواو ئومێدێکی حەمە چکۆلی برایەتی و چاوەڕوانی هاتنی ئەحمەدی خۆشەویستیەتی. ڕەزیە و غەزنە، هێندە سارایان خۆشدەوێ، بە بست لێی دوور نا کەونەوە. پوورە مروەتی وجاخ کوێریش، حەمەچکۆل و سارای وەك ڕۆڵەی پەروەردە کراوی دەست و داوێنی خۆی خۆش دەوێن. ڕواڵەتی فریشتە ئاسای سارایش، (هەوێساری) مروەت و ڕەزیە و غەزنەی گۆڕایە شکڵی دایك و فرزەندا یەتیەکی ئەوتۆ، کەسێك ناشارەزابا پێی وابوو پوورە مروەت خاوەنی سێ کچ و کوڕێکە.

ئێستا سارا ڕۆژ بە قامك دەژمێری شەوو ڕۆژ و لەیل و نەهار چاوەڕوانی هاتنی ئەحمەدی خۆشەویستیەتی پەیدابێت. سەردەمێکی سەیرە، ژیانێکی بێ قرەو قەشە لە ماڵی حاجی عەلی دا شکڵی گرتوە. هەر سێ ژنەکانی حاجی بەتایبەت پوورە مروەت، لەوە دڵنیان کە حاجی ئیتر ناتوانێ سووکە مارەیەك بخاتە سەر سارایش وەك ئەوان ئەسیری بکا. هەر وەها دەزانن حاجی لە مێژە ئەوەندەی هەوەسی سێکسی لەو پەڕی کوێری و کزی دایە، ئەوەندەش هەواو هەوەسی سەرمایە و ماڵداری لە گەشە دایە، بەهیچێك تێر ناخوات و نایش توانی بیکاتە چوار ژن مەگەر یەکێکیان تەڵاق دات. خۆ پوورە مروەتیش، تەمەنی تێپەڕیوە و دژایەتی هەوێساری لەسەریا نەماوە.لەمێژە ڕقەبەری شەوجێکە لە نێوانیاندا نەماوە. هیچکامیان پێیان خۆشنیە شەو لە پەنای ئەو پیرە پیاوەدا بنون، تا بە هۆی سیخەی سەر سینگ و بۆنی سیغاری ناو زاری کەل و کۆم و کەلپە تێدا نەماویدا، خەو لە خۆیان حەرام کەن. زۆرجار بە نهێنی سێ قۆڵی پێکەوە دەردە دڵ دەکەن، سێ بەسێ پێکەوە مەرگی حاجی بە ئاوات دەخوازن، چونکە ڕزگاری و ئازادی خۆیان پاش مەرگی حاجی دەبینن و بەس؟ هەرکات ڕەزیە وەك دایك و فرزەند لە کاتی دەسنوێژ گرتن، کە ئاو بەدەس پوورە مروەت دا دەکات، پوورە مروەتیش دەس بە دەسنوێژ و ڕوو لە قیبلە لە سەر بەرماڵەوە لەقووڵایی دلەوە دەپاڕێتەوە دەڵێ:

_ ڕۆڵەکانم لە خوای خۆمم دەوێ زوو بە زوو ڕزگاربین.. ڕەزیەش لە جوابدا دەڵێ:

_ دەك منت مرم، پووری گیان، وا قەت کۆڕپە کوڕێکت بە باوەشی خۆتەوە نەدیوە.

(بەڵێ یاسای ئیسلام و فەرهەنگی کوردەواری بوونەتە کۆت و زنجیری دەست و پێیان، وای بەستوونەتەوە، هەرسێ (هەوێ)کە چاوەڕوانی مەرگی حاجی و میراتی ماڵ و سامانەکەی بن، تا هەرکەسەی بەشی خۆی بەرێت و بڕواتە پەی ئاوات و ئارەزووی خۆی). * * *

حاجی لە پەنای مۆڵە ڕانەکەیدا ماینەکەی بەستۆتەوە، چاوە ڕوانی هاتنی ڕانەکەی دەکات، کە بێنەوە سەر ئاوگە و مۆڵگەی نیوەڕۆ. دەستی ناوەتە ژێر چناکەی چۆتە ناو خەیاڵێکی زۆر خۆشەوە خۆی بە خۆی دەڵێ:

_ بە خوا ئیمساڵ تاکە فلسێك بە کرێکار نادەم ، خۆ کاری مەشکە و مەڵان کەم دەبێتەوە، هەرسێکیان بە کەمتر لە مانگێ دەتوانن وەرزی ساڵێك گەڵاجارم بۆ ببڕن، ئیتر بۆ پارە بە کرێکار بدەم، بەخوا باش بوو لە دەست بڕێك هەتیو و مەتیوی نارەسەن و داوێن پیس ڕزگارم بوو، جاران نەم دەتوانی و نەمدەوێرا ژنەکانم لە چاو غافڵ کەم، لەوساوە، سارا پای ناوەتە ناو ئەم ماڵەوە ڕەزیە بەجارێ خەم و خەفەت و پەژارەی لێتۆراوە ، خۆیشم دەتوانم بە خەیاڵێکی ڕەحەتەوە بنوم، ئێستا ئیتر کرێکار و شوان و گاوان، تەماح ناکەنە نامووسە کانم. جاران ئەگەر سەفەرێکی یەکشەوەم بکردبا، لەترسی نۆکەر و کرێکار و شوان و گاوان، کە نەکا، خویان بخزیننە باخەڵ ڕەزیە و غەزنەوە، شەو تا بەیانی خەو نە دەچووە چاوەکانمەوە، ئێستاکە سارا بۆتە فریشتەی ناو ماڵم، خۆ مام کەریمیش پشتکۆڵی دەرگا و دەروازەکەمە. خۆ لە ساراش دڵنیام، ئەم دنیایە پڕ بێت لە هەتیو و مەتیو و (کوڕە شێخ و فەقێ و سوختە)ی ناو مزگەوتەکان، چڵمی خۆی بە کەسیان ناسرێ. ئەوسا زستانان ڕۆژانی بەفر و

بۆران نەمدەویرا ڕەزیە یان غەزنە بەتەنیا لەگەڵ نۆکەرە کانمدا بۆ کۆڵە گەڵا بنیرم. ئێسا شوکور سێ کەسن، سارا شێرە ژنێکە وەك پیاو حیسێبی بۆ دەکریٚ لمبۆزی بەراز دەتۆزێنێتەوە؟ بەخوا واباشە بەیانی بچم بۆ پێنجوێن، سەر و دەست جلی جوان بۆ گشتیان بێنم، بەڵام هی مرووت ڕەنگەکەی کاملانە بێت. کەواو پاتۆڵ بۆخۆم و مام کەریم، کوڵەنجە و پاتۆڵی کورانە بۆ سەلمە، جلی جوانیش بۆ حەمەچکۆلە، خۆ ئەویش بەپێی توانای کاری پیٚ دەکەم. ***

ئیستا ساڵێکی ڕەبەقە مام کەریم بە خۆی و خاوو خێزانیەوە (بەنانەلەم) دەترۆقێتەوە، نەك تەنیا سارا و سەلمە، بەڵکو حەمە چکۆلیش کێشراوەتە ژێر کار و فرمانەوە.

تا ئێستا سارا مانگ و ڕۆژی حیسێب دەکرد، بەلام ئێستا بە سەعات و دەقیقە و سانیەش چاوەڕوانە. هەرکات کاروانچی و کۆچ و کۆچبارێك لە شلێرەوە بەرەو شارەزوور بەبەر گوندی نزارە دا تێپەڕ دەبیٚ، سارا هەرچاوێکی بۆ دەکاتە دووان ، کاروانی و ڕێبوارانی پیٚ دەداتە بەر سەرنجی وردی، بەو هیوایەی خۆشەویستەکەی تێدا وەدیکات. ڕەزیەی شەریکی ڕاز و نیازی دڵخۆشی دەداتەوە دەڵیٚ:

_ بەس خۆت خەفەتکوژ کە: سەبر و تاقەتت هەبیٚ ئیشالاّ بە مرادت دەگەی. سارا دەڵیٚ:

(تاکەی بمێنیٚ تاقەتی دووری *مەگەر خوداوەند بدات سەبووری) خوشکە ڕەزیە گیان.هەرچەند وشەی (مەگەر مەرگێك) کەلەزمانی شیرینی ئەحمەدم بیستوە، دەکەوێتە یادم، ئۆقرە و ئارامم لیٚ هەڵدەگیریٚ. بەخۆم نیە یاخوا زمانم لاڵ بیٚ و کوێربم، بەلام خەبەری مەرگی ئەحمەد نەژنەوم. بە خۆم نیە وشەی مەگەر (مەرگ) کە لە زمانی شیرینی ئەحمەی خۆشەویستمەوە بیستوومە هەمیشە و دایم، شە وو ڕۆژ و لەیل و نەهار لە هۆش و ئەندێشەم دا دوویات و دەپات دەبێتەوە. ڕەزیە دەستەملانی دەبێت و دەڵیٚ:

_ بە قوربانت بم خەم مە خۆ دڵنیابە ئەم وەرزەش نەییٚ وەرزی پایزی داهاتوو دێت.

خوشکە ڕەزیە گیان،هیوادارم دڵخۆشی دانەوەکەت نەبێتە دڵخۆشی دانەوەی نەخۆشیار. خۆیشم دڵنیام خۆشەویستی من درۆم لەگەڵ ناکات، ئەحمەد ئەحمەد نیە یۆسفی میسرە. ئای لەدڵم وای.

ڕەزیە بە گریانەوە دەڵیٚ:

_ سارا گیان تیتۆڵێك لە لەشی من دادرە؟ لە جیٚی من بوایەی چیت دە کرد.؟

سارا لەو حاڵەتەدا جگە لە سکووت و ئەشك هەڵ وەراندن و دەستەملان بوونی ڕەزیە ڕێگەی سەبووری شك نەدەبرد. * * *

ساڵێکی ڕەبەقە ئەحمەد سەودای سەفەر و وەفاداری بەبەڵێنێك کە بە سارای داوە، وەها میشك هۆشی جەنجاڵ کردوەن ئێستاکە پێی وایە، دوولایی وەرزی پایزە و بەهاری ئارەزووی نزیك بۆتەوە بۆیە ڕوو دەکاتە دایکی و دەڵیٚ:

– دایەگیان ئەم پایزە شەرتم هەڵیٚ ئیتر نابمەوە شوانی زستانی، بۆخۆم دەچمە گەرمێن تا بەهار نایەمەوە، جا بەهار دێمەوە دەبمەوە شوانی هاوینە.

– ناوەڵا کورم مە چۆ.

_ دایە گیان ئەگەر نەچم وەك ساڵانی ڕابوردوو دەبیٚ بەبیٚ شەرتی شوانی تەنیا بە نانەکەی ببمە شوانی زستان، هەر نانەکەیەو نانەکە، ئەگەر تەغاریٚ گەنمت بۆ بهاڕم بەشی ساڵێکت دەکات.خۆ بەخوا ناوێرم دووسەر بزنت بۆ بکرم، دەمکێشنە ژیر بێگاری و دەمبەستنە مل کەر و تێر و کورتانی دەوڵەمەندە کانەوە؟ دەبیٚ مانگێکی ڕەبەق باج، خەراج، زەکات و پیتاکی گوندی سونەتە بۆماڵی ئاغاکانی قەڵەندەر، بگوێزمەوە. دایە گیان بۆ مەگەر نابینی و ناژنەوی، ئەو ماڵە ڕەشاییە قوڕ بەسەرانە، بیٚ ئەوەی بستە عەرزێك یان جێگەی بارە گیایەك گیاجاڕیان هەبێت، تا دوو باوش کرو کاشی تێدا بکەن، خۆ ئەو هەژارانە هەتتا بارەگزرە و کاو وێنجە لە گوندەکانی ئینچکە، قەرەول، چاپان و حانەمیران بە سواڵ و سەدەقە و کرین دێنن، کەچی ئەو هەمووە بێگاری و لنگدان و پادەویەیان پیٚ دەکەن، ئاخر بۆ لە پای چی دەبی وەك جووتبەندەکان بێگار بکەم مەگەر عەرز و ئاوم بەدەستەوەیە، یان ئاوەنیام لەدەشتی ئەستێرە گەورەی (میانتەوەنان و دەشتی شمڵی) شین دەکاتەوە. ئاخر لە پای چی؟

_ کورم ئەحمەدگیان بۆخۆت چۆنت پیٚ باشە وابکە، خوا دەست بە عومرتەوە بگریٚ شێخانی شەمزین ئاگادارت بن.

ئەحمەد دوو تەغار گەنم دەکاتە ئارد بۆ دایکی. بۆ یەکەمینجار وەك پیاوی ماڵ دەچێتە شاری سەقز گشت پێویستی ژیانی دایکی کە بریتین لە تەنەکەیەك نەوت، برێك خویٚ، دوو مەن قەن، دوو گەروانکە چایی و. . .لە ساڵان باشتر بۆی جیٚ بەجی دەکات و دەڵیٚ:

_ دایە گیان من قەت سەر بۆ قوڵە کوێخا و گزیری دووزمان و چاو چنۆك و کاسە لێسی گوندی سونەتە

دا نا نەوێنم. تا بەکەیفی خۆیان بمدەنە لۆی کەر و کورتانی ماڵە دەوڵەمەندەکاندا بێگارم پیٚ بکەن. من گەرەکمە بکەومە سەر ئەو ڕێگایەی مام کەریم بۆی دیاری کردووم، ئەم زستانە دەچم بۆ گەرمێن تا هەوا گەرم دەکا، دڵنیابە خۆم دەرخواردی مێشوولەو گڕەی گەرمای شارەزوور نادەم بەهار زوو دەگەڕێمەوە فریای شوانی بەهار و هاوینی ئێرە دە کەومەوە.

ئێستا ئەحمەد کە لە شار گەڕاوەتەوە و هەر ئێوارە خۆی بۆ سەفەری گەرمێن ئامادە کردوە، لەبەر وتوو ویرەی سەفەری نادیار و نابەڵەد، خەو ناچێتە چاوی، تاوێ نا تاوی بەسپایی سەرێك دەکێشێتە دەرەوە چاوە ڕوانی ئەستێرەی سەحەرە.

تازە قەرانتووی گەنەمووی لاجانگیە کانی بەحاڵێك و دووبەڵا سەریان هەڵداوە سمێڵی بۆر بووە خەریکە بدەنە چاو. میزەرێکی چیتی تەخت وەنەوشی گوڵوردی بەدڵ و بە هەروەنز هەڵبەستراوی شۆخە کچانی بێریەوان، نوشتەیەکی چوارگۆشەی لە مەخمەری سەوز لە بەرگ گیراو، بە پۆپەی کڵاوە کەیدا دا دووراو، جووتی کەوشی ژێر لاستیکی سەرچەرم لە پێدا، دەستێك ڕانکو چۆخەی مەرەزی ئەستووری، سپاتی دەسرێسی دایکی خۆی لەبەردا.پشتێنێکی ساتینی سادە و کراسێکی خامی لە خوم دراوی، دەس درووی دایکی لە بەردا. گۆچانێکی قەف هەراوی ڕاست و بێگرێ کە دەڵێی لەگەرووی مار ڕاکێشراو لە پەنای سەرینەکەی دانراوە. دایکی هەر ئێوارە دەستەوارێك نان و پێنج شەش هێلکەی کولیو و تۆزقاڵێ خوێ و قەند و چاو کتری و کەل و پەلی پێویستی سەفەری بۆ پێچاوەتەوە.

بۆ ئاخرین جار هاتە دەرەوە تابزانێ شەوگار چ وەختە. ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگدار لەسەر لووتکەی کێوی هاجی سەیی و حەنای کیوی بەناوبانگی (ئیمام) هەڵهاتوە. دەڵێی تازە ئەویندارێکە لە پێوارەوە لەگەڵ دڵدارەکەیدا چاوبرکێ دەکا.

سەرەنجام گۆشەی پلاسەکە لەسەر دایکی هەڵدەداتەوە و دەڵێ:

_ دایە گیان بە قوربانی چاوەکانتبم ئەوا ئیتر من دەڕۆم، دۆعای خێرم بۆبکە و لەزمانی منەوە ماڵاواییم لە ڕەفێقەکانم بۆ بکە، پێمخۆشنیە خەڵگی ئاوایی پێم بزانن، نەوەك روو گیریانبم پەکی سەفەرەکەم بکەوێ،

پوورامین هەڵدەستێ و دەست لە ملانی ڕۆڵەکەی دەبێ و دەڵێ:

_ دەك ڕۆڵە بەخوا و پێغەمبەران و پیرانی تەریقەتت دەسپێرم.

ئەحمەد دەست دەکاتە ئەستۆی دایکی بە تامەزرۆییەوە کوڵمە چرچ و چرووکەکەی کە لەژێر پر چە سپی وئاڵۆزە کەیدا پەخش و پەرێشان بوو تێرتێر هەڵدەمژێ و دەڵێ:

دایەگیان تۆ دەبێ ئەم ڕۆڵەی خۆتت باش ناسیبێت، دڵنیابە من لە هەر کوێبم بۆمن هەر وەك سونەتەیە. لەوێیش هەر وەك ئێرە ڕەفتار دەکەم و ڕەفتارم لەگەڵ دەکرێ. دیسانەوە ماڵاوایی لە دایکی دەکا و لەماڵ وەدەر دەکەوێ.

بەڕێگەی بەرابەر گوند و بە پەنای (شەخسەکەی پیربەشیر) دا، لابەلا بەرەو دۆڵی دەرە کوردان ملی ڕێ دەکرێ. کە دەگاتە سەر کانی و گوێزەکان تازە دەزانێ هێشتا هەر شەوە، بەهەڵە ئەستێرەی کاروان کوژەی بە ئەستێرەی سەحەر زانیوە. خێرا ئاورێکی بۆ دەکاتەوە کتریە ڕەشی لێ لەسەر دەنێ.

ئەحمەد شارەزای کون و کەلێن و هەرد و بەردی دەرەکوردان و دەورو بەریەتی.ساڵەهایە شوانە مەڕی شەو بە کیوە. جندۆکە و شەوە و مێردەزمەی لا تورەهاتە. بەڵام بیستوویەتی و زانیویەتی پارەکە، گەلە گەماڵەکانی ماڵی ئاغە ڕەزاخانی کەلۆر لە نێوان گوندەکانی شێخەڵە و ڕۆستەمان دا ، حەسەنی برای (حەماڵی)یان لەت و پەت کردوە. تۆزێ وەهم دەیگرێ پاڵ بە بەردێکەوە دەدات روو دەکاتە ئاورەکە. مووچڕکەیەك بە لەشیادێت، بۆ چرکەیەك چاو لێك دەنێ. تەرمی شیتاڵ شیتاڵ کراوی خۆی لە بەردەم دایکی دا دەبینێ، دایکشی پرچە سپیەکەی چەپك چەپك بەسەریا هەڵدەرنێ و دەیلاوێنێتەوە. وەك لە خەوی غەفڵەت ڕایان پەڕاندبێ، دەستێك بە چاوەکانی دا دێنێ، بەشێوەی هەمیشەیی شوانانە بە گۆچانەکەی، کۆڵنجی پشت و ناوشانی قرم قرم دەشکێنێ. بڕێك دێتەوە بەخۆیدا، خۆی بەخۆی دەڵێ:

_ خۆ شێت نەبوم لە ڕۆستەمانەوە بڕۆم، بەخوا شتێکم بەسەر بێت دایکم خۆی دەکوژێ. دەچمە گوندی شێخەڵە، گوێیەکی بۆ بەئاوا ئەدەم، ڕێگە و بانەکەی بۆ تاقی دەکەمەوە، ڕێگەی دوور و لەشی سلامەت، ئەمە پەندی پێشینیانە فەرموویانە، دوور برۆ و دوروست وەرەوە.

کە شەبەق هەڵیکرد کتریەکەی هەڵچۆڕاند و تۆشەبەرەکەی بەستە پشت و گاڵۆکی گورگ تۆپێنی گرت بە دەستەوە بە دۆڵی شێخەڵتاریك دا بەرەو گوندی شێخەڵە شۆڕ بۆوە.

با چاوەڕوانی پاشماوەی بین.

## خوێنەرانی خۆشەویست

**خوازیارانی خوێندنەوەی ڕۆمانی سارا**
**چ وەك ئامانەت و چ وەك کڕین بەم ژمارە**
**تەلەفۆنانەوە پێوەندیمان پێوە بگرن .**

073 714 10 55 **یان** 031 330 20 30

**هەموو دەرامەدی ئەم گۆڤارە و بەرهەمی**
**مێشك و قەڵەمەکەم بۆ یانەی سارایە**
**بە سوپاسەوە عەلی کیتابی**

..........................................................

## سۆزێك بۆ دایكم

دایەی خۆشەویستم لێم ببووره،
کاتێ بەجێم هێشتی
نا ئاگایی و بێ هەستی!
دوای ئاواتە بە ساڵاچووە کەی خۆم کەوتم
وام دەزانی دیدارتم،
لێ ون نابێ
وام دەزانی دەنگی ڕۆڵەت،
لە گوێ کانم نامۆ نابێ
وام دەزانی هەر وەك جاران
بە وتە شیرینەکانت
بە ئاگا دێم
ڕۆڵە هەستە زۆر درەنگە دنیاڕوونە!
پەڕندە هەمووی ڕۆشتوە!
وەختی کارە!
کەس بەم کاتە نە نوستووە.
کوری شیرینم زوو ڕابێ
تا سەر زەمەن بۆت وانابێ
ڕۆژێك دادێت بە هۆشیاریت
بیرم بکەیت! جا ئەزانی خەم خۆرت بووم
لە هەموو کەسیك زیاتر دڵسۆزت بووم

وەڵامی من بۆدایکم:
دایە گیان وشەکانت هەموو ڕاست بوون
وەك مۆسیقایەکی خەیاڵاوی بوون و
هێورهێور هاتن و لە دەروازەی داخراویان دام
وشەکانت بوون بە یەك مۆم
لە ژووره تاریکەکەم دا هەڵکران
وشەکانت دێرێکی نە ناسراو بوون
لە ناکاو هاتن و
لە ناو شیعرەکانمدا خۆیان نەخشاند،
وشەکانت زریانێك بوون



**بەختیار پێنجوێنی و دایکی**

شەپۆلی بە زۆر خەیاڵی
لە دایك نەبووی سەرم ئەدا
وشەکانت بەبێچرپە یەکیان گرت و
بوون بە پەخشان
بوون بە شیعر
بوون بە ڕۆمان
جارێکی تر دایان لە شەقەی باڵ و
ئاشنا بوون بە خەونەکان
لە سەر ڕێ بوون
چون وا دیار بوو
سەفەر بکەن بەرەو کوێستان
روو بە وڵات
بەرەو دوا حەزوو ئاوات
بۆ دواجار پیشتیان لێ کردم
هەموو دڵسۆز و بە وەفا
ئەوان ڕۆشتن لە چاو ون بوون
منیش مامەوە بە تەنها...

نووسینی بەختیار پێنجوێنی1999

# فەوزیە لە نێوان من و مێژوودا



حسێن دەربەندیخانی

## 1

هێشتا شیعرم
لە زیندانا نە گیرا بوو
هێشتا زیندان
وەکوو ئێستا لە چوار دیواری شیعرما
نە تەنرابوو
هیشتا شیعرم لە قەبرستانی مێژوو دا
بۆ پەساپۆرتی بوونی تۆ
ورد، ورد، ورد، ورد
نە گەڕا بوو
هێشتا کاڵای یەکجار تەسکی دوێنێی شیعرم
وەکو ئەمڕۆ
بۆ باڵای کیژانی (ئیڤین)2 نە بڕا بوو
تۆ ئەو دەمە ...
خوشکم، هاوڕێم، هاو مەینەتم
لە شیعرما ئاڵای حەز بوویت
هەڵم ئەکرد
لە گیانما باخ و ڕەز بوویت
بەرت ئەگرت
تۆ سێبەر بوویت ... لە پەناتا
هیلاکی خۆم دەر ئەکرد
تۆ شەو بوویت و لە باوەشتا تێر ئە خەوتم
بۆ بەیانیش
خۆری پیاوەتیم دەر ئە کەوت
کۆیلە بوویت و
بۆ لێدان و چەوسانەوەت نە ئەسرەوتم
من کۆت بووم و دەکرامە پێت
زنجیر بووم و دە ئاڵام لێت
تۆ دەهاتی کلیلی هەنگاونانت
لێ وەر دەگرتم

## 2

زۆر نزیکە ...
بە بیری مێژوو دوور نیە
زۆر نزیکە ...
کاتی هێلکەیان خستەژێر
مریشکە پیرە کرکەوتووەکەی موڵکایەتی
من بووم بە قەڵا
ئافرەتیش بوو بە کاڵا
من بووم بە تەڵا
ئافرەتیش بوو بە بەڵا
زۆر نزیکە ...
لەبیرمە کاتێ شەهوەت
سواری سەر و بیرم ئەبوو
هەرچی ئافرەتی دنیایە
ئەبوونە چیمەنێکی سەوز
سمکۆڵانی هەوەس و شادیم تیا ئەکرد
کە کەف و کوڵی هەوەسم ئەنیشتەوە
کە تێر ئەبووم ...
بە درێژ ترین گوریسی داب و نەریت
ئەمبەستنەوە
زۆر نزیکە ...
بە بیری دایکم دوور نیە
زۆر نزیکە ...
مێژووی دەموو چاوی دایکم
لەسەر پێستی پێڵاوەکانی باوکما
هەڵکەنرابوو
پێڵاوەکانی باوکیشم
لەسەر دەموو چاوی دایکم
هەڵواسرابوو
مێژووی دایکم مێژووی بوونی
پێڵاوێك بوو
ژینی دایکم ... خانووی قوڕی داڕووخاوی
پێش تەوژمی لافاوێك بوو
زۆر نزیکە
لە بیرمە خۆم و باوکم
لە سەر ڕووباری هەوەسا
سەر خۆش بووین و
ئافرەت مەزەی بادەمان بوو

**3**

**بەڵام ئیستا**
**خوشکم، هاوڕێم، هاو مەینەتم**
**نیگام پەیوەستی پەنجەرەی ژوورەکەتە**
**ئەبینم وا ...**
**دابی پوچەڵی بورژوا**
**بیری دوێنێی خۆم و باوکم**
**کە تۆی ئەکرد بە زەعیفە**
**لە بەردەم کێوی ورەتا**
**چۆن لەت لەتە؟!**
**لە ئێستاوە ... لەمەولاوە**
**خۆمم وەك پیاو ... وەك خاوەنت**
**لا نەفرەتە؟!**
**بەڵام ئیستا ...**
**خوشکم، هاوڕێم، هاومەینەتم**
**ئەبینم وا هەموو ڕۆژێ**
**کێبڵ وەك گورگێکی ڕەشی،**
**تینوو بۆ خوێن**
**دەمی لە ناو برینتە**
**ئەگەر داریك لە سەر من بێت**
**دە لە سەرتە**
**ئەگەر ئازار شەو نا شەوێ سەرم لێبات**
**ئەو میراتی هەمیشەیی ژوورەکەتە**
**ئەبینم وا ...**
**ئەوەی لەشت ئاشنایەتی**
**قامچی و کارەباو ئاگرە**
**ئەوەی بیرت پێی نامۆیە**
**ئازار و گریان و پەتە**
**بەڵام ئێستا ...**
**ئەبینم وا ... لەشی سپیت**
**دەریایەکە!**
**گەماڵەکانی بەعس**
**هەمووساتێ**
**سەوڵی ئازار و ئەشکەنجەی**
**تیا لێ ئەدەن**
**ئەیانەوێ بگەنە کەناری بەزین**
**ئەیانەوێ بپەڕنەوە**
**ئەیانەوێ سیمفۆنیایەك،**
**بۆ گرتنی بیرت لێدەن.**

**4**

**ئەی فەوزیە**
**ئەو قامچیە ڕەشەی کەوا،**
**سوور بوو لە خوێنی لاشەتا**
**بۆی باس کردم**
**چۆن نهێنی بشارمەوە؟!**
**ئەو چەقۆیەی کە هیلاك بوو**
**لە خنکاندنی تاسەتا**
**فیری کردم ..**
**چۆن لە شەوە زەنگی ڕەشا**
**دەنگ و ڕەنگی بورژوازی**
**بناسمەوە؟!**
**ئەو کێبڵەی کە نەیتوانی**
**زامی لەشت**
**بکاتە پەیژە و بەردەباز**
**تا سەرکەوێ بۆ تەلار و،**
**کۆشکی بیرت**
**لە نامەیەکدا بۆی نووسیم**
**ئەو ئاسمانەی ...**
**پیاو باڵی ژینی تیا لێدا**
**گەر ڕێی بدرایە ئافرەتیش**
**تیایا لە شەقەی باڵ بدا**
**ئێستا یەك فڕینیان هەبوو**
**ئێستا یەك ئاواز و نەغمەی،**
**ژینیان ئەبوو.**
**کەچی هاوڕێم ... هاو مەینەتم**
**ئەوەی لەشت ئاشنایەتی**
**قامچی و کارەباو ئاگرە**
**ئەوەی بیرت پێی نامۆیە**
**ئازار و گریان و پەتە**
**دە گوێ بگرە ... دەگوێ بگرە**
**ئەی مێژووی پڕ درۆ و ستەمی سەرمایە**
**من پیاوم و ئەو ئافرەتە!!**
**حسێن حاجی عەلی** 1987

# منالێکی چالاك

منالێکی چالاکم    خەریکی کاری چاکم
قوتابی قونابخانەم    هەم هەنگوینی ناوشانەم

دەموو چاوم جوان ئەشۆم    نانی بەیانی ئە خۆم
جانتا ئەبەم لەگەڵ خۆم    لەگەڵ هاورێکەم ئەرۆم

ئەچینە قوتابخانە    دەرس ئەخوێنین لەویانە
گوێ رایەڵین مەردانە    زیرەکی تێکۆشانە

خۆشی ئەبارێ لێمان    خنجیلانە و بێ تاوان
ئێمەین پەری نێو ئاسمان    کۆمەڵێکین بەویژدان

هەوڵ ئەدەم لەگەڵ وانەم    تامەزرۆی قوتابخانەم
گورج و گۆڵ و شێرانەم    گشت رۆژی هەر لێرانەم

پیشەی قوتابی جیایە    قسەی زۆر جوانم لایە
مامۆستایە وەك دایە    رێزیان لەناو ناخمایە

ئەقڵی بابە پڕ رێیە    وەکو ئەوم هەر لێ یە
بیری زانستم پێ یە    من ئەی نوێنم لەم رێیە

چ نێر بین یا خود مێ بین    وەچە و منالی کی بین
رەوشت بەرزو بەجێ بین    لە کاتی خۆی لەوێ بین

بۆ تێکۆشان ئەوا دێن    خۆم ئەزانم نەوەی کێین
زۆر دلخۆش و چاوە رێین    بۆ ئازادی بەرەو رێین

نیشتمانمان ئاوا بێ    وەیان ئاشتی بەرپا بێ
ئێمەیش ئاسوودە ئەژین    هەموو ئەبین بە پەرژین.))

جەماڵ عەبلی عەبان
یۆتیبۆری سوید 5 /2002/10



**جەمال عەبلی عەبان**

# منالێکی دلپاك

منالێکی دل پاکین    گورج و گۆڵ و چالاکین
دایکم وە کوو بەگزادە    بە چەشنی پەری زادە
بە لایلایە ئەی دوانم    ئەیوت قەزات لە گیانم
هەر بابە فێری کردووم    بۆ دەشت و دەری بردووم
خوشك و برام پڕ هەستن    بۆیە لە لام مە بەستن
مامۆستا دەرسی داوم    بۆیە روونە بەر چاوم
پێنووسە داری دەستم    بۆیە روونە مەبەستم
پەرتووك شەوقی ناوئاوە    ئەیبینم بەم دوو چاوە
پەراوە پەرەی دڵە    پێکهاتەی گەلاو گوڵە
قوتابخانە چوون لانە    ماڵمانە وەك هێلانە
کۆمەڵ پشت و پەنامە    چیرۆك و شیعر و خامە
وەچەی دوا رۆژی ژیانم    خوێندە واری ئە زانم
گەر ئەمانە نە بووایە    دەمگوت ناگەم بە پایە)

# منالێکی پڕ هەست

منالێکی پڕ هەستم    پێنووسە داری دەستم
لە ناو گێتی وا باوە    چەشنی مۆم دا گیرساوە
ئەوە پشت و پەنامە    باوك و برامە خام
مامۆستا گیان ئە زانم    دۆستی گیانی بە گیانم
پەراو نەخشە و نەخشاوە    پەرتووکمان بەسەر چاوە
روونا کبیر و کەم بینا    چاویان لە وە بە تەنیا
پێنووس ئەنووسێ بۆمان    هەر ئەوە گەورەی جیهان
گۆچانە پاشای وەختە    دروستکراو لە تەختە
تەکنە لۆژیای ناو دنیا    رەگی پێنووس لە بنیا
خوێنکارم لام مەبەستە    ئەوەی وابێ پڕ هەستە)

سلێمانی جەمال عەبلی عەبان ساڵەکانی 1997 و 1998

# خاکە لێوە

نەورۆز دواڕۆژی عومری زستانە    جێژنی پیرۆزی گەلی کوردانە
نامێنی بەفر و سەرما و کرێوە    دێتە پێشەوە مانگ خاکەلێوە
بەفر و کلیلەی نەزار و قەدپاڵ    بە دەس شەماڵۆ دێتە ناڵە ناڵ
کەوی کۆچ کردووی ساڵی ڕابردوو
دەماخ دەستێنێ دەکەوێتە فیتوو
گەرمێن چۆڵ دەکا لەم یاڵ بۆ ئەویاڵ
کاتێن بە قوندە جارجاریش بەباڵ
لەترسی هەڵۆ و ڕاوچی بە تفەنگ
کەوی بەستەزمان خۆی ئەکا بێدەنگ
ڕێبوارە ماندوو ماتو زەبوونە    قاقبە خۆشە کەی حەبسی دەروونە
پاش تێپەڕ لەچەن داوو حەشاران
دەگاتە فرگەی بەرزی کۆ ساران
ئەمجار لە فرگەی بەرزۆ بەرەو چەم
جووتە دەگرن و دەخوێنن بێ خەم
ئاڵەکۆك لە خاك سەری دەر دێنێ
بەفر وەکو هەتیو فرمێسك ئەڕژێنێ
هاژەی شەتاوە دێتە دەر ڕێواس
کەژ و کێو گیای سەوز دەکاتە کراس
دنیا خەملیوە فەسلێکی خۆشە    لەلێو جۆباران دەشنێن وەنەوشە
بەپۆل و بەرێز کوڕ و کچی جوان
بۆ کارگ و مەندوك دەچن بۆ کوێستان
کوڕو کچانی ڕوومەت هەلاڵە    لەو هەردە چۆڵە دەیکەنە گاڵە
قیژەی قاژە ڕەش قرەی قشقەرە    باقەی کارژۆڵە هەم بارەی مەرە
لەقەدپاڵ هات ڕاویارانە    لەپێ دەشت هۆ هۆی حووتیارانە
گای ئازا پێڵ سوور گای حیز قون کەچەڵ
هۆرەی کوڕ ئازا نووکەی کوڕ تەمەڵ
نیسك و نۆك چێنراو چەکەرە کردوو
قرپاشانی زەرد عومری با بردوو
کاتی گوڵکردن مێژی وەردانە    مەرە سووری زاو لە بن بەردانە
دوای خاکە لێوە مانگی گوڵانە    کیتابی حێگات بەند و زیندانە

بەندیخانەی سنە ساڵی 1354/11/15

# بۆ خوشکێکی خۆشی نەدیو

تۆیش وەکو خاوەر خۆشیت نە دیوە
بۆرانی خەفەت لە ڕووت باریوە
بیستوومە خوێندنت درێژە پێ داوە
خوێندن دەرمانی دەرد و زوخاوە
خوشکم تۆ کیژی قەڕنی ئەتۆمی
کۆن و کۆن پەرست هەڵدە ناوچۆمی
پەڕتووك و وانەت بکەرە هاو دەم
بدرە سەر پۆشی خەفەت و ماتەم
لە ئامۆجیاریم گوێ بدێر گیانە
نەڵێی چێشتوومە زووخی زەمانە
تێ کۆشە تۆ بۆ ئەرکی سەرشانت
بۆ خزمەت گەل و هەم نیشتمانت
هاودەمت پەڕتووك لەگەڵ پێنووس بێ
ژێر کەوشەکانت پڕ چارەنووس بێ
نەکەی گوێ شل کەی بۆ بەخت و چارە
بۆ نوشتەو جادووی پەست و بیکارە
ئەوانە گشت وتەی نە خوێندە وارە
دڵی نە خوێندوو وەك شەوی تارە
بە خوێندن و بیر لەگەڵ تێکۆشان
مرۆڤ کەشفی کرد جەرگەی کا کێشان
ئەگەر بۆمێژوو ئاوڕ دەیتەوە    پەراوی مێژوو گشت هەڵدەیتەوە
دەزانی دەستەی پێتوول و پسپۆڕ
جەور و جەفایان ناوەتە ناو گۆڕ
ئەوسا گەیشتوون بە ئامانجی چاك
بۆ خزمەتی خەڵك خۆیان کرد هیلاك
گرۆی بێئەمەگ پەرپووتو پەستن    دایم خومارن و بێ بادە مەستن
دەبێ بکێشی جەوری ڕۆژگار    تا بنە و بارگەت بگاتە هەوار
کیتابی هیوای سەرکەوتنتە    هەوڵ و تەقەلا و نەسرەوتنتە

........................................................................

هەلو مەرجی جسمی و ڕۆحی شپرز و شەلو شکاوی مەجی خانی سوڵتان پەنا، هانی دام ئەم پارچە شیعرە، لە بەندیخانەوە بۆ کچە دایك مردوو بێواز و لانەوازەکەی بنووسم. ساڵی 1355ب س. ع.ك

# منی ورچ
# تۆی ڕێوی

محەمەد فەرێق حەسەن



## 1

ورچ کاتێ گەیشتە ئاستی ڕێوی ئیستێیکی کرد و وتی:

((ئەوە چیت لێقەوماوە کوڕی قۆز وابە واق واق ئەم چۆمەت پڕ کردوە!؟))

_ ڕێوی وتی: ((بێحاڵم.. نابینی چیم بە سەر هاتووە؟))

_ ورچ بەلاقرتێوە وتی: ((ئەی هاوار هەی .. بیستوومە بەرەی ڕێوی زیرەکن.. کەچی بە پێچەوانەوە تۆ بەئاسانی فریوت خواردووە.. بەداخەوە.!))

_ ڕێوی: لاقرتێت بە ئازاری خەڵك نەیەت. ڕۆژێیکە و ئەمڕێ فریام کەوە.))

_ ورچ : ((جا چۆن چۆنی فریات کەوم؟))

_ ڕێوی : (( تۆبەهێزی ئەم ئاسنە نەفرەتیە لێك بڕەوێنەوە با دەستەکانم لە تەڵکە بینەوە.))

_ ورچ: ئەوا ڕزگاریشم کردی خۆتۆ تازە بووی بە کەم ئەندام.!))

_ ڕێوی: (( دەستێکم شکاوە. ئەوی دیکەیان تەنیا کوتراوە و ئازاری پێگەیوە. ئەگەر هاریکاریم بکەی دوای ماوەیەك چاکدەبمەوە.))

_ ورچ: ((وا هاریکاریشم کردی. جارێکی دیکە دەبیەوە بەتەڵەوە.. سەیرە بەمرۆژگارە هەر ڕیویە و بەتەڵەوە دەبن!!))

( ڕێوی: (( نانا .. جارێکی دی من بێو بەتەڵەوە نابمەوە. هەموو شتێك فێربووم.فریامکەوە هەرگیز چاکەت فەرامۆش ناکەم!))

_ ورچ: (( بەڵام بیستوومە ئێوەی ڕێوی وەك خۆتان چاکەتان لێناوەشێتەوە، چاکەی خەڵکیشتان لەبەرچاو نیە.))

_ ڕێوی: (( دڵنیابە منیش چاکەم لەدەس دێ. ڕەنگە ڕۆژێ لەڕۆژان لە تەنگانەیەکدا بگەمە فریات.!!))

_ ورچ: (( باوەڕناکەم منی ورچ بەم هەمووە هێزەوە ڕۆژێ لەرۆژان کارم بکەوێتەتۆی ڕێوی.!))

_ ڕێوی: (( بەزەییەکت بەحاڵمدا بێ. هاکا خاوەن تەڵەکە گەیشت.. دەزانی چیم بەسەر دێتێ؟!))

_ ورچ: ((چاکدەزانم.. ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵەکەیەتی!))

## 2

_ ڕێوی: (( نۆکەرتم. ڕۆژێکە و ئەمرۆ. بەتەنیا جێم مەهێڵە.))

_ ورچ بە بێزاریەوە وتی: (( من نۆکەر ناگرم. بۆخۆم خزمەتی خۆم دەکەم.)) بە بۆڵەبۆڵ دوورکەوتەوە. ڕێویش بەدەم ترس و ئازارەوە دەی واقاند.. لەپڕ ورچ خاوی کردەوە . لەبەرخۆیەوە کەوتە مرتەمرت: ((ئەگەرچی هەرگیز کارم تێیناکەوێ بەڵام هەربگەڕێمەوە سەری چاکترە.))

ڕێوی لەنیوان ژیان و مەرگدابوو.. ورچ تەڵەکەی ڕەواندەوە و ڕیوی ئازاد بوو. بەدەم ئازارەوە دەیویست لەو چۆمە دوور کەوێتەوە. بەڵام نەیدەتوانی هەنگاو هەڵبێنێ.. ورچ کردیە کۆڵ.. بردی، هەربردی.. لەزارکی ئەشکەوتێکدا داینا و ماڵاوایی لێکرد. × × ×

_ ڕێوی دوای چەندمانگێك چاك بۆوە. لەو بەسەرهاتەشەوە ئەزموونێك فێربوو. جاروبار ورچەکەی دەبینی. بەگەرمی بەرە و پیری دەچوو. پێزانینی خۆی دەردەبڕی...هێشتا پایز بوو. بەفر دەشت و چیای داپۆشی.. ڕۆژێك ورچ بە هەناسەبڕکێ و پەشۆکاوی دای بەلای ڕێویدا.. هێندە شپرز بوو ئاوڕیشی لێ نەدایەوە .. ڕێوی سەری سوڕما. دوای کەوت و پێی وت:

((ئەوە بۆ ئاوا بە پرتاو ڕەتبووی؟.. هیچ قەوماوە؟!))

_ ورچ: (( هەر مەپرسە.. بەدوامەوەن!))

_ ڕێوی بەپەرۆشەوە وتی: (( کێن ئەوانەی وا بەدواتەوەن؟))

_ ورچ: (( تفەنگچین بەدوامەوەن!))

_ ڕێوی : ((هیچت لە دەس قەوماوە؟))

_ ورچ: (( نە .. بەرێکەوت بەلای گوندەکەیاندا ڕەت بووم. بەڵام ئەوان وا تێگەیشتوون گوایە من هەنگەڵانەکەیانم بریوە!))

ڕێوی بە دڵنیاییەوە وتی: (( هەرچۆنێ بێ من ئامادەم بۆ هاوکاریت!.))

_ ورچ: (( جاتۆ چیت لەدەس دێ؟.. ئەوان تفەنگیان پێیە.! دەتوانی پێشیان لێبگری؟))

_ ڕێوی: (( نا، ناتوانم . بەڵام هەموو کێشەیەکیش چاری هەیە.))

ورچ هەڵدەهات و ڕێوی بە دوایەوە.. ورچ بە هەناسەی سوارەوە وتی:

## 3

کێشەکە لەم بەفرەدایە کە دنیای سپی کردوە. بۆ هەرلایەك مل دەنێم دیارم.!))

_ ڕێوی: (( بە پێچەوانەوە.. تۆ سپیواشیت و بەفریش سپی. ئەگەر خۆت بدەیتە پەنا و خۆت نەجووڵێنی ئەوا بەئاسانی ون دەبیت.))

_ ورچ: (( ئەوان دوای شوێن پێکانم کەوتوون کە بەسەر بەفرەکەوە دیارن.!))

_ ڕێوی : ((تێگەیشتم، بێبەلابن، ئێوەی ورچ لەخێڵی پێ پانەکانن. لە دوور ڕا شوێن پێتان وەك نەخش دیارە!))

_ ورچ : (( بەسەربەفرەوە دەها خراپتر.. خۆباڵداریش نیم تا بفڕم!))

_ ڕێوی: (( هەرچۆنی بی، من دەتوانم یارمەتیت بدەم!))

_ ورچ: (( ئادەی بتبینم.. یەکێ لەفێڵەکانت بخە کار.!)

_ورچ بەردەوام هەڵدەهات و ڕێوی بەدوایەوە بوو. بەشوێنیاندا ژمارەیەك چەكدار. پووز بە پووزەوانە، دەس بەدەسكێش، لەچك كردوو، بەدوای شوێن پێكانی ورچدا دەهاتن.. بایەكی سارد بەسەر بەفرەكەدا دەیگیڤاند و بەرەو ڕوویان دەبۆوە.

_ ڕێوی وتی: (( بیرۆكەیەك بە خەیاڵمدا هاتووە. دەتۆ نەختێ لەسەرخۆبە. من وا خەریكم تەنگەنەفەس دەبم.))

_ ورچ كەمێ خاوی كردەوە، وتی: ((دەترسم بكەومە بەر مەودای تفەنگیان.))

_ ڕێوی: (( مەترسە دوورن. لەنێوان ئەم هەڵەت و گردانەدا ناكەویتە بەر سێرەی تفەنگیان.))

_ ورچ: (( درەنگە كەی فێڵەكەت دەخەیەكار؟))

_ ڕێوی : (( تۆ بێ نەخشەو پلان مل دەنێی!))

_ ورچ: (( ئەی نەخشەو پلانی تۆ چین؟))

_ ڕێوی: (( هەر ئێستا بەلای چەپدا بادەرەوە.))

ورچ بەلای چەپدا، بەنێو بەفردا داگەڕا.. بە پشووی سوارەوە وتی: ((ئەمجا چی بكەم؟))

_ ڕێوی: (( لەئاستی خۆتەوە ڕێك هەڵێ و قسان مەكە.))

_ ورچ: بۆچی قسان نەكەم؟. گوێیان لێدەبێ؟!))

_ ڕێوی: (( بە پێچەوانەوە. لەنێوان بەفردا دەنگ زۆر ناڕوات. بەڵام هەتا قسان زۆر بكەی زێتر ماندوو دەبی!)) ورچ غاری دەدا. خل دەبۆوە. خۆی دەگرتەوە. دیسان دەكەوتەوە غاردان. ڕێویش هەر بە دوایەوە بوو. كاتێكیان زانی گەیشتنە سەر ڕووبارێكی گەورە. ورچ لە كەناری ڕووبارە كە هەڵوێستەیەكی كرد و وتی: ((دەزانم. ترس گەلێ جاران ڕێ لە بیر كردنەوە دەگرێ.!)) ماوەیەك حەسانەوە.

ڕێوی هەڵیدایە: (( تفەنگچیەكان چونكە پیادەن لە ڕووبارەكە نادەن. ڕووبار بەفراوە. باكەیش بەسەریدا هەڵیكردوە. ئەگەر كاری وەهایان كرد ئەوا ڕەق دەبنەوە.. نزیكترین پردیش لێرە نیوسەعات ڕێ دەبێ. بۆیە هەر گەیشتیتە ئەوبەری ڕووبارەكە ئیتر لە خەم ڕەخسیوی.))

ورچ ترسی نەما تەواو ئارام بۆوە.. لەو دەمەدا ڕێوی بەدەم زەردەخەنەوە سەرنجێكی/ بەمانای ورچی دا، وەك بڵێ: ئەوەتا منیش دەتوانم لە تەنگانەدا فریای تۆ بكەوم.!

ورچ لە نیازی دڵی گەیشت. بەهەردوو چنگ تۆپەڵە بەفرێكی گەورەی كۆكردەوە. خڕی كرد و توندگوشی. دەیەویست بەدەم گاڵتە و مەزاقەوە بیسرەوێنێتە ڕێوی. بەڵام كاتێ هەڵسایە سەر پێیان تاكو تێیبگرێ. چاوی گێڕا.. ئەملا ڕێوی ، ئەولاڕێی كەسی بەدی نەكرد.. تەمەس حەوت زەمانە خۆی لە ورچەكە شاردۆتەوە.. بەدەوری خۆیدا سووڕا. تا هێزی تێدا بوو تۆپەڵەكەی هاویشت. ئەمجا شڵپ خۆی هەڵدایە ڕووبارەكەوە..

دانیمارك 2000/10/14

## پرسیار وەڵام

نووسینی فایەق پێنجوێنی پێشكەشە بە ئاوارەكانی كەركووك

قوتابی

ئامادەیە پرسیارم    بۆ مامۆستای ڕێزدارم
دەربارەی جوغرافیایە    كە كوردوستانی تیایە

مامۆستا

فەرموو بكە پرسیارت    دەربارەی خاكو شارت
ئاوو چەمو ڕووبارت    سامان و چیاو دارت

قوتابی

پرسیاری من ئە مەیە    كە كەركووك شاری كێیە
ئێمرۆ كێ جێ نشینە    دڵیان لە كورد بە قینە

مامۆستا

پرسیارت زۆر بەجێیە    منیش وەڵامم پێیە
ئەوشارە زۆری كوردە    بە پێی بۆچوونی وردە

قوتابی

ئەی كە شاری خۆمانە    بۆچی ئێرە جێمانە
سەر و ماڵمان نە ماوە    عەرەب لە جێی خراوە

مامۆستا

ئێمرۆ ڕاستی شێواوە    چەوتی لە جێی نراوە
خەڵكی ڕاگوێز كراوە    ماڵ و زەوی براوە

قوتابی

ئەیچۆن بەچەشنی جاران    دێتەوە ماڵی كوردان؟
بەخواست وئارەزوویخۆم    هەركوی بمەوێ بڕۆم

مامۆستا

هەركاتێك ماڤ گەلان    بە ڕاستی هاتە چەسپان
بەڵگەكان دێتەسەلمان    دەرفەتیش دێتە خولقان
ستەم ڕوو لە نەمانە    كەركووك شاری خۆمانە
ئەوكاتە ئێوەش هەموو    لەهەركوی بن زوو بەزوو
دەچنەوە بابە گوڕگوڕ    ژنوو پیاوو كچ و كوڕ
بەخۆشی وشادیو ژیان    لە گەڵ خەڵكیتر بران
هەموو ڕەنگی پێكەوە    سیمای دەگەشێتەوە

قوتابی

ببوورە ئەم پرسیارە    دەكەمەوە دوو بارە
ئایا تەنها ئەم شارە    بەم چەشنە برین دارە

مامۆستا

نە خێر قوتابی وریا    زۆر جێگەیتر لە گەڵیا
دووچارە و گرفتارە    داهاتووی نادیارە
سوپاس مامۆستای دڵسۆز    خاوەن وەڵامی پرسۆز
بە وشەی جوان و پیرۆو    هیوات خستە دڵی هۆز
سوپاس بۆخۆت قوتابی    زرنگ و چالاك دیاری
پرسیاری لەم جۆرانە    كێشەی ڕەوای خۆمانە.

# بۆچی زۆربەی قوتابیانی پەناهندە ویزگەی کۆتاییان قۆناغی ئامادەیی یان سەرەتاییە؟

**ئامادە کردنی: فایەق پێنجوێنی**

**بەشی دووهەم**

1 هەندێ دایك و باوك (لەناو ئەوانەش کورد) پێیان وایە، کە لە قوتابخانەی سوێدی _ بەتایبەت قۆناغی سەرەتایی، ئەرکی ماڵەوە بە پێی پێویست بە قوتابی نادرێ. ئایا ئەم بوچوونە چۆن دەنرخێنن؟

2 ئایا قوتابیانی پەناهەندە بەگشتی و کورد بەتایبەتی، توانای جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی قوتابخانەیان هەیە؟

3 بۆچی زۆربەی قوتابیانی پەناهندە وێزگەی کۆتاییان تەنها قۆناغی ئامادەیی یان سەرەتاییە؟

4 ئایا ئێوە لە پلان و چۆنیەتی شێوازی فێرکردن خۆتان بە سەر کەوتوو قایل دادەنێن؟

5 کێن زیاتر ئەو قوتابیانەی کە روو لە وڵاتی سوێد دەکەن و کاردانەوەی رووداوە ناخۆشەکانی وڵاتی خۆیان پێوە دیارە؟

6 رۆڵی دایکان و باوکان لە پەروەردە کردنی منداڵەکانیاندا، چۆنە لەلاتان؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لای سەرەوە، ئەمجارە روومان لە مامۆستایەکی کەی قۆناغی ناوەندینا، ئەویش ئینگریدسکار پیڤیرد (Ingridskarpsvärd) مامۆستایە لە قوتابخانەی ئۆبی (Åby) لە مۆندالْ (Mölndal)، زیاتر لە پازدەساڵە لەگەڵ چەندەها قوتابی پەناهندە لە وڵاتی جۆراوجۆرەوە کاریکردوە، لە وەڵامی پرسیارە کاندا دەڵێ:

**دەربارەی ئەرکی ماڵەوە دیسپلین:** من هەست دەکەم کە زۆر دایك و باوك دەربارە قوتابخانەی سوێدی بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەخوویان بەشێوازی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتی خۆیانەوە گرتووە کە لەوانەیە جیاوازبێت، بە بەراورد لەگەڵ ئێرە(سوێد)، هەر وەها تەنانەت مامەڵە و پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستاش، پێ دەچێ جیاوازبێت. ئێمە زۆرجار بەگروپ کار دەکەین، کە قوتابی زیاتر ئازادە، بەوەش رۆڵی قوتابی بەر بلاوتر دەبێت، نازانم ئەگەر ئەمە بەکەمی دیسپلین لەقەڵەم بدرێت یان نە، بەڵام لەهەمان کاتدا مانای ئەوە نیە کە گیروگرفتی دیسپلینیان نیە لە سوێد. قوتابی هەیە کەسنووری دیاریکراوی خۆی تێدەپەرێنێ وانەکانی پوَل تێك دەدەن بە رەفتاری جۆراوجۆر.



بەرامبەر مامۆستا و هاورێکانی تریان نەرم و لەسەرخۆ نین. بۆیە زۆرجار ناچار دەبین کە قوتابی لەقوتابخانە بهێڵینەوە، گوفتوگۆ لەگەڵ دایکان و باوکان و قوتابییەکە خۆشی بکەین، ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر هەندێ قوتابی، بەڵام بەداخەوە نەك لەسەر هەموو.

ئێمە ئەرکی قوتابی دەدەین بەڵام لەوانەیە جیاوازبێت لەوەی کە لەوڵاتی خۆیان وەری دەگرن لەرووی چندایەتیەوە. یاخود داوا لە قوتابی دەکەین کە بە شێوازو وشەی خۆی باسێك بگێرێتەوە، نەك تەنها زانیاری و بابەتەکان دەرك بکەن. زۆرجار بە قوتابی دەڵێن کە تەماشای بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بکات، لەدواییدا لەپۆلدا، راو بۆچوونی خۆی لەسەر بدات و گوفتوگۆی لەسەر بکرێت. پێمان وایە بۆکاتی تاقیکردنەوەش، ئەرکی سەرشانی قوتابی خۆیەتی کەوانەکان ئامادە بکات نەك مامۆستا زۆری لێ بکات.

**بەڵام دەربارەی توانای قوتابی پەناهندە و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی دەڵێم:**

من ئەو قوتابیانەی کە لەلای خۆم وەریان دەگرم، لەوڵاتی جۆراوجۆر و کولتووری جیاواز هاتوون، زمانی جیاواز باری خێزانی لەیەك نەچوو، رۆڵی خۆی هەیە، چونکە ئاشکرایە کە باری خێزانی پەیوەندە بە هەڵسوکەوتی ئەندامانی خێزانەوە. تەنانەت لەناو ئەندامەکانی یەك خێزانیشدا پێ دەچێ جیاوازی ببێ. ئەوەی کە باسمانکرد و هەندێ فاکتەری تریش هەیە کە بۆ توانا و جێبەجێ کردنی ئەرکەکان لەبەرچاو دەگرێن و کاریگەری خۆیان هەیە. ئەمەوێ ئەوراستیەش نەشارمەوە کەتەنانەت لەیەك گروپی نەژادیشدا جیاوازی هەیە.

قوتابی هەیە کەخۆی بەبەر پرسیار دەزانی و دەسپێشکەری دەکات لە کارەکانی دا و هەوڵو کوششی بێوچان دەدات چ لەماڵ و چ لەقوتابخانە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو نموونەی کە هێنامەوە، هەیە

خۆی نارەنجێنیٚ و کاتی پێویست بۆ ئەرکەکانی دانانیٚ و شوێنی ئارامی نیە بۆخوێندن و خوێندنەوە لە ماڵەوە.

دایکان و باوکان دەبیٚ ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت، ئەویش لە پرسینەوە لە منالەکانیان، دابینکردنی شوێنی ئارام، کەمناڵ بتوانیٚ بەئارامی ئەرکەکانی جێبەجیٚ بکات. دیسانەوە بەگوێگرتن لێیان کاتیٚ بەدەنگی بەرز دەخوێننەوە.

قوتابخانەی سەرەتایی لەسوێد بەئارەزوو نیە، قوتابی دەبیٚ بێتە قوتابخانە، لەکاتی نەخۆشی و گەشت و هۆی دیکە، دەبیٚ دایك و باوك ئاگاداری قوتابخانە بکەن لە نەهاتنەوە. هەروەها ئەرکی قوتابیە کە پەیڕەوی یاساو دەستوور و نەریتی قوتابخانە بکات بۆخۆشی و سوودی گشتی. کات گرنگە، هاتن لەکاتی خۆیدا بۆپۆل پێویستە، قوتابی هەیە لەم بارەیەوە زۆر گیر و گرفتی هەیە.

## دەربارەی قوتابیانی دواناوەندی یا ئامادەیی:

پێموایە زۆرهۆ هەیە. کەسێك بیەوی بەسەر زمانێکدا زاڵبیٚ و بە توانابیٚ، پێویستی بە 5 تا 8 ساڵ هەیە، لێرەشدا دیسانەوە دەبێت تەمەنی ئەوکەسەی تیا ڕەچاو بکرێت.

هەیە بەزوویی فێری زمان دەبێت و کارەکانی ڕۆژانەی پیٚ جێبەجیٚ دەکات، کرنگ ئەوەیە مرۆڤ لەشوێنی خۆی نەوەستیٚ و قایل نەبیٚ بەوە کە ئەیزانیٚ. دیارە ساڵەهای دەوێت قووڵ بیتەوە لە زمانێکدا کە دەرهەق بە پێویستی ئامادەیی بکات( واتە قۆناغی ئامادەیی). زمان لەپلەی دواندی تەنها بۆ دواندن و کاری ڕۆژانە نیە، بەڵکو بۆ فراوانکردنی زانیاری و زانست و ویژەی زمانەکەیە. قۆناغی دواناوەندی کاتی زیاتر، توانای باشتری دەوێت، کاتیٚ قوتابی دەزانی توانای بەر دەوامبوونی نییە و ئەو ڕێبازەی پێناگیریٚ واز دەهێنیٚ.

## دەربارەی کاریگەری ڕووداوەکان لەسەر قوتابیانی پەناهەندەش دەلێم:

من کە ساڵەهایە قوتابی دێتەلام لەوڵاتانی جۆراوجۆرەوە، وەك ئێران، عێراق، بۆسنە، سۆماڵ ... هتد، دەلێم بیٚ جیاوازی شوێن هەر یەکیٚ لەوانە، کە پەردەوازەی جەنگ و ڕووداوە ناخۆشەکانن، دەبینم دەروونیان ئاڵۆزە پیویستیان بە چارەسەر کردن و ئاگاداری و دڵدانەوە هەیە، جگە لەمەش دەکریٚ ئاگاداری چۆنیەتی مامەڵە کردن بین لەگەڵ ئەم جۆرە قوتابیانە، بۆئەوەی هەرچی زووترە بەپێی توانا ڕزگاریانبیٚ لەو بارە دەروونیە.

من دەتوانم ئاماژە بۆ هەندیٚ لەو گرفتانە بکەم، وەك:

_ بیرەوەریە تاڵەکان..

_ سەرێشە و زك ئێشە..

_ توندڕەوی و زوو تووڕەبوون و هەڵچوون..

_ بیر کردنەوە لە خۆ.. و دیپریخون ...

_ بیری خۆ کوشتن ..

_ کەم خەوی و خەوی ناڵەبار بینین..

_ تەنگو چەڵەمە و گیر و گرفت لەگەڵ هاوڕێی..

_ بەسەخت فێربوون..

_ نەبوونی ئاگا لەخۆبوون لە پۆلدا..

وەك مامۆستایەك، ئەو دیاردانەی لای سەرەوە سەرنجی ڕا کێشاوم، ئەوەش کە هەموو پەناهەندەکان دەکرێتەوە بیٚ تێڕوانین لە نژادیان.

## دەربارەی نەخشەو پلان..

ئێمە کە پۆلی ئامادەکردنمان هەیە، بۆ ئەوەی کە قوتابی ئامادە بکەین بۆ پۆلی سوێدی، کەش وهەوایەکی باشی لای خۆمان فەراهەم دەکەین بۆ قوتابیانی تازەهاتوو و تازەبەخۆ گرتوو. لەلایەکەوە سوێدیان فێردەکەین، لەلایەکی تریشەوە بەسوێدی فێری وانەکانی تر دەبن بەشێوەیەکی ئارام و بەگوێدانە جیاوازی تاکەکەسی و توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە. نەك هەر تەنها ئێمە مامۆستایانی زمانی دایك و یارمەتی دەرانێك کە ڕۆڵێکی کاریگەر = دەبینن لەم بوارەدا.

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە کە قوتابی بەزمانی خۆی باشتر زانیاری و زانستەکان فێر دەبێت.ئەگەرچی کارێکی ئاوا لەم بابەتە دیارە گیر و گرفتی بەڕێوە بردن و ڕێکخستن تیایدا ئاسان نابیٚ.

## دەربارەی ڕۆڵی دایکان و باوکان...

من هیچ گومانم لە وەدانییە کەهەموو دایکوباوکیٚ باشتر منداڵەکەی دەویٚ، بەڵام لەوانیە ڕۆڵی خۆیان بەباشی نەزانن لەبواری یارمەتی دانی منالەکانیان. دیارە هەندی گیروگرفتی خۆی خەیە کە ناپەرژێتە سەر منالەکەی. ڕێگای شێواز بۆ دایکوباوکان زۆرە کە لەو ڕێیەوە یارمەتی منالەکانیان بدەن بۆ نموونە.

_ فێرکردنیان و ڕاهێنانیان کە لەکاتی خۆیدا بچن بۆ قوتابخانە..

_ ئەرکی ماڵەوەیان جێبەجیٚ بکەن ..

_ ئامادەی گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی قوتابخانە بن...

_ هاریکاری لیژنەی ماڵ و قوتابخانە بەپێی توانا بکەن...

_ ئەمانە بەشێکن لەو هەوڵانەی کە پێویستن بۆ گەشە کردن و بەرەو پێشەوە بردنی منالەکانمان ...

پاشماوەی ئەم ڕیپۆرتاژە بۆ ژمارەی داهاتوو

# کەسایەتی
# تاك لە خێزانی مودێرندا
## پاشماوەی بەشی یەکەم

## 2- ڕۆڵی ژینگەی ئایدیال

لە تیۆریدا باسی ژینگەی ئایدیالیشو ڕۆڵی ئەو ژینگەیە بۆ سەر کەسایەتی مرۆڤەکان دەکرێ ئەمەش خاڵێنی شایانی شیکردنەوە و تێڕوانین و باسکردنە. مەبەست لە ژینگەی ئایدیال، ئەو دەوروبەرە ئارامەیە کە تاك تیایدا هەست بە ئازادی بکات و تەگەرەی نائاسایی لە ڕێگەی سەلماندنی خۆیدا بۆ دروست نەبێت و بتوانێ چالاکیە مرۆڤایەتیەکانی خۆی بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەنجام بدات.

پەیوەندی ژینگەی ئایدیال و کەسایەتی تاکیش پەیوەندییەکی یەکتر بەرهەمهێنەرە. ژینگەی ئایدیال یارمەتیدەرو کاریگەرە لە چەسپاندن و سەلماندنی کەسایەتی پۆزەتیڤی تاکێك. ئەو کۆمەڵگەیەش کە زۆربەی ئەندامەکانی لەو تاکە پۆزەتیڤانە پێکهاتون، لە خولقاندنی ژینگەی ئارام و تەندروستدا ڕۆڵدەبینن.

ژینگە هەمیشە کاریگەری خۆی هەیە و ئاکامی چاك یان خراپی خۆی لە کەسایەتی تاکی کۆمەڵگەکاندا ڕەنگ دەداتەوە, بڕوانە دەمارگیری و دڕدۆنگی و نیگەرانی ئەو کەسانەی کە لە ژینگەی پڕ لە شەڕ و ئاژاوەدا پەروەردە بوون, بەراوەردی بکە لەگەڵ دەمارنەرمی و ریالیستی و دڵنیایی و هێمنی و لۆژیکی بوونی ڕەفتاری ئەو کەسانەی کە لە ژینگەیەکی پڕ لە ئاشتی و ئازادی نەشونمایان کردووە. سەرنجی منداڵێك بدە کە لە خێزانێکی هەڵوەشاوە و پەیوەندی ناڕێکی دایك و باوکەوە گەورە بووە, یان ئەو منداڵەی لە کۆشی پڕ سۆزو دڵنیایی دایك و باوکێکی واوە دروست بووە کە پەیوەندییەکی مرۆڤانە و خۆشەویستانەیان هەیە, ئەوسا هەست بە گرنگی ڕۆڵی ژینگە دەکەیت و بێگومان لە هەموو داڕێژگەیەکدا ڕیزپەڕیش هەیە , دەتوانین دەیان نمونەی کەسایەتی باڵا بێنینەوە کە لە ژینگەیەکی خراپ و پڕلە ئاژاوەدا سەریان هەڵداوە، یان بە پێچەوانەوە کەسانێکی کە لە ژینگەیەکی هێمن و پڕ لە بووی داراییەوە سەریان هەڵداوە بەڵام لە ڕووی کەسایەتییەوە لاوازن و بوونەتە بار بەسەر کۆمەڵەوە و بوونەتە خلتەی کۆمەڵ.

## 3 - ڕۆڵی ژن و پیاو لە دروستبونی کەسایەتیدا:

بنەمای دروست بوونی خێزان لە ژن و پیاوەوە دەست پێدەکات، ئەو دوو توخمەی کە بە هاوبەشی بنیادی کۆمەڵ دەنێن و یەك لە یەکتر گرنگتر و پربایەختن بۆ بنیاتی ئەو کۆمەڵگایە. بۆ




بناغەدانانیدرووستیخێزانێك هەڵبژاردنی ژن و پیاو بۆ یەکتری و بە پێی کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش و ڕادەی لێك نزیکی و لێك تێگەیشتن و لابردنی سنورە نەریتکردەکانی نێوانیان, پێویستیەکی بنچینەیی سەرکەوتنی خێزانە بە پلەیەکی بەرز لەسەر ئاستی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانیناو کۆمەڵگە. ئەمە یەکەمین هەنگاوە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکان سروشتێکی ئاسایی وەربگرن و هەڵە لە بنەمای ئەو خێزانەدا نەبێ , چونکە هەڵە لە بنەمادا دەبێتە هۆی دروستبوونی زنجیرەیەك هەڵەیتر کە لە ژیانی منداڵەکانیاندا ڕەنگ ئەداتەوە و کەسایەتی شڵەقاو و ناجێگیر لەو خێزانەوە بەرهەم دێت و ,دێتە ناو کۆمەڵەوە. چ جۆرە ژن و مێردێك بۆ یەکتری دەست دەدەن؟ یان بە شێوەیەکیتر بڵێم , چ جۆرە کەسایەتییەك لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن؟

ئەو دوو کەسەی کە لەگەڵ یەکتردا بسازن و شایانی ئەوەن ببنە ئامۆژگایەك و کەسایەتی جێگیر و بەتوانا لەمنداڵەکانیان دروست بکەن , ئەو دوو کەسەن کە مەرج نیە لە هەموو خاڵێکی ژیاندا هاوبەش بن , بەڵام ڕا و بۆچوونیان سەبارەت بە مەسەلە بناغەییەکانی ژیان نزیکە لە یەکترەوە, ئارەزووەکانیان تا ڕادەیەك چونیەکە و نابنە تەگەرە بۆ سەر ئارەزووەکانی یەکتر , دەتوانن بە وتە و کردار و گوتار و تەنانەت لە هێما و جوڵە و هەستەکانی یەکتر بگەن , کەسایەتیان لای یەکتر ڕوونە و هیچ ئاڵۆزیەك لە هەڵس و کەوت و کرداری یەکتری بەدی ناکەن , ڕەفتارەکانیان لە دژایەتی یەکتردا نیە و نابنە دژەکرداری یەکتر , سنوور لە نێوانیاندا سڕاوەتەوە و بە بێ هیچ بەربەستێك دەتوانن لە یەکتر بگەن, لێك تێ گەیشتنواتە سازان بە یەکەوە, واتە گەیشتن بە ناوەڕۆك و دەروونی یەکتر . ئەم دوو کەسە ژن و مێردێکن لە سەر بنەمایەکی پتەو پەیوەندیەکانیان دامەزراندووە و ڕا و بۆچوونیان لە دژەکرداری یەکتردا ناوەستێ و تا ڕادەیەکی باش دەتوانن بڕیارەکانیان یەکخەنو سەبارەت بە ئەرکەکانی ژیان مومارسەی بوونی خۆیان بکەن .

ژن و مێرد کاریگەرییەکی زۆریان بۆ سەر یەکتری هەیە و دەتوانن لە ژێر ئەو کاریگەریەدا دوای ماوەیەکی پێکەوەژیان هەست بەو گۆڕانانە بکەن و بۆیان دەر کەوێ کە خووڕەوشتیان چەند لە یەکترەوە نزیك بۆتەوە و کەسایەتیان لە بۆتەیەکدا شکڵی گرتووە کە پێشتر وا نەبووە و هەر یەکە و هەندێك لە نەریت و ڕەوشتی خۆی بەخشیوە بەویتر لەوی ترەوە هەندێك نەریت و ڕەوشتی وەرگرتوە و هارمۆنیایەك لە نێوانیاندا دروست بوە و هاوکێشەیەکی دروست کردووە کە ژیانی پێکەوەییانی بە شێوەیەکی گونجاو ڕاگرتووە.

بێگومان ئەو گۆڕانکاریانە کاتێك بە شێوەیەکی سرووشتی روودەدات کە هیچ کام لەو جووتە کەسایەتیەکی دۆگمایی نەبێت و بە ئاسایی و سرووشتی بزانێ کە لە ژێر بنمیچی ژیانی خێزانیدا ئەو گۆڕانانە روودەدەن و کاریگەریەکان لە هەر دوو لاوە دەبن . بۆ نمونە ئەگەر پیاوێك باوەڕی وا بێت کە هەر دەبێ ژنەکەی بێتە سەر رای ئەو و کەسایەتی ژنەکەی بەو شێوەیە بێت کە ئەو دەیبێت , پێی شەرم بێت لە هەندێ خاڵی تەواو لوژیکیدا ئەو بچێتە سەر رای ژنەکەی , لەبەر ئەو پێوەرە رەوشتییەی کە لە داب و نەریتی کۆمەڵگەکەیەوە بۆی بڕاوەتەوە و کراوەتە کلتورێکی نەگۆڕ , لەو حاڵەتەدا کاریگەرییەکان شێوەیەکی سرووشتی وەرناگرن و دەستکرد و دزێون. لەم رووەشەوە کە پەیوەندیە دەستکردەکان وەستایەکی دروستکەریان هەیە , ئەو دروستبوونە لە سەر خواست و بیر و نەخشەی وەستاکەی دروست بووە و پەیوەندیەکی دوولایەنە و بە سۆز نیە , بەڵکە لە سەر بنەمایەکی هەڵە و ناسروشتی دروست بووە کە تیایا دەسەڵاتدارێك و بێدەسەڵاتێك هەن و ئەرکەکانی ژیان لەسەر خواستی دەسەڵاتدارەکە دەچێ بەڕێوە . هەڵبەتە رەوشتە دۆگماییەکە لە ژنەکەشەوە بێت هەمان شێوەیە و هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا نیە.

ئەم نمونەیە کە باسم کرد, زۆر بەی کۆمەڵگە دواکەوتوەکان دەگرێتەوە , ئەفسوس کۆمەڵگەی کوردیش لە بواری پەیوەندیەکانی نێوان ژن و پیاودا دەبێ لەگەڵ ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا باس بکرێت کە تیایاندا کەسایەتی ژن کردەی دەستی پیاوە و خۆی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ئەرکەکانی ژیاندا نیە ناتوانێ کاریگەری هەبێ بۆسەر ژیانی خۆی .هەڵبەتە شایانی باسیشە کە خێزانی نوێی کۆمەڵگەی کوردیش خەریکی هەنگاونان بەرەو ئەو پەیوەندیە سرووشتیە , بە تایبەتی پێشکەوتنخوازانی کورد. لە سیمای هەندێ خێزانی لە هەندەران ژیاو و هەندێك خێزانی تازەدامەزراوی ناوەوەی کوردستاندا هەست بە سەرەتای تێکشکانی ئەو سنوورە دەستکردانە دەکرێت, بەڵام ئەفسوس کە ئەوانە مشتێکن لە خەروارێك.

## 4 - کارتێکردنەکان لە خێزانی نەریتیدا:

ئەگەر باسی خێزانە نەریتیەکانی کۆمەڵگەیەك بکەم کە لەسەر خواستی تاکە کەس دەچێ بەڕێوە و یەکێ لە ئەندامە سەرەکیەکانی ئەو خێزانە وەکو ئیفلیجێك رەفتاری لەگەڵ دەکرێت, کەلەو کۆمەڵگەیانەدا( ژنەکەیە کە هێز و برەوی لێ دەبڕدرێ) دەتوانم بڵێم کارتێکردنەکە تەنها لە لایەکەوەیە و روون و ئاشکرایە کە کەسایەتی ژن لە تارمایی دەسەڵاتی مێرددا ون دەبێت , کەسایەتی پیاویش وەکو تاقە حاکم و سەروەری ماڵ بە روونی هەست بە زەبر و زەنگەکەی دەکرێت .لەوخێزانە نەریتیانەدا " باوك" کاریگەرە و کارتێنەکراوە، بڕیاردەرە و گوێ لە پێشنیاری کەسانی دی خێزانەکەی ناگرێ، لەهەمان کاتیشدا بەخێوکەرێکی موتڵەقیشە . ئەرکی باوك لە خێزانی نەریتیدا لە جێی ئەرکی چەندان کەسە ، بە پێی یاسای ئەرك و مافیش رەوایەتی دەدا بە خۆی کە بۆ چەندان کەس بڕیار بدا و چارەنوسی چەندان کەس ئەو دیاری بکات.

لە کۆمەڵگەی نەریتیدا ، باوك لەپێناوی پاراستنی دەسەڵاتی موتڵەقی خۆیدا، ئەندامەکانی تری خێزان بە تایبەتیش مێینەکانی خێزان پاسیف دەکات و خۆیشی بەرگەی ئەو ئەرکە زۆر و دژوارە دەگرێ کە زۆر جار دەیگەیەنێتە حاڵەتی نائاسایی دەروونی. کەسایەتی باوك لە خێزانی نەریتیدا تورە و وشك و داخراوە و تەحەمول ناکرێ . کارتێکردنی کەسایەتی ئەم باوکە بۆ سەر کەسایەتی ئەندامەکانی تری خێزانەکەی بەم جۆرە خۆی دەنوێنێ:

دایك: کەسێکی بێدەرەتانە، گوێڕایەڵی تەواوی پیاوە ، تەنها لە چوارچێوەی ماڵدا بەرهەمهێنەرە و لەکارە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشدار نیە. کچ : وێنەیەکە لە دایکی ، جگە لە باوك گوێڕایەلی فەرمانەکانی براکانیشە ، خاوەنی بوون و جەستەی خۆی نیە و لە لایەن ئەوانیترەوە چارەنوسی دیاری دەکرێت .

کوڕ: وێنەیەکە لەباوکی، دەبێ گوێڕایەڵی فەرمانیباوك بێ و رادەهێنرێ مێینەکانی ماڵەوە کۆنترۆڵ بکات و دوای ئەو فەرماندەر و دەستنیشانکەری چارەنوسیان بێت. لە تەمەنێی دیاریکراودا لە کاروباری ئابووری خێزاندا بەشداری دەکات ، بەڵام داهاتی کارەکەی باوك بڕیاری لەسەر دەدات .

دایك ، نزیکترین کەسە لە منداڵەوە و تەنانەت لە باوك زیاتر پەروەردەکاری منداڵە. لە کۆمەڵگەی نەریتیدا ئەم پەروەردەکارە بۆ خۆی کەسێکی پاسیڤکراو و بێدەرەتانە و خاوەنی هیچ بڕیارێك نیە ، بێگومان کاریگەری ئەم دایکە بۆ سەر منداڵەکانی نیگەتیڤە، دایکێکی پاسیف و بێناسنامە ناتوانێ منداڵێکی ئەکتیڤ و خۆسەلمێنەر بخاتە نێو کۆمەڵگەوە. کوڕ و کچەکانی ئەم جۆرە خێزانە ، کاریگەرێتیان بوسەر یەکتری دیسانەوە نیگەتیڤە و ، برا بە هۆی دەسەڵاتە بێماناکەیەوە کەسایەتییەکی زۆردارانەی لا دروست دەبێ و ، خوشکیش کەسایەتییەکی ترسنوك و شەرمن.

## 5 - کارتێکردنەکان لە خێزانی نوێدا :

سەرەتا باسی ئەو هەڵبژاردن و پێکەوە گونجانەم کرد کە لە ئەنجامیدا خێزان بنیاد دەنرێت , بۆیە لەسەر بناغەی ئەو جۆرە خێزانە درێژە بە باسەکەم دەدەم و دەبنە نمونەی باسەکەم, ئەو دوو کەسە گونجاو و تەبایە, مەرج نیە بتوانن خێزانێکی ئایدیال پێکەوە بنێن و بێکێشە هەموو ژیان بەرنەسەر . ئەگەرچی ئەو ژن و مێردە بە شێوەیەکی نەریتی زەماوەندیان نەکردوەو پەیوەندیەکی ئەوینی و یەکترناسینێکی رێژەییان هەبووە, لەو ماوەیەشدا بە تیۆری باسی

میتۆدی پێکەوەژیان و هاوسەرێتیان کردووە,بەڵام لە کاتی پراکتیزەکردنی ئەو تیۆریەدا لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا سەریان بە کۆمەڵێ کێشەی چاوەڕواننەکراودا دەتەقێتەوە کە پێیان وا نەبووە لە ژیانی هاوسەرێتیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە و خۆیان بۆ ئامادە نەکردووە. قەبارەی کێشەکان ئەگەرچی گەورەش نین, لەبەر ئەوەی ژیانێکی نوێیە و بۆ هەر یەکەیان جۆرە ئەزمونێکی نوێیە کە پێشتر پیا تێنەپەڕیون و بۆ یەکەم جارە بە پراکتیك ڕووبەڕووی دەبنەوە, هەست دەکەن قەبارەی کێشەکان گەورەن, هەر ئەم کێشانە دوای ماوەیەك پێکەوەژیان بچوك دەبنەوە و زاڵ دەبن بەسەریدا.

من هۆی ئەم کێشانە دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە ئازادی تاکە کەس لە گەڵ ئازادی ئەویتردا زۆر جار لە دژایەتیدا دەبێت ، یان دەتوانم بڵێم ئازادی تاکێك لەگەڵ هی جوتێکدا ( هاوسەر ) لە دژایەتیدایە ، یان لە هەمان کاتدا ناتوانن ئارەزووەکانیان هاوسەنگ و هاوکێش بکەن. ئەمە بەڵگەنەویستێکە کە کچ و کوڕەکە پێشتر دەرکیان پێ نەکردووە و گرنگیان پێ نەداوە و بە شایانی بیرکردنەوەیان نەزانیوە، بەڵام هەر لەسەرەتای ژیانیاندا زەنگی ئەو ناکۆکیانە ئاگاداری کردوونەتەوە کە ئارەزووی ئەمیان لەگەڵ ئەویتریان لە دژایەتیدایە و کرداری ئەمیان لەگەڵ ئەویتریاندا ناگونجێ.ئەم کێشانە ئەگەر ڕووبەڕووی دوو کەسی هاوئاستی هوشیاری بێتەوە چارەسەرەکەی ئاڵۆز نیە وەك ئەوەی ڕووبەڕووی دوو کەسی ناهاوئاست دەبێتەوە و ئیدی ئەو کێشانە وەکو کێوێکی لێك تێنەگەیشتن و گومان و دڕدۆنگی کەڵەکە دەبێت و دوور نیە بەرەو چارەنووسی جیابوونەوەش ڕایانپێچێ. کەسە هوشیارەکان دەرك بەوە دەکەن کە ئازادی هەر یەکەیان وەکو تاکێك لەگەڵ هەردووکیان وەکو خێزانێك لە دژایەتیدایە و زانین و دەرککردنی ئەم خاڵە چارەسەر ئاسان دەکاتەوە، بە گفتوگۆ و مشتومڕ کردنی کێشەکان دەگەنە ڕێککەوتنێك و دەتوانن لە نێوان ئازادی تاك و خێزاندا هاوکێشەیەکی گونجاو دروست بکەن و سەرەنجامی ئەو هاوکێشەیە دەیانگەیەنێتە حاڵەتی لەیەکتر ڕازی بوون و پەیوەندیەکانیان شێوەیەکی سروشتی دەگرێتە خۆی و لەو خاڵەشەوە کەسایەتی خێزانەکەیان بە جێگیری لەناو کۆمەڵدا دەبینرێت و پەیوەندیان لەگەڵ کۆمەڵدا لە ئاستێکی پێویستدا لەنگەر دەگرێت.بەڵام جۆرەکەی تریان کە گومانیان لەکار و کردەوەکانی یەکتر هەیە و ، بە دڕدۆنگیەوە پێشبینی لەیەکتر دەکەن ، ڕۆژ بە ڕۆژ قەبارەی ئەو لێك تێنەگەیشتن و لێك نارازی بوونە لە دەروون و کەسایەتیاندا زۆرتر دەبێتەوە و زۆر جاری وا هەیە دەبێتە ڕق لەیەکتر هاتنەوە و بەناچاری لەگەڵ یەکتردا ژیان، یان لە خراپترین شێوەیدا دەگاتە جیا بوونەوە. بەڵام ئەگەر ژن و مێرد گەیشتنە ئەو هاوکێشەیەی کە هەردوکیان وەکو دوو کەسی ئازاد و ڕێز لەیەك گرتوو دەکرێ ژیانیان ڕێك بخەن و لەناو کۆمەڵدا کەسایەتی خۆیان جێگیر بکەن ئەوسا مافی ئەوەیان دەبێ بیر لە پەرەپێدانی خێزانەکەیان بکەنەوە و زەمینەیەکی هوشیاری بەپیتیان دەبێ بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەك کەئەوانیش بەشداری لە پەروەردەکردنیدا بکەن، ئەوسا منداڵ دروستکردن دەبێتە ئامانجێکی بە بناغە و ، ئەو دوو کەسەش شایانی ئەوەن ببن بە دایك و باوك.

زۆر جار کێشەی نێوان ژن و مێرد فاکتەری دەرەکیان هەیە و هۆکارەکانی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە هیچ کام لەو جوتە کەسەوە نیە ، بەڵکو ڕووداوەکانی دەوروبەر شپرزەییەکی دەروونی ( سترێس ) دروست دەکەن و بچوکترین ڕەفتارێك کە بە دڵی ئەویتر نەبێت لێی گەورە دەبێتەوەو پیا هەڵدەشاخێ و لەوێوە کێشەکان دروست دەبن.

ڕووداوەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە گۆڕانەکانی میزاجی ئەندامەکانی خێزاندا ، نمونەی هەندی ڕووداو کە کاریگەریی زۆریان هەبێ بۆسەر میزاج و ڕادەی ئەو سترێسە کە لە تاکێکی خێزانێکدا دروست دەبێت و کاریگەری هەیە بۆ سەر فەزای گشتی خێزان بە پێی ئەژمارێك کە لە لایەن ( تۆماس . ﻫ . هۆڵمز (Tomas.H.Holms و ( ریچارد. ﻫ . ڕاهێز ـ Richard.H.Rahes) وە کراوە، بۆ هەر یەکێ لەم ڕووداوانەی خوارەوە بە ڕێژەی سەدی ئەم نمرانەی خوارەوەی دانراوە.

| ڕووداوەکان | نمرەی تووڕەیی دەروونی ( stress |
|---|---|
| مردنی "ژن " یان " مێرد" | 100 |
| تەڵاق | 73 |
| زیندانیی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە | 63 |
| مردنی یەکێك لە خزمانی نزیك | 63 |
| برینداریی ، یان نەخۆشی یەکێك لە ئەندامان | 53 |
| سکپڕیی | 44 |
| کێشەی سێکسی | 39 |
| گەورەبوونەوەی خێزان | 39 |
| گۆڕانی باری ئابووری | 38 |
| مردنی هاوڕێیەکی نزیك | 37 |
| گۆڕینی کار | 37 |
| کێشە لەگەڵ خزماندا | 29 |

جگە لەم ڕووداوانە هەندێ ڕووداوی خۆشیش هەن لە ژیاندا کە سترێس دروست دەکەن کە ئەوانە لە پلەیەکی خوارتر و ڕادەیان زۆر کەمترە. *(1)

پاشماوەی هەیە

# نەبوون

ویستم دەرگاکان
بخەمەسەر گازەرەی پشت
لەکاتێك درەنگ بوو زانیم
کلیلەکان بەشکاوی ... بە ژەنگاوی
تەنیا هەر خۆیان و،
ئەو پەیمانەی: نەکرێنەوە
* * *
ئەوەندەی ڕۆیشتبووم
من لە ترپەی پێ و ئەویش لە من
خەریك بوو لەیەك هەڵبێین
پێویستم بوو
دەرگایەك بکەمەوە و
نووچێ بدەم
بیابانێکی درێژم بڕی
تا بگەم بەو دەرگایانە!
کە گەیشتم،
درەنگ بوو زانیم
سەراب بوو زانیم
قەمەریش ڕقی لێمە
بۆیە: پیری بە پیریمەوە هات.

# ڕاستی

ڕاست بەرەوە
وەك توولە چنارێکی سرگەش
وەك ، شیری پالەوانێك
نەك لەوێنەی
گۆچانی دەستی کەنەفتێك
نەك لە دەستی، بەڵکوو لەناو...
دۆگەلەیەکی دووری شاردا
* * * *
بە ئاستی برژانگەکانت
ئاستی برژانگی چاوم بێت
نەك نەویتر
هەتا ئەگەر لێوەکانت..



کارزان عومەر

درۆیەکیان لەگەڵ منی سادەداکرد!
چاوت بە چاوم بڵێ!

# گۆرانی

ئەمن وام دەزانی
هەموو ئازار دەران دۆزەخین
هەموویان لەگەڵ شەیتان ...
ڕێگۆڕکێیان کردبوو.
خوێنیان یەکێکە،
بە مردنی هەر فریشتەیەك
گشت سەر چۆپی دەگرن.
ئێستا چرپەیەك بەگوێم,
نا بەهەموو هەستەکانم،
بەهەموو کونی پێستەکانم...
چووە ژوورەوە،
هەموو جەرگی کونکون کردم
قەسابخانەیەکی
ڕاستەقینەی دامەزراند.
شەپۆلی خوێنی،
چەند ڕووبارێکیان چێ کرد
هەموو بوونە هۆنراوەیەك ...
دەربارە ئەو ئازاردەرە بێگوناهەی
ناو نراوە گۆرانی.

کارزان عومەر.



ئەشرەف شەیدای هاشمی

## 1- مەرگی شازادەیەك

بەمەرگی شازادەیەك، والی زادەیەك، یاشێخ زادەیەکی گەورە هەموومان فرمێسك دێنین و دەبەین لە ناخەوە بۆتاوێ دەتاسێین، بێزاری ڕوخسارمان دادەگرێ، گریان یەخەمان پێدەگرێ، هەرچەدە هەندێ لەنزیکانی  بە ڕوو بێزاری خۆیان نیشان ئەدەن ولە ناخەوە پێدەکەنن، بەڵام سادەکان ئەوانەی بەکاری خۆیانەوە خەریکن، لە نێو شار ، لە بازاڕ و سەری کار، کرێکاران، فرۆشیارانی ژیانێکی هەرزان، دەدەنە پڕمەی گریان کە لە تەلەفزیۆنەوە هەواڵەکە دەبیستن دەگرین دەتاسێن، بەدەم ناڕەحەتی و بێزاریەوە دەڵێن: خێر لەخۆ نەدیو جوانەمەرگ بوو، ماڵی کۆچ بارکرد، نازی لەماڵ شکاوە، نازدار بەخیو کراوە. بەڵام هەموو ڕۆژێ کیژێ لەهەڕەتی لاوێدا بێئەوەی لە بوونیدا ساتێکی خۆش بەمیوانی بووبێ، یا بە هەموو ژیانی ڕۆژگار، تاوێ بۆی پێکەنیبێ، هەموو ڕۆژێکی تەمەنی ناکاتە ڕۆژێکی شازادە، یا خەرجی تەمەنی پر ناسۆری ناکاتە ساتێکی سەیر و سەفای شازادە، کەچی مەرگی نێومالێکی تاریك و خێزانێکی برسی، لە کۆلانێکی ڕووخاوی هەلکەوتوو لەگەڕکە فەقیرانەکەی شاردا، هیچ کەس پێی نازانێ، یان شوێن لەسەر ڕوخساری زۆر ئازیزانی نەبێ دانانێ. ئەو نموونەی وەفابوو، ئەو دەژیا تا خێزانێ بەخێوکا، منداڵێکی هەتیو بوو یانەبوو نەدیو بوو، نەیخواردبوو نەیپۆشیبوو، نازی لەدایکی خۆیشی نەدیبوو، مەرگیشی کەسی سەرسام نەکرد کەس نەتاسا، وەك بەردێ کەوتە نێو دەریا، هەندێ وتیان نەجاتی بوو لە دەردیسەری دنیا، هەتیوێ مرد و نەما چیگۆڕا، بەڵام ئەوەی بەرهەمی ولاتێکی لەپیاڵەیەکدا بەسەرەوە دەنا، ئەوەی جوانترین کیژی بۆ شەوێك لەپەردەدا لەدار ئەدا، دەستی بەسەر نامووسی گەلداهێنا، چاکترین شەرابینۆشا، باشترین قوماشی پۆشا، لەپەردەی باشترین کیژەوە خزا، ڕاوی کیژی کرد ڕاوی گیانلەبەری کێوی، لەوڵاتان گەڕا، لەشوێنی بەرز دایاننا، قوتیگەلێکی بەشەوێك لەمۆتیکارلۆ دانا، گەلیش بەمەرگی  کلاویان لەسەر داکەند و هاتن بە چۆکا

## 2- مامۆستاکەم

مامۆستا کەم هەموو جارێك دەی وت: سوێندم بەم کوردستان ئەوسا نەدەکەشتم لەمانای ئەو وشە جوانە، ئەو سوێندە قورس و پیرۆز و کرانە، ڕۆژی پەڕەی تاقی کردنەوەی مێژوومان وردەگرتەوە، هەندی دلخۆش و هەندێ غەمبار، هێندێکیش بێ گوێدانە نمرەکان، لەپەڕەی اقیگردنەویان دەڕوانی، لەناکاودا دەنگییدڕینی پەڕەی  تاقیکردنەوەیەك هاتەکوێیێ مامۆستا، بێسێودوو بەهەموو شوێنێکدا چاوی گێڕا، تابزانێ کێبوو بەم کارەهەستا، بەتووڕەییەوە لە هەمووی ڕوانی، بکەری ئەوکارەی بەشەقەزلەیەك بەچۆکدت هانی ئەوسا وتی: کوڕم نەدەبوو بەرهەمی کاری خۆت بدڕێنی، دەبێ ڕێزی ماندوو بوونت بزانی، گەرئەمسالٚ بێبارانی، یا بێهێزی خاك، بەرهەمی جوتیاران دابەزێنێ باوەڕ مەکە ئەوجوتیارە کەمی بەرهەم بە چۆکیا بێنێ، قەد ئەو بەرهەمە کەمە ناسوتێنێ، ژیان هەولٚ و تێکۆشانی دەوێ تووڕەیی و رق هیچی لێ ناڕوێ.

## 3- منالە ئاوارەکان

کاتژمێر وا دەبێتە دوو، شەوێکی تابلێی درێژ بوو، بەفر کلۆکلۆ سەری کەچەلی درەختەکانی سپی دەکرد، باهەندێکی لە پەنجەرەکان دەسوی، منداڵەکەم لێفەکەی لەسەرخۆ بەقاچەکانی لادا، ئەوم لە نێو نوێنی کەرما داپۆشی، شەوان کە بە خەبەردێم، دەستێ بۆلێفەکەی دەبەم، نەکا بەدەرکەوتبێ، لەبەرگەرمی ژوورەکە لێفەکە بەخۆیەوە ڕاناگرێ. ئەوسا ئەومندالانەم دێتەوەیاد، کەنوستون بەسکی برسی، نازانم بەچی دایان ئەپۆشن، سەربانیان پارچەیەك پەڕۆیە، دلم دا ئەخورپێ دەلێم: دەشێ ئەمشەو سەرمایان نەبێ؟ نەمرن ڕەقهەلنەیەن، دەبا هیچ نەبێ بە شیعرێ گەرمیان کەمەوە، ئەوسا هەزار خەونی ناخۆش لە نێو نوێنەکەما پالٚ ئەکەوێ، ئەو خەونانە دەبینم کەزۆر تیایانا پێئەکەنم، بەیانی بۆ دایکمی دەگێڕمەوە، دەلێ پێکەنین لەخەونا باشنیە، نیشانەی غەم و نەهامەتیە، ئای دایەگیان خۆزگە لە خەونا بگریایەم، تا نیشانەی شادی بوایە، بۆ لێوی ئەومندالانە، تا نان و کولانە بوایە بۆ ئەو خێزانە ئاوارانە.

## 4 - کەمن نیم

بچکۆلەکەم
ئێستا کە من نیم
چاوەڕێی کێ ئەکەی
لەدرگای دڵت با

**شەوانی تەنیایی**

**چۆن بە سەر ئەبەی**
**کاتێ منت میوان نیە**
**شەوانت چۆن لێ ئەڕوا**

**لەکێ بەهانە ئەگری**
**کێ نازت ئەکێشێ**
**کێ بەدیاری مانگەوە**
**دا ئەنیشێ**
**مانگ ئەکاتە خەو و**
**نا خەوێ**
**کێ لەسەر گەڵای**
**زەردی پایزی**
**ناوی تۆ ئەنووسێ**
**کێ لەسەر**
**بەفری زستان**
**نەخشەی کوردوستانت**
**بۆ ئە کێشێ**
**کێ لەبەر باران و**
**تیشکی ئەستێرەدا**
**خۆی هەڵ ئەخا**
**تیشکی خۆرت**
**لە پێکیکا**
**پیشکەش ئەکا**
**لە هۆنراوەی کێدا**
**ڕا ئەکشێی**
**کێ بەچیرۆکت ئەکا**
**بچکۆلەکەی من**
**ئیستا کەدوورم لەتۆمن**
**کێ بێ تاقەتیت**
**ئەرەوێنێ**
**کێ پەنجەی ئەوینی**
**بەسەرتا ئەخشێنێ**
**لەکۆشی کێ دا**
**هەست بەئارامی ئەکەی**
**کونی پەنجەرەی شکاوی ژوورەکەت**
**بە کراسی کێ دا ئەخەی**
**گێ تیکەی خۆیت**
**لە گەڵا بەش ئەکا**

**کێ ماچی پیش خەوتن و**
**میوانی ماچی بەیانیانت ئەکا**
**کێ لە خەوی ناخۆش**
**ڕات ئە چەڵەکێنێ**
**لێوت بەدەم خەوەوە ئەگری**
**یا وەك جاران پێ ئەکەنێ**
**بزەی پێکەنین**
**لەسەر گۆنات ماوە**
**یاپایز لەوێ**
**خێمەی هەڵداوە**
**ئاخۆ شووشەی دلت**
**بە ساغی ماوە**
**یا لە هەزارلاوە**
**درزی بردوە شکاوە**
**من ئێستا**
**دار سنەو بەرێکی چکۆلەم**
**لە جێگای تۆ دا ناوە**
**هەموو رۆژێ ئاوی ئەدەم**
**من بۆ ئەو سێبەر ئەخەم**
**لەجێگای تۆ نازی پێ ئەدەم**
**نازانم بەدەم باوە**
**تۆوی لێرە دانراوە**
**هیچ دارسنەبەرێکی تر**
**لێرە نە رِوواوە**
**من لەئامێزم گرتووە و**
**بە منداڵی خومم داناوە**
**ئاخۆ تۆش کوردوستانت**
**لە جێگای بابە داناوە**
**یا هەر وەك منداڵێکی سادە**
**دەگری بۆ بابە**

**ئەم چوار پارچە پەخشان و شیعرە بەرهەمی هونەرمەند ئەشرەف شەیدای هاشمی یە، بە دیاری بۆی ناردووین.**

**لەگەڵ ڕێزی گۆڤاری جیهانی منالاّندا**

## بڕیارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی منداڵان

وەرگێڕان: لە سویدیەوە فەرزین خوسرەوی

ڕۆژی 20 نوامبری 1989 ڕۆژێکی مێژویی بوو بۆ زیاتر لە 2 میلیارد منالی جیهان. کەواتە کۆبونەوەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بڕیارنامەییکی لە بواری مافی منالەوە دەرکرد کە ئێستا یاساییکی نێونەتەوەییە. بڕیارنامەکە سورە لەسەر ئەوەی، هەموو منداڵان و مێرمنداڵانی لە ژێر 18 ساڵ مافی یەکسانیان هەیە. مافی ئەوەی کە بژین و گەشەبکەن، مافی ئەوەی کە لە هەلومەرجێکی لەباردا گەورەبن و لەدەستدرێژی کردن بۆ سەریان بپارێزرێن. هەروەها مافی ئەوەی کە ڕێزیان لێ بگیرێت, بۆ ئەوەی کە بڕوایان بە چی هەیە و لە چی بیردەکەنەوە. باشترین هەلومەرجەکانی منال لە هەمو کاتێك دەبێ لە قۆناغی سەرەتاییدابێت. بڕیارنامەکە سورە لەسەر دابینکردنی تەندروستی، فێر بوون، ئاسایشی کۆمەلایەتی، شێوازی ژیانێکی ئاسایی و هەروەها گەمە و ڕابواردن. بڕیارنامەکە هەروەها جەخت دەکاتە سەر مافی منال بۆ زمانی زگماکی، کلتور و ناسنامە. ئەو ولاتانەی کە پێوەندیداری بڕیارنامەکەن دەبێ باشترین بیر و بۆچونەکانی لە بەر دەستیاندا بەکار بێنن بۆ ئەوەی مافەکانی منال باش لە بەرچاو بگیرێت. تا ئێستا نزیکەی 170 ولات پێوەندیان کردوە بە بڕیارنامەکەوە. هیچ کاتێك لەمەوپێش پێوست بوون بە بڕیارنامەییکی نەتەوەیەکگرتوەکان بەم پلەیە مەزن نەبوە. بۆ یەکەمین جارە کە منداڵان بڕیارنامەیێکیان بەرکەوتوە، کە لە مافە ڕۆشن و ئاشکراکانیان پارێزگاری دەکات.

## دە خاڵی بنەڕەتی بەیاننامەی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتوەکان UN لە بواری مافەکانی منداڵان ئەمانەی خوارەوەن.

- **خاڵی یەکەم**

منداڵان دەبێ بەشداربن لە هەموو ئەو مافانەی کە لەم بڕیارنامەدا هاتوون. هەر منداڵێك بە بێ جیاوازی یا فەرق دانان بەهۆی ڕەگەز، ڕەنگی پێست، جنس، زمان، ئایین، سیستم یان تێڕوانینی تری نەتەوەیان و ڕابردوی کۆمەلایەتی، هەڵس و کەوتی کەسایەتی، بنەچە یان لەم بابەتانە، دەبێ ئەو مافانەی بۆ دابین بکرێت. کەواتە ئەو مەرجانە خودی منداڵەکە یان بنەماڵەکەی دەگرێتەوە.

- **خاڵی دوهەم**

منداڵان دەبێ لە پارێزگاری تایبەت بەشداربن. هەروەها بە پێی دانانی یاسا، یان شێوازەکانی تر دەبێ بوارەکان برەخسێنن بۆ ئەوەی کە منداڵەکە لە باری جەستەیی و فیکری، ویجدانی، واتایی و کۆمەلایەتی بە شێوازێکی دروست و گونجاو و لە جەوێکی ئازاد و بە نرخا گەشەبکات . لەکاتی دانانی یاساکان بەم بۆنەیەوە باشترین مەرجەکانی منداڵان دەبێ مانایەکی دیاریکراویان هەببێت .

- **خاڵی سێهەم**

هەمو منداڵان لە کاتی لەدایك بونەوە مافی هەبونی ناسنامە ( ناو) و نەتەوەیان ببێت.

- **خاڵی چوارەم**

منال دەبێ لەئاسایشی کۆمەلایەتی بەهرەمەند بێت . هەروەها دبێ مافی گەورە بوون و گەشەکردنی لەژێر بارودۆخێکی لە باری تەندروستیدا هەبێت . هەر بەم بۆنەیەوە هەم منالان و هەم دایکیان دەبێ پشتیوانی و سەرپەرشتیاری تایبەت بکرێن بە شێوەیێکی گونجاو کە یارمەتی دانەکە پێش و پاش لەدایك بوونی منالەکە بگرێتەوە. منال دەبێ مافی ودەست هێنانی خۆراکی سودبەخش , شوێن , ئاسایش , کاتی بەتاڵی , هەروەها خزمەت گەیاندنی پزشکی بەهرەمەند ببێت.

- **خاڵی پێنجەم**

ئەو منالەی کە لە بواری جەستەیی , فیکری , یان کۆمەلایەتی کەم ئەندامە (بێ توانایە) دەبێ بە هۆی ئەو

بارو دۆخە کە پێی ناسراوە, چارەسەر,پەروەردە و یارمەتی تایبەت بدرێت.

- **خاڵی شەشەم**

لەبەر گەشە کردنیهەمەلایەنە و بەرانبەری کەمایەتی، منال پێویستی بە خۆشەویستی و تێگەیشتنی دەور و بەر هەیە. بە پێی توانا منداڵ دەبێ لە ژێر لێپرسراوی و خزمەتی دایك و باوکدا گەورە بێت. هەروەها هەمو هەڵس و کەوتەکانی منداڵ لە سۆزێکی بەتین و لە جەوێکی پڕ لە ویجدان و ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا بێت. هیچ منالێك جگە لە کاتی پێویست نابێ لە ساڵانی یەکەمی ژیانیەوە لە دایکی جیا بکرێتەوە . کۆمەڵگا و لایەنە پێوەندارەکان بەرپرسیارن لە جێ بەجێ کردنی سەر پەرشیاریتایبەت بۆ منداڵانی بێ بنە ماڵە , هەروەها کاتێ کە لە ئیمکاناتی گونجاو بێ بەشن, ئەبێ هەوڵی دابین کردنی یارمەتیە دەوڵەتیەکان بە شێوەی موچە بۆ بنە ماڵە فرەخێزانیەکان بدرێت .

- **خاڵی حەوتەم**

منالان دەبێ مافی فێربونیان ببێت . فێر بونەکە لانی کەم دەبێ لە پلەی سەرەتایی بە شێوەی خۆرایی و ئیجباری بێت. هەروەها لە خوێندنێکی تایبەتیش بەشدار بن بە جۆرێك کە لە خوێندنە سەرەتاییەکە پێش کەون و منال خۆی لە شوینێك و لەژێر بارودۆخێکی بەرامبەری بەرچاو بدۆزێتەوە کە لەبەر لێپرساوەتی ویجدانی و کۆمەڵایەتی بە چالاکیەکانی, بیر و بۆچونە کەسایەتیەکانی, هەر وەها بەهەستەکانی گەشە بدات و ببێ بە ئەندامێکی نوێی کۆمەڵگا. ئەوانەی کەباری پەروەردە وفێر کردنیان بە ئەستۆوەیە ئەبێ چاکترین هەل و مەرجیان لەم بوارەدا بۆ برەخسێنن. ئەم ئەرکە لە پلەی یەکەمدا دایکان و باوکان دەگرێتەوە. منداڵ دەبێ لە باشترین پێداویستیەکان بۆ گەمە و رابواردن بەشدار بێت کە وەکو ئامانجی پەروەردەی گشتی دادەنرێت. کۆمەڵگا و لایەنە پێوەندی دارەکان دەبێ هەوڵ بدەن بۆ دابین کردنی ئەم مافە.

- **خاڵی هەشتەم**

منداڵ دەبێ لەژێر هەر بار و دۆخێکدا تێکەڵاوی ئەو کەسانە بێت کە بۆ یەکەم جار یارمەتی و پەنایان بۆ ساز کردوە.

- **خاڵی نۆهەم**

منداڵان دبێ لە هەمو شێوەکانی ئیهمال و پشت گوێ خستن , زوڵم و بێ رەحمیو بەهرەکێشان بپارێزرێن. منداڵ بە هیچ شێوازێك نابێ بکرێتە ئامانج بۆ کاری بازرگانی.هەروەها تا تێپەر نەکردنی سنوری منداڵی نابێ ئیزنی ئیش کردنیان پێ بدرێت. لەبەر باری تەندروستی و پەروەردە و خوێندن , منداڵ نابێ لەژێر هیچ بار و دۆخێکدا ئیزن بدرێت یا وەکو هەلی بۆ برەخسێنرێت بۆ ئەنجام دانی کاری لەو بابەتانە, یا وەکو ئیشێکی پێ بکرێت , با توانای ئەنجامدانیشی بێت. هەروەها گەشەکردنی جەستەیی , واتایی دەروونی منالەکە نابێ بکەوێتە مەترسیەوە.

- **خاڵی دەهەم**

منداڵان دەبێ لە هەر کاریگەرییێك کە پێك هاتنی بیر و بۆچوونی رەگەزایەتی لە باری رەگەز , ئایین یان لەو بابەتانە بەرچاو دەگیرێت بپارێزرێن.منداڵان دەبێ لە هێڵێکی پڕلە تێگەیشتن , هێمنایەتی , دۆستایەتی خەڵکان لەگەڵ یەك , ئاشتی و برادەرییێکی جیهانی پەروەردە بکرێن . هەروەها بە تێڕوانینێکی گرینگەوە توانایی و بۆچونی منداڵان باشتر بکەوێتە سەر ئەرك و خزمەتی هاووڵاتیان.

**فەرزین خوسرەوی (هەورامی)**

Februari 2003 – Sweden
E-mail: shoshme@hotmail.com
Ur av boken `` Alla vi barn i världen ``
Författare: Hans Peterson

# بۆ ئه‌و هێژایانه‌ی ده‌پرخێنن

حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن

گیانه له‌پرخه‌ی شیرین خه‌مدا — پێ بنیچ وه‌بان دوری ده‌ممدا
مه‌ڵێ دگانت تیژه‌وه‌ك ئاسن — ده‌چه‌قێته پێی خرپنی شاژت
به‌دانی گاسن به‌رزه ته‌وێڵم — باخچه‌ی به‌رماڵی تۆی پێده‌كێڵم

پرخاندن كێشه‌یه‌كی گه‌وره‌ی كۆمه‌ڵایه‌تیه و هه‌روه‌شه له ژیانی هاوسه‌رینی ده‌كات. ئه‌گه‌رچی پرخاندن نه‌خۆشیه، كه‌چی كه‌من ئه‌وانه‌ی بۆ چاره‌سه‌ری ئه‌ونه‌خۆشیه سه‌ردانی دوكتۆر ده‌كه‌ن. ته‌نانه‌ت هه‌ندێ له‌وانه‌ی ده‌پرخێنن، كه كه‌سێكی نزیكیان ئاگاداریان ده‌كاته‌وه، بڕواناكه‌ن كه پرخاندوویانه.

پیاو هه‌یه هه‌ر كه سه‌ری نایه سه‌رین یه‌كسه‌ر ده‌پرخێنێت. كه ژنه‌كه‌ی سووك تێوه‌ی ده‌ژه‌نێت و پێی ده‌ڵێت: پرخه‌ت دێت بڕوای پێناكات، ئه‌مه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی، ئینسان پێش ئه‌وه‌ی به‌ته‌واوی نوستبێت ده‌زگای بیستنی خه‌وی لێكه‌وتووه، هه‌ر بۆیه پێی وایه كه‌هێشتا نه‌خه‌وتوه، چون گوێی له پرخه‌ی خه‌وی خۆی نه‌بووه؟ ده‌شێت به‌رده‌وامبوونی ئه‌و سووكه تێوه‌ژه‌ندنانه، جیابوونه‌وه‌ی ژن و مێرد كۆتایی بێت.

ئه‌وه‌ی زۆر بپرخێنێت، چونكه به‌ئاسانی هه‌ناسه‌ی بۆنادرێت، ناتوانێ باش بخه‌وێت، ئه‌وی باش نه خه‌وێت، به‌ڕۆژ هه‌میشه هه‌ست به ماندوویی ده‌كات. بۆئه‌وه‌ی نه‌پرخێنین نابێت به‌سه‌ر پشت بخه‌وین، ئینسان بۆئه‌وه‌ی كه‌نوست، نه‌كه‌وێته سه‌رپشت، ده‌توانێت شه‌وانه (پشتوێنی ئه‌نتی پرخه) ببه‌ستێت. به‌و پشتێنه‌وه هه‌ركه كه‌وتینه سه‌رپشت، ناڕه‌حه‌ت ده‌بین و یه‌كسه‌ر ده‌كه‌وینه‌وه سه‌ر لا.

ده‌شێت هۆكاری سه‌ره‌كی پرخاندن، ئه‌و لینجاوه‌بێت كه‌لووت ده‌ری ده‌دات و به‌ئاسانی ڕێگای كه‌پوو هه‌ناسه‌دانه‌وه ده‌گرێت. یان ده‌شێت پرخاندن له‌سۆنگه‌ی لووتته‌نگیه‌وه بێت ئه‌گه‌ر لینجاو لووتی ته‌نگ كردبن، (سپرای لووت) به‌هانامانه‌وه دێت، وه‌لێ جێی داخه ته‌نیا هه‌فته‌یه‌ك به به‌رده‌وامی بۆمان هه‌یه به‌كاری بهێنین. ئه‌وانه‌ی لووتیان ته‌نگه بۆئه‌وه‌ی لووتیان هه‌ندێك به‌رین بێت، ده‌توانن شه‌وانه به‌(لووت فراوانكه‌ره‌وه) بخه‌ون. لووت فراوانكه‌ره‌وه كه له ده‌رمانخانه‌كان هه‌یه. ڕێ بۆ به‌ئاسانی له‌لووته‌وه هه‌ناسه‌دان خۆش ده‌كات.

ئه‌وه‌ی دووچاری پرخانده هاتبێت به‌هۆی پارچه پلێتێكی بچووكه‌وه، كه له‌ددان ده‌به‌سترێت و وا دروستكراوه، شه‌وێلاگ پێنج میلیمێترێك ڕاكێشێت، ده‌توانێت ئاسانتر هه‌ناسه بدات، ئاخر له‌م حاڵه‌ته‌دا زمان تۆزێ دێته پێشه‌وه و ڕێ بۆ هاتوچۆی هه‌وا خۆشده‌بێت. (ته‌یپ)یكی تایبه‌تیش هه‌یه كه ده‌می پێ داده‌پۆشرێت، ده‌توانێت هه‌مان ڕۆڵ وازی بكات. ئه‌و ته‌یپه لێ ناگه‌ڕێت شه‌وێلاگ له جێی خۆی بخزێت.

ئه‌وانه‌ی به‌خراپی دووچاری پرخاندن بوون، ده‌توانن شه‌وانه به (ده‌مامكی هه‌ناسه‌دان)نه‌وه بخه‌ون ئه‌گه‌رچی ئه‌وده‌مامكه، كه هه‌وا په‌مپ ده‌كاته گه‌رووه‌وه، ڕێ بۆ به‌ئاسانی هه‌ناسه‌دان خۆش و ته‌خت ده‌كات، وه‌لێ ئاخر ئه‌وی به‌و ده‌مامكه نه‌فره‌تیه‌وه، له ته‌نیشت دڵخوازه‌كه‌یه‌وه ڕابكشێت، هیچ ده‌چنێچته‌وه!

به‌شێك له‌وانه‌ی ده‌پرخێن، ئه‌گه‌ر ده‌ست له‌خواردنی چه‌ور هه‌ڵبگرن و واز له جگه‌ره‌كێشان و خواردنه‌وه بهێنن، ده‌شێت له‌پرخاندن ڕزگاریان بێت. ئینسان كه كێشی به‌رز ده‌بێته‌وه، چه‌وری یه‌خه‌ی قوڕگیشی ده‌گرێت، بۆیه گه‌لێك جار ته‌نیا به‌خۆ لاوازكردن ڕزگارمان ده‌بێت. جگه‌ره‌كێشان كارێ ده‌كات لینجاو به‌ری لووت و قورگبگرن و ئینسان ناچاربێت، به‌ده‌م هه‌ناسه‌بدات، ئه‌مه‌ش به‌سه بۆ ئه‌وه‌ی بپرخێنین. (گهوول)یش وه‌ك حه‌بی خه‌و، ده‌بێته هۆی ئه‌وه‌ی ئینسان به‌قووڵی بخه‌وێت، به به‌قووڵی خه‌وتن وا ده‌كات قوڕگ و مه‌لاشوو سست و خاوببنه‌وه و ببنه ڕێگر له به‌رده‌م به‌ئاسانی هه‌ناسه‌داندا و پرخاندنی به‌دوادا بێت.

ئه‌گه‌ر ئینسان بیر له چاره‌سه‌رێك بۆ پرخاندن نه‌كاته‌وه، مه‌ترسی زۆره ژیانی لێ تاڵ و تاڵتر ببێت. ئاخر پرخاندن به‌رده‌وام ڕێگای هه‌ناسه‌دانی ئاسایی وێران و وێرانتر ده‌كات.ئه‌وه‌ی زۆربه‌ی شه‌وانی هه‌فته پرخه‌ی بێت، پێویسته چی زووتره سه‌ردانی دوكتور بكات. پرخاندنیش وه‌ك هه‌ر نه‌خۆشییه‌كی دیكه، تا زووتر هه‌وڵی چاره‌سه‌ر كردنی بدرێت، كاره‌كه ئاسانتر به‌ده‌سته‌وه دێت. ئه‌وه‌ی خراپ تووشی پرخاندن بووبێت، چونكه ماوه‌ی نێوان هه‌ناسه‌كانی درێژتر ده‌بێت، مه‌ترسی ئه‌وه زۆره گوشاری خوێنی بڵندتر بێته‌وه، یان تووشی خوێن به‌ربوونی ده‌ماغ ببێت. ته‌نانه‌ت ده‌شێت له‌ناكاو دڵی له‌لێدان بكه‌وێت. پرخاندن زه‌بری كوشنده له‌ژیانی هاوسه‌ریه‌تیش ده‌دات، ئه‌وانه‌ی به‌توندی تووشی پرخاندن ده‌بن، ڕه‌نگه نه‌ك ته‌نیا توانای جووتبوون له‌ده‌س بده‌ن، به‌ڵكوو له‌وانه‌یه هیچ ئاره‌زوویكیان بۆ سێكس نه‌مێنێت.

به‌ئازارترین چاره‌سه‌ر ( كه‌مه‌رج نیه مسوگه‌ریش بێت)، بۆ ده‌ردی پرخاندن برینی به‌شه نه‌رمه‌كانی مه‌لاشووه، ئه‌و پیاوانه‌ی ژنان له‌پرخه‌یان هه‌ڵدێن، ناچار ده‌بن هانا بۆ ئه‌و چاره‌سه‌ره دیژواره به‌رن. شیاوی گوتنه پرخاندن زێتر دووچاری پیاوان ده‌بێت و ئه‌وپیاوه قه‌ڵه‌وه جگه‌ره‌كێشه عاره‌قخۆره‌ی ته‌مه‌نی له‌سه‌رووی په‌نجاوه‌بێت، ڕه‌نگه پرخه‌ی (گه‌ڕه‌كێك) هه‌راسان بكات.(1) 2003/2/2

1 Claes Nnero Snarkandet hotar sexlivet; Katrinehol kuriren, 31 januari 2003

* دور: ناوه‌ڕاست
* دوه : ده‌م
* ته‌وێڵ : ناوچاوان . هه‌نیه
* داوای به‌خشین له نه‌مران ( بێسارانی و پیره‌مێرد) ده‌كه‌م

## منداڵی فێری کردین بڵێین "جیهان ئایدیای منە"*؟!

## ئەنوەری ڕەشی عەوڵا

ڕەنگە یەکێك لە خەتا مەزنەکان ئەوەبێت منداڵ نەبین ...و وەها خەیاڵ بکەینەوە خەونی "**خۆ خوازی منداڵانە**" دەبینین!

= داخوا دیوتانە یا خود بیستوتانە، منداڵێك بەرەوخۆ بڵێت: من یاری منداڵێتیم تیاڕاپەڕیوە؟ منداڵانە نان دەخۆم و دەخەوم و دەخلافێم و ناز و نوز دەکەم؟ بێگومانم .. نا ! منداڵێتی منداڵ ئەوەیە بەم شێوەیە بیرناکاتەوە و ئاوەها چیەتی خۆی نومایش ناکات. منداڵ ئەوە دەکات کە دەبێ بیکات، هەرئەوەشە بۆتە یەکێك لە شوناسەکانی. (ئەو هەوڵانەی کە کراویشن بۆمناڵ بیبەرین لە ناخی ئەو و لە بونی منداڵەوە هەڵنە قوڵاون، چگە لە هەوڵدانی ویژدانێکی ئاسودە هات و هەرای گەورەکان بۆمنداڵبوونەوە هیچیترنین!) بۆ وێنە منیش (**هەرچەند منداڵم**..**خەریکی ئیشی ماڵم**) (**من پاکم** .. **پەڕەی گوڵم**)، ئەم فیگەرە جیاوازانە تێڕامانەوە خویندنەوەی گەورەکانن بۆ فەراهەمکردنی (**ویژدانێکی ئاسودە**) بۆ منداڵیەتیە لە دەسچووەکەتان! نەوەکو خود خویندنەوەی منداڵ بێت بۆ ئەو جوانی و بێگەردی و دڵپاکیانەی منداڵ کە منداڵیەتیەکەی بەرهەمی هێناوە، چونکە گوتمان منداڵ ئەوە دەکات کە دەیکات. لێرەوەرا جێی سەر سوڕمان نیە کە درەختی قۆخ.. تری نەگری، وەلێ سەیر دەبێت بەقۆناخەکانی منداڵێتیدا تێپەڕیان نەکردبێ بۆ ڕاگەیشتن بە قۆخ و ترێیەکی گەییوو. خۆناکری ئەو ئامۆژگاریە بە فەڕەی گەورەکانیشمان لەیاد بچێتەوە کە (**بەرسیلە تریێ نیە**).. بەڵکو قۆناغە ڕێیەکی منداڵێتی ترێیە! کە چەندین جار تام و ڕەنگو بۆنی خۆیان دەگۆڕن. گەرچی جارهەیە پێگەییینیان بەتامە و جاریش هەیە بەکاڵی بەتامن. نەخاسمە منێکی کاڵی ساتە ( **پڕ فەنتازیاکانی نوسین**) چۆن چۆنی لەدەستی بێت تەرجومەی ئەو حاڵتانە لە ئێوە بگەیەنێ

(**کەئایا منداڵێتی چۆن خۆی دەنوسێتەوە**!؟) چونکە منداڵ (**ئەو دوورگەی بەختەوەرییە**) تەنها لە دەستی دێت بەهەست وپێستەوە هەڵگری یادەوەری وجوودە بێشوناسەکەی خۆیبێت. نووسین _ بەتایبەت شیعر=پیاهەڵگوتنێکی ترە بۆمومارەسە کردن منداڵی بەبۆن و چاوو لەمسی ئەوی منداڵ (**کە لێی قەرز کراوە**)! گەر ئەم ڕاستیەمان پێقوت نەچێ، پێمانوابێ ئێمەی گەورەکانین جێگەی منداڵ دەگرینەوە ... و منداڵەکان فێری ئەلف و بای ژیان و ئەدەبەکانی ناویشی دەکەین، نەختینەیەکیش بێت خەتامان دەرهەق بە (ناسین) کردووە. ئەمەیش وامان لێ ئەکات ڕێك و ڕەوان لەو ڕاستیە بسڵەمینەوە کە دەڵێت: کێ بەقەد منداڵان لە ئازادیدا دەژین.. زۆر سادە یاسا هەڵدەوەشێننەوە، سەری یەقین دەشکێنن

دەچنە کووچەی پێچاوپێچی وەهاوە، مەگەر هەر زمانی منداڵی بۆمان بگێڕێتەوە ئەوخەیاڵانە چ واقیعێکبون!

شیعریش ڕاستگۆیانە دەتوانێ بەهەزار زمان ئەو گەواهیەمان بۆ بدات. بەڵێ زۆرجاریش ویستومانە مانگ دابگرین و کەچی بە نوقڵێکی ترش و شیرینیش قەناعەتمانکردوە...، گەرچی بیستو مانەوە دەبیستین. (**ئاخر منداڵ بێئەقڵ و کاڵفامن**) گەر ئەومافە بەخۆمان ڕەوا ببینین .. دەشێ بەماف بەرابەریش ڕازیبین، گەرپێیان وتین ئەی گەورە ئاقڵ و فامیدەکان (**گیرۆدەی داهۆڵەکانی ئەقڵ**) هەتاوەکو بەهاتەکانی گەورەییشتان توشی نەهامەتی و نابووتی نەهاتووە، دەست بەگەورەیی خۆتانەوە بگرن و منداڵێتی بەجێبهێڵن بۆخۆمان! تۆ دەکاری وەکو گەورەیی خۆت بدرکێنی .. منیش وەکو منداڵێتی خۆم بدرکێنم! نەبەزمانی منەوە خۆت تەمێ بکە. نەبە زمانی تۆوە خۆم تەمێ دەکەم! نەلاسایی فرەزانینت دەکەمەوە. نەلاسایی فرە زانیم بکەرەوە! ئەگەر ئاوەها نەکەین و بەقووڵی لەم وتووێژە تێنەگەین پێدەچێ، نەك پێدەچی بەڵکو ناتەواویەکانی گەورەیی و منداڵێتیمان سەرو بن لێتێکدەچێ. ئەگەر وانەکەین و دوورنمایانە ڕانەمێنین بەم (**ڕۆژ هەژاریەوە**) پێدەچێ نەبتوانین هاوسێ نە دۆست بین (ئەگەر هەرچیەك هەستا و بەناوی ئەویترەوە پەیڤی و نوینەرایەتی دەرونی ئەوی تری کرد)،خۆهاتوو ئازادیمان لەناسینی شوناسی سەربەخۆی یەکتریەوە خۆی نمایشی بکات، ئەمە پێماندەڵێتەوە: چەند مەزنیەکی جوانە هەرکەس بتوانێ خۆی و ئیرادەی خۆی بێ. منداڵ منداڵ ...و لاولاو و... پیریش پیربێت! بەڵێ جوانیەکی مەزنیشە هەرشتێك بەری فەزیلەتی خۆی بگرێ... میوە تامی ڕاستەقینەی ئەزمونەکانی خۆی هەبێ! ئێوە بە (**پروشە**)* چی دەبێژن کەلە ئێوارەیەك لەئێوارە وەختەکان لە باڵکۆندا جگەرەم دەکێشا، ئاسمانەکەی تەمو مژ بوو، گەواڵەی هەور مانگ دادەپۆشی وجارجارەش دەردەکەوتەوە..وەك بڵێی چاوشارکێمان لەگەڵ بکات.. لەو ساتە وەختەدا ئاسمانم بە گەلەریەك دەبینی و نومایشی ڕەنگە کانیش چەندین تابلۆی پڕ موعجیزەبوون. ئەم دیمەنە سیحراویەش پروشەشی کەمەند کێش کردبوو، ئەگەینا بۆڵە پرێکا ئەوی شەش ساڵ گوتی: (**ئەنون**=**واتە ئەنوەر**) مانگ دەچێت دەخەوێت؟ =سیتاڤی نۆساڵەش لە ئۆتومبیلدابوو لەگەڵ باوکیدا و دوای بێدەنگیەك کە دیمەنی سەوزی دوورو بەر کێشابوی بەسەریاندا، بێ یەکەندەر و پێشەکیەکی منداڵانە ڕوی دەمی کردە باوکی و گوتی: بابە ئەزانی ئێوە خراپن؟ باوکیشی بە سەر سوڕ مانەوە وتی: بابەگیان کێ ئاوای تێگەیاندوی، سیتاڤیش گوتیەوە: باشە ئێی بۆماسی دەکوژین؟! * **جیهان ئایدیای منە**) **ئارتۆر شۆپنهاوەر**

* **سیتاڤ و پروشە** = **برازامن**

# ڕاپۆرتێکی کورت

### دەربارەی بونیادنان و چالاکیەکانی یانەی سارای منداڵانی بە شارا کراو لە سلێمانی

دوابەدوای کردنەوەی (یانەی شارای منداڵان) بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی یانە _کەبە ژمارە 1 کی گۆڤارە خۆشەویستەکەماندا _ جیهانی منداڵان _ بڵاو کرایەوە .. دەستمانکرد بە هەڵبژاردنی ئەو منداڵانەی هەژیانی ئاسودەیی منالێتی مەحرومن و، لەبەر هەژاری ئەو دەرەنانەیان بۆ نەرەخساوە لە پەروەردە کردن و یاریکردن و بەرگ و خۆراك و وەرزش و ...هتد بەهرەمەندبن.

بۆ ئەم مەبەستە یانەکەمان فۆرمێکی تایبەتی ئامادە کرد تا پلەی نەداری و بێنەوایی و مەحرومبونی ئەومنداڵانەی پێدەستنیشان بکات و .. بەمجۆرە لە کۆی 25 منداڵ لەنێوان 4 و 5 ساڵیدا هەڵبژێرران تابنە بەشداری یانە و.. هەرێیکەیان فایلی تایبەتیان بۆ



ڕێکخستن.. چەندین منداڵی موستەحەقی دیکە مانەوە کە بۆ داهاتوو لەهەر دەرفەتێکدا بکرێنە بەشداری یانە.

لەلایەکی دیکەوە و.. بەر لەم کردارە.. یانە تەقەلای‌دا ستافێکی کارامە و بۆ بەڕێوە بردنی یانە پێك بێنێت. لە (تۆژەری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی (دادە و پزیشك و خۆراك ئامادەکەر و چاودێر و.. هتد.

ئیدی لە ڕۆژی 2002/5/21 دا دەوامی تەواوی بەشدار بووانی دەستپێکرد و.. ئەو ڕۆژە ئاهەنگێکی خنجیلانە لە هۆڵی یانەکەدا گێڕرا.. لەم ئاهەنگەدا.. جگە لە منداڵە بەشدارەکان و دایکو باوکیان و ستاڤی یانە.. بەڕێز کاك (ئەمجەد)ی بەڕێوە بەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی و بەڕێز (حیسام حەکیم) ڕێکخەری بەرنامەی ڕێگخراوی (کیدۆ)ی کوردستانی و هەندێك لە دۆست برادەرانی

یانەش بەشداریان کرد ودوای ئاهەنگەکە. نەخشەیێکی کار و چالاکی وەك (بەرنامەی چالاکی یانە) لەلایەن سەر پەرشتیاری یانە خرایە بەردەم بەشداربوان بۆ وتوویژکردن و بڕیاری لەسەر درا..



ئەونەخشەیە کەوێنەیەکی لەخوارەوە بڵاو دەکەینەوە.. بەوردی گشت لایەنە پەروەردەییەکانی منداڵی تێدا ڕەچاو کراوە..بەتایبەتی خسوسیاتی ئەم یانەیە و تەمەنی منداڵەکان و.. هتد..کەلە پازدە هەنگاو پێکهاتووە و.. تێیدا ئەوە بە هەند وەرگیراوە کە ئەو منداڵانە لەوتەمەنەدا پێویستیان بەوە هەیە هەر سەعاتێك جۆرە شەربەت و شیرینی و میوەیان بدرێتێ جگە لە ژەمە خۆراکی سەرەکی.. چونکە کات و سەردەمی نەشونمای جەستەیین.. لەگەڵ جۆرە وەرزشێك هەم یاریدەری ئەو نەشونمایە بێت و هەم لە گەڵ یاری کردندا هێندە



جیاوازی نەبێت..

بۆ ڕێنمایی پەروەردەییش لێپرسراوی یانە جگە لە دەیان گۆڤار و نامیلکەی منداڵانە و بەژمارەیەکی تەواو بۆ منداڵە بەشدار بوەکانی ئامادە کردبوو. هەر وەها لە دەفتەرێکی تایبەتیدا دەستنیشانی ئەو

سروود و گۆرانی و شیعر و چیرۆکانەیشی بۆکردبوون.. لەگەڵ شێوازی وتنەوەیاندا.. کەبەجۆری پێیان بوترێتەوە، منداڵان هەست بەوە نەکەن دەرس دەخوێنن.. بەبێئەوەی هەست بەخۆیان بکەن..



بەهۆی دووبارە کردنەوە و تەمسیلکردنەوە فێربن و..

لەمەیشدا بەهیچ جۆرێك (ئامۆژگاری و وعز و ئیرشاد) بەکار نەهێنن.. (سەرزەنشت و تووڕە بوون) لەیانەدا قەدەغەیە و.. تاکە بەرنامەیەکی پەروەردەیی لە سزا و خەڵاتدا لەیانەدا پێڕەو بکرێت.. (ئافەرین و چەپڵە و هەندێ دیاری بچووك) وەك خەڵات و. (دواخستنی ژەمە خۆراك یان شیرینی و شەربەت و.. هتد بۆماوەی شەن دەقیقەیەك) بۆ سزادان بەکار دەهێنرێت.. یان (مەحرومبوونی جارێك لەیاریکردن _ پایسکیل و تۆپێن و گوریس پچڕێنە و..هتد).. لە نمایشی فیلمی (کارتۆن و گۆرانیە کوردیەکان و هەلپەڕیندا..) ئەوە ڕەچاوکراوە لەئاستی توانا و زەوق و زمانی تێگەیشتنی منداڵەکاندا بێت سەرباری لایەنی پەروەردەیی. بۆ هەرچالاکیەکیش کات و ساتی خۆی دیاری کراوە و.. و ئەو چالاکیانە (زۆربەیان) لەو ڕۆژانەشدا پێڕەو دەکرێن کە لە دەرەوەی یانەدان (لە پارك و هاوینە هەوار و باخچەی ئاژەڵاندا...)



ناوی بەشدارانی یانەی سارای بەشارا کراومان

ناو ................................ تەمەن

1 – ژوان ئەحمەد محەمەد .............1997
2 – شەم ئەبووبوکر عەبدوڵا ............ 997
3 – شایان حسین محەمەد ............. 997
4 – ساقۆ عومەر محەمەد ............... 998
5 – ئالان ئەکرەم ئەحمەد ............. 998
6 – ڕزگار حسامەدین حەسەن .......... 999
7 – شانیا عەلی محەمەد ................ 997
8 – لەنیا عەلی حەمەئەمین............. 997
9 – سینا یوسنی غەریب ................998
10 = دارکۆ عەتا حەمەئەمین............997

ئەمانە هەندێکیان ئەمساڵ دەگەنە تەمەنی قوتابخانە و..لە جێیان منداڵی دی وەردەگیرێ کە سەرەیان گرتووە.



بەر لەمانەش چەندین منالی بەشدار بەهۆی وەرگرتنیان لە قوتابخانە، یان گواستنتنەوەی ماڵیان لە یانەدا نەمان.. زۆربەیان بە تەواوی لەپەروەردە کردن بەهرەمەند بوون و.. هەموشیان (بروا نامە)ی یانەیان پێدرا .. کە ئەمانەن.

1 – شکۆ عادڵ حەمەسەعید لە 31/ 8/ 2002دا بڕوانامەی وەرگرت ،لێرەدا وێنەیەکی بڕوانامەکە بۆ نموونە بڵاو دەکرێتەوە.
2 کاڵی دارا عەلی
3 ڕۆژان فەرهاد لوتفی
4 سۆما ئەحمەد عەلی
5 فرمێسك ئەحمەد عەلی



یـانـەی (شـــارا)ی منداڵان

SARA CHILDREN CLUB

بڕوانامە

شکۆ عادل حەمەسەعید لە ڕۆژی 2002 /5/25 تـا 2002/8/31

بیێکێك بووە لە بەشداران و.. یانەکەمان ئەم بڕوانامەیەی بە پلەی (زۆرباشە)

پێشکەش دەکات ..لـەگـەڵ ڕیـــزدا

ڕەوف حەسەن

سەرپەرشتیاری یانە

1/9/2002

یانەی سارای منداڵان

SARA CHILDREN CLUB S.C.C

چالاکی و بەرنامەی ڕۆژانەی یانەی سارای منداڵان

| ز | بەرنامە | کات |
|---|---|---|
| 1 | چالاکی سەربەست | 9:00 - 8:30 |
| 2 | وەرزش | 9:30 - 9:00 |
| 3 | خواردن (شیر و پسکیت) | 9:45 - 9:30 |
| 4 | ڕێنمایی پەروەردەیی | 10:00 - 9:45 |
| 5 | یاریکردن | 10:30 - 10:00 |
| 6 | نمایشی فلیم کارتۆن | 11:00 - 10:30 |
| 7 | ژەمە خۆراک | 11:30 - 11:00 |
| 8 | چالاکی هونەری | 11:45 - 11:30 |
| 9 | خواردن (میوە و شیرینی) | 12:00 - 11:45 |
| 10 | یاریکردن | 12:45 - 12:00 |
| 11 | | |
| 12 | | |
| 13 | | |
| 14 | | |

6 لیڤان ئەبدوڕەحمان مەحمود

7 سۆزیار کەمال قادر

8 زەمەن عەلی حوسنی

9 لەنیا کامل حەمەئەمین

10 کاژزان دارا عەلی

شایانی باسە.. هەتا ئیستە هیچ کەسایەتی و لایەن و ڕێکخراوەیەك کۆمەکی ئەم یانەیەی نەکردوە .. هەمو ئەرکی دارایی و بونیاد نان و هتد.. تەنیا لەلایەن ماۆستا (عەلی کیتابی) یەوە بووەو..خۆشنان لەگەڵ یارمەتیە سنوور دارەکەی میرزا عەلی کیتابی کە بەو پەڕی گیانی لەخۆ بوردنەوە شانی داوەتە بەر ئەم ئەرکە پیرۆزە شارستانییە بەڕاستی مایەی شانازی هەمومانە.. ئێمە هەرگیز داوای هیچ کۆمەکێکمان لە هیچ کەس و لایەنێك و ڕێکخراوێك نەکردووە.. تەنها هێندەی هەیە کە ماۆستا (شەهاب مەنمی) لەجیاتی (میرزا عەلی) لەسویدەوە مەسرەفی مانگێکی یانەی بۆ ناردوین و.. ماۆستا (فایەق پێنجوێنی)یش هەر لە سوێدەوە .. دیاریەکی بۆناردوین..سوپاسی بێپایانی هەر دوو ماۆستا مەنمی و پێنجوێنی دەکەین.

لەیلا حەمە عەلی

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

یانەی شارای منداڵان لە سلێمانی

نەورۆزی 2003

# هه‌سه‌ن



سیامه‌ند هه‌ورامی

دیا مدێو مه‌له‌ِ خه‌ریکه‌نه ئێروو یاپراخه‌کا که‌رو . خه‌مش به‌ِ سوچو.

_ کناچه‌ِ هوشوو وه‌ِت بوت نه‌سوچی!" ئاخر سه‌رپوشی نایلون و ئێرشا که‌ی ڤاته‌ن
چی یڤه مه‌ده‌ی چور "

مه‌لی به چه‌مه‌ِ دووکه‌ڵ گه‌سه‌ِڤه سه‌ره‌ش به‌رز که‌ردۆ و ماچو: نانا مه‌ته‌رسه!

چه‌مش جه مه‌له‌ِ بڕی و دیا ئاسمانۆری، پوپه‌و سونیۆ په‌لۆڤ، هۆری چه‌رمه‌ش که‌ردۆ چه‌م "نا نا مه‌ڤارو، هه‌ڤا وه‌شا" شه‌ماڵی له‌ره‌ش ڤسه‌بی چناره‌که‌و ته‌لانه‌ِ وارینه‌ِ و ئیدیچ ته‌ڤه‌نه‌که‌ِش لکنێبه‌ِ سینه‌شه‌ره و یاگه‌ِ ویشه‌نه و سه‌روو په‌یاڤه ئه‌ِ و لڤی .

ده‌نگوو کاکه‌یش ئاردۆ ویشه‌ره .

_ کوره ده‌ی بده‌ ته‌ڤه‌نه‌که‌ِ ! چی وڕ بیه‌نی ؟

_ها کاکه گیان .

کاکه‌ش خه‌ریکوو ئه‌ڤه‌نیای که‌ڵه‌که‌ڤی وڕێ به‌ِ و ئه‌ِدێچ ڤه‌رده‌سیش که‌ره‌ِ . کوچه‌ِ هه‌لای نامێبه‌ِنه‌ِ ملکه‌ره . هه‌ر رڤه‌ِڤ، هه‌ڤا وه‌ش بیێ مه‌ردم ئه‌ِ ملکه‌ره و ده‌س ده‌ِ هه‌رمانا دله‌ِ ملکیۆ ، که‌ڵه‌که‌ِ نیه‌ِنێ و شه‌خه‌ڵ پاك که‌ره‌ِنێ .

ئارو ئه‌ِدێ و کاکه‌ش خه‌ریکه‌ِ ئه‌ڤه نیای ئا که‌ڵه‌که‌ِ به‌ِنه‌ِ . نامه‌ِش هه‌سه‌ن به‌ِ ، دڤانزه ساڵه‌ِش به‌ِ و زاروڵه‌و یه‌ره‌موو یانه‌ی به‌ِ .

کاکه‌ش و مه‌له‌ِ واڵه‌ِش چه‌ِدێ گۆره‌ته‌ره‌ِ به‌ِنه‌ِ .

شه‌ماڵ بوه‌و یاپراخا گه‌ڵای تازه‌ی په‌ِچنه‌ِ دووکه‌ڵۆ و ده‌ِ ده‌ماخشۆری . ته‌ڤه‌نه‌ِڤه‌ی ته‌ره‌ش ئاماده‌ی که‌رده‌ِ به‌ِ و مدرا به‌ِ دیاروو کاکه‌یشۆ . کاکه‌ش خجڵوو ره‌ِك ڤسه‌ی ته‌ڤه‌نه‌ِڤه‌ِ گۆره‌ِ به‌ِ . ته‌ڤه‌نه‌که‌ِ ناله‌باره به‌ِ و په‌یش نه‌مومیه‌ِ .

_ کاکه گیان قوربانه‌ت بوو هوشوو وه‌ِت بوت !

خه‌مش به‌ِ کاکه‌ش په‌نجه‌ِ ویش کڤو . دیاڤه هارگاکه‌ِره.

_ مه‌له‌ِ دا بزانه ! یاپراخه‌که‌ِ نه‌سوچیا.

ئه‌دڵاش ماچو: نا زوا مه‌نه‌نشا.

_ ده‌ی ئاخر ئه‌ِمه ئاورامانه .

خه‌مش به‌ِ چه‌ِڤه‌ِڤ، روه بدۆ. تاته‌شا پار مه‌رده به‌ِ ، چا وه‌ختۆ ئه‌دێشا هه‌ر چنده‌ِڤ، جاریڤ زۆق ته‌ِکه‌ِ دێبه‌ِنه‌ِ .ئه‌دڵاشا به فره‌و چه‌ِڤا گنه‌ِڤه ڤیروو تاته‌یشا و شیڤه‌ن هه‌س که‌ره‌ِ .

به مووچوو ده‌سیش سه‌ره‌ش کلاشتشوو ماچو : کاکه گیان ده‌ست وه‌ش بو ، ده‌ی وه‌ڵلا مه‌ر هه‌ر ئوسا حه‌مه‌ی هه‌رمانه‌ی چیمنه‌ِشه که‌رده‌ِبو ، ده‌سه‌کات شوره و با بلمه‌ِ تیکه‌ِڤ، نان بوه‌رمه‌ِ .

_ په‌له مه‌که‌ره با یاپراخه‌که‌ِ بیاڤا په‌نه !

_ کوره کاکه ئاخر خه‌مما هه‌م چه‌ِڤه‌ِڤ، روه بدۆ و ئه‌دام په‌ِسه گرد جاریڤی که‌روشۆ به‌زم و نازو بوه‌رمه‌ِشا!

_ باڤه‌رم نیا مه‌ته‌رسه !

روجیار یاڤا به‌ِ دڤه‌لای ئاسمانی، شه‌ماڵ که‌ی به وه‌ره‌شه‌ِلا که‌ری ، سه‌یه‌ِ وه‌شه‌ِ بیه‌ِ به‌ِنه‌ِ و که‌ڵه‌که‌که‌ِ یاڤێ به‌ِ بیبنگا . چه‌نی کاکه‌یش ده‌سشا جه هه‌رمانه‌ِ که‌ِشا و روه‌شا نیا ئۆ به‌نگاکه‌ی . تا کاکه‌ش ده‌سه‌ِش شته‌ِره ئه‌ِدێ ته‌مووه که‌ڵه‌که‌و لا به‌نگاکه‌یۆ دڤیه‌ر په‌له‌ِ کنیڤاڵیش که‌نده‌ و چه‌نی شته‌ی ده‌سه‌کاش ئاده‌ِچه‌ش ئاڤی که‌ِشته .

بوه‌و یاپراخا گه‌لای تازه‌ی و شڤیتی ئا دۆروو به‌رشه ته‌نا به‌ِ . کوچه‌ِڤ، چۆ لا هارگاکه‌ِڤه سه‌رووِ یه‌ك گڵه‌ِمیۆ هه‌ر یو گوشه‌ِڤۆ نیشته‌ِره . ئه‌دڵاشا به فه‌ڤیانه‌ِ گجیه‌که‌یش نه‌ما گوشی ڤابله‌مه‌که‌یو هاڵیش که‌رده‌ره دله‌ِ سینیه‌ِڤی و ماچو: دا مه‌له‌ِ گیان بده‌ ئا که‌ره‌ِ !

مەلە نەما کاسەو کەرەکە و داش دەسوو ئەدێشۆ . ئەداشا بە چەمچە چڤینەکەی پەروو دڤە چەمچا کەرەش نیا سەروو یاپراخەکاڤە . کەرە ڤەروو گەرمای بە پەلە پیدێم و پۆ دیمەرە ویش دارە . هەر یو سەروو نانشا نیابە سەروو زەنگوڵێو و هەرکام بە مەزەنە ئاندە بێ دۆروو یاپراخەڤەنە نانی وەمانەش بریە بە و گرتەبەشەنە یاپراخیەڤە . هەلای فوو کەردەیەنە بەنە دەنگوو ئەدێ بەرز بیۆ."چنێ حەز بە یاپراخا گەلای تازەی کەری چەمەکەم کووری با !".

سوزوو ئاڤازەو ئەدێ چانەیەنە نەبە زاروڵە چەنەبەرش بێ .

هەرکەس فریا کۆتە بە و یاپراخەش نیێ بە دەم گیرش وارد دەسشۆ و ئانەیچە فریا نەکۆتە بە دەسشۆ مەنۆ . شیڤەن گەرم بی ، دڤە کناچەکەی بانگشا هور دا ، کاکە لڤاڤە لا و ئیدێچ تیکەکەش نیاراڤە .

ڤەرەگا لابلای دڤەندەرەی کاکەش لەقە هەزمەڤ، سەروو شانەیشۆ و ئەدێ و ئەداش و مەلە والەچش هەر یو کولەڤ، کولەشاڤە بە . مەلە دەرزەڤ، چوکلە و ئەدێ کولەڤ، گیڤاڤ، وئەداش قابلەمە یاپراخەکە.

دیا کولەکەو ئەدێشەرە " تو ڤاچی بازو ڤەرەگا بوەرمیشا؟ بەش هیچ روە نەدو! باڤەر مەکەروو ، ئەدام هەر چەڤەڤ، مەزوڤە !"

هەسەرەڤە بە غار داش لاشانە ، عەبەو . . . سەرشۆ بە ، وەخت بە کناچە گولانەکە کەرو چەرۆ ، کاکەش توورە بە ،

_ نا کاکە گیان قوربانەت بوو ! قێد مەکەرو خو هیچ نەبی .

_دەی ئاخر مەبو بزانو جادە ئاڤەدانییا و وەختوو غار کەدەی نیا ؟!

_ دەی قێد مەکەرو تو وەت نارەحەت مەکەرە !

دەگانە کاکەش نەما ئاڵفەکەی و رووەش نیا گۆرەکەی . ئاندەش نەشی پەنە و بە پەلە گەلاڤە دما . تەك شیە بە . ئەدێش کەشتۆ لا .

_مزانی تالانی بەردەکە توپان !

_ کورە باڵەی ؟!

_ بەری وەللا .

ئیجارە جوتەی رووشا نیا گۆرەکەی ، بوەو پەینە و ئاڵفی کونەی تەکەڵ بیە بە و روشنایی تاکە دەلاقەکەی تەنیا روشنایی گۆرەکەی بە ، هەرە چەرمە دلەراسەو گۆرەکەیەنە بە کرچە درەژ کەشیا بە . چەنی کاکەیش بە چەمە پەرەڤە دیێ هەنترینیەرە .

_کاکە سەدەقەت بوو با جارەڤ، ئەدام نەزانو !

_دەی هەر مشیو بزانو ؟

_ ئەرە ، بەڵام با جارەڤ، !

ڤەرەگا یانەنە گلەرە بیەبەنێ و دۆروو سینیەکەیەنە بازنەشا بەسە بە . کتریەو سەروو مەقەڵیەکەچ بە تاقەتیە کەرە ، ماتڵە بەنە نان بوەرا . چی وەختەنە دەنگوو شوانەی ئاما" ماڵ ئاڤا ، نانوو شوانەی ماڵ ئاڤا "

ئەداش ماچو: " دا کناچە نانەڤە بەرە دە پا شوانەیە !"

. مەلە بە پەلە نانەڤەی ساقەش تەسەکەنە هور گرتە و پلەکانەکارە ڤەسەرە .

ئاندەش نەشی پەنە گەلاڤە ، رەنگەش پرێ بە ، بە دەنگیڤی گیریاڤە ماچو :_ شوانە ، شوانە ماچو "بزە چارە کوی کوشتەنە "

_ چەش ؟

_ بزە چارە کوی کوشتەنە و نەیاڤێنەیچ کاردی .

ئەدا بە ئاڤازۆ : یانەی بە ئاد ، ئینە گرد بە ئادیا .

هەسەنیچ کە زاناش ئی جاریچە یاپراخەکە کۆتە گیچەڵ ، رووش کەردەنە ئەدێش و ماچو : ئەدا هەرە چەرمەیچ توپان ! قوربانەت بیەنا شیڤەنوو ئادیچی هەر ئیسە کەرە و با بریوڤە !

**نفیسەو سیامەند هۆرامی**

سەرنج ! ( ە ـە ) جیای چەرەی ( کەسرەی )ئامێنە.

# منیش کاتم نیه!

منداڵەکەمان کە تەمەنی دوو ساڵ و نیوە بەبێ تەلەفزیۆنی مێدیا هەڵناکات، بەو تەمەنە بچوکەوە ووشەی دیموکراتیەتی زۆر پێخۆشە. لە ناو ئۆتۆمبێلدا نەبێ خەوی لێناکەوێ، لەبەر خاتری ئەو هەموو ڕۆژێ دەبێ خولێکی ناوشار بکەین. جا با ترافیکی ناوشاری ستۆکهۆڵمیش بوەستێ. لەم وڵاتە کات گرنگە و پیاو دەبێ هەردەم چاوی لە سەعات بێ. ئێ بەخوا خۆم و شوەکەم خەریکی خوێندنی باڵاین و یەك دەقیقە بە یەك مسقال ئاڵتون ناگۆرینەوە. کاك مەستۆی مێردم تەقلە بە فیل لێئەدات ئەوەندە زمانی قەناعەتی بەهێزە. ئاپارتمان لە شاری گەورە بەئاسان دەسناکەوێ، بەڵام ئەو بە تەلەفۆنێك شوقەیەکی سێ ژووری پەیداکرد.

= برادەرێك گلەیی بێکاتی خۆی ئاوا دردەبڕێ: ماوەی ساڵێکە خەسوم بەسەردان هاتوەو داوای ئیقامە ئەکا، ڕۆژانە بەسیرکردنی تەلەفزیۆن ئەباتەسەر. ئەوەی گوێی پێنادات کوڕەکەمانە کە لە کوردستان پێش ساڵێك گرتومانەتە خۆ. تاداوای ئیقامەی نەکردبوو باسی شەڕی نەئەهات بەوێردا، ئێستا حەزدەکات ئیسرائیل سوریاش داگیربکات تەنها بەمەرجێ ئەو ئیقامە وەرگرێ، چونکە خۆی خەڵکی فەلەستینە.

= لە وڵاتی خۆمان (کوردستانە حەیاتەکە) کە کچێ مێردێ دەکات ئەبێ لەو شوێنە بژی کە کەسووکاری مێردەکەی دەژین، واتە لە سنووری خاکی خەسوو خەزورە. پەندێکی کۆنی بۆسنەیی ئاوا باسی خەسوو دەکات: مرۆڤ ناتوانێ سەیری دوو شت بکات، یەك هەتاوە و ئەویدیش خەسووە! لەسویدیش بەپێچەوانەوە کوڕەکان دەبێ باربکەن بۆ هەواری کەسووکاری کچەکە. کێشەی بووك و خەسووش هەنێ کەمترە. بەڵام نەنەو بابەگەورە هەرچەندە خانەنشینن، کاتیان نیە تاکو کچ و کوڕەزاکانیان بێنەلایان.

= سەیرئەوەیە کەکەس لەم ئەورووپایە کاتی نیە. کابرا بێکارە بەڵام بێکاتە. پەناهەندەیەکی تازە بیانوی ئەوەبوو کە شەوی ئەم وڵاتە (سوێد) درێژەو خەوی زۆرە بۆیە کاتی کەمە. بەهاوینانیش ڕۆژ درێژەو ناکەوێتە ماڵ.

**مەیمونە نووسەر**

جارێکیان خێزانێکی کوردی ئاوارە لەناوچەی (سەلاسی باباجانی ناوچەی جوانڕۆ)، خێزانێکی جوتیاری ئەو ناوچەیە بۆخواردن دەعوەت دەکەن. سفرە بەخواردنی هەمەجۆر دەرازێننەوە: جوتیارەکە هەرچەندە سەر ئەباتو ئەهێنێ ناگاتە هیچ ئەنجامێك. ناچار زۆری بۆدێت و دەڵێ: ماڵەکە ئەرێ ئێژێ من بە مەیمون یا گا تێئەگەن ئەم هەموو خواردنەتان داناوە، وەخودا ئەم قاپە ماست و دوونانە بۆمن بەسە..

وێدەچێ ئەگەر کاك (عومەری فارس) ڕازی بێت مەیمونیش بۆی هەیە لەم سایتەدا شت بنووسێ. ئەی ئەوە نیە هەندێك پێی وایە جۆرێ لەمەیمونەکانیش دەتوانن ببنە نووسەر و لەناو شاشەی کۆمپیوتەردا هەڵبەزودابەز بکەن. (داروین) ڕاستی وتوە کە مرۆڤ کاتی خۆی مەیمەن بوە. لەبیرمە تازە دەستمکردبوو بەقۆناغی ناوەندی، هاوین بەسەردان چوم بۆ بیارەو هەمان فەرمودەی داروینم بە باباگەورەم وت، کە باوباپیرمان هەمو مەیمون بوون. لەوەڵامدا وتی: جاخۆ هەمووجارێ لەکاتی گوێز پێگەیشتندا کرێکار دەگرم بۆ کۆکردنەوەی گوێزەکانم.. جاکوا دوانتان مەیمون بونایە و لەم باخانەدا دەرنەچونایە.

**ئاسۆ بیارەیی**

## خەڵات

لەم وڵاتە خۆر لە جەنگەڵ ئەڕوێت و
هەر جەنگەڵیش قووتی ئەدات
دوایین بڕی هەڵفڕینی چاوەکانم
سەر جەمسەری شین و سەوزە
کەم رۆژ هەیە بە تەسەلی
باران لێوی خۆڵ ماچ نەکات
دەشتەجاڕی پڕ لە دڕکی
گرێی تاسە و حەز و ئاواتی هەڵقرچاو
نامۆییێکی کەس نەناسە.
کیسە زبڵی رەستورانان
پڕ لە خوزیای منداڵی زگ پڕ لەبرسی و
چاوەڕوانی (کەریم ) ی خوای
خەڵاتی دەس ئەوانەیە
خوایان داینێ و
وشەی ژینیان
لە قاموسی وڵاتمانا رەش کردەوە.

**رەسوڵ سەفەریانی=ئاگوستی** 2002



من ناوم ڕێناس عەبدول ە: خەڵکی کوردستانم و لە شاری کەرکووک لە دایك بوومە، ئیستا من ئاوارەم لەسوێد. هیوادارم کە ڕۆژیك بێت بگەڕێمەوە بۆکوردستان لە شارەکەی خۆم کەرکووك بژیم لەگەڵ کەس و کارەکەم وە هاوڕێ دڵسۆزە کانم یاری بکەم. باوکم بە وردی ڕپورتاژەکەی کۆژین و ئەم گۆڤارەی بۆ خویندمەوە، زۆر سوود وچێژم لێ وەرکرت، بۆیە دڵم بەم چەپکە گۆڵەوە پیشکەشی کۆژین و گشت منداڵە ئاوارە کانی کەرکووك کوردستان و جیهان دەکەم.



### ئەم چوارینە بۆ دیلانە

**دیلان هەر چەندە جوانی**
**شیکی و لە سەر دڵانی**
**دڵی شەوەت تەزاندوە**
**سنوورت بە زاندوە**
**بۆ روت وەر ئەچەرخێنی**
**ئەو کچە جوانە نادوێنی؟**
**ڕۆژێك دەبێ لەمەولا**
**بۆ کچان کەویە هەلوەلا!**

2003/3/12 یوتیبوری ع کتابی

# ئاوڕێك لە منالانی ولات



رەسوڵ سەفەریانی

منالە خۆشەویستەکان، ئێستا که من خەریکم لە زوخاوە گشتیەکانی گەلەکەمان و بە تایبەت ئێوەی خۆشەویست جەرگی سپی ئەم لاپەڕە رەش ئەکەمەوە، تەنیا بە ژمارەی پەنجەکانی دەستێکمان رۆژمان ماوە بگەینە کۆتایی ساڵی 2702 کوردی، واتە واین لەبەردەم ساڵی تازە و نەورۆزی کوردەواریدا، بۆیە هەر لە ئێستاوە من ساڵی تازە و نەورۆزتان پێ پیرۆزبایی ئەڵێم و ئاواتەخوازی نەورۆز و ساڵێکی خۆش و شاد و پڕ لەسەرکەوتنم بۆتان. هەرچەن ئەزانم ترس و دڵەڕاوکەی هەڕەشە و مەترسی شەڕێکی نەخواز و زۆرە ملێ و داسەپاو بەسەر وڵاتەکەمانا، وای لێکردوین هەموو رۆژەکانمان وەك یەکە و ساڵی کۆنە و تازەمان لا بێ مانایە. زۆر جار ئەڵێم ئەگەر قەرارە لە ساڵی تازە و بەهاری سروشتدا، بە جێی ئاگری نەورۆز و گرمەی نارنجۆك و گڕپژاندنی شەمچەی ماوزەڕ و فیشەکە شێتە، گڕی ژیانی سوتاو و چڕەدوکەڵی ماڵی گڕ تێبەربوو و گرمەی تەقینەوەی بۆمباو ساڕۆخی ژیانبڕ و فیشەك و ڕاکتی تەیارە بێ بەزەییەکانی پارێزگاری سەرمایەداری لە وڵاتما بتەقێتەوە، خۆزگا قەت ئەم ڕۆژانە کۆتایی نەدەهات و زەمان ئەوەستا. بەڵام بە داخەوە، نە زەمان بە خۆزگەی ئێمە ئەوەستێ و نە توانای پێشگرتن بە شەڕیشمان هەیە. وەك گەنمی ژێرهارەمان لێ هاتوە و چاوەڕوانی وردبوونین. دارێکمان پێیە هەر دوو سەری پیسە، ئەگەر بۆ تیاچوونی سەدام حەز بە شەڕ بکەین، راستەو خۆ چوینەتە بەرەی شەڕخۆزان و لایەنگرانی دەسەڵاتی جیهانی ئامریکاوە و داکۆکیمان لێ کردوە، ئەگەریش دژی ئەم شەڕە بین و نەمانەوێ سەدام بەم شێوە بڕوخێ، وا ناڕاستەوخۆ هەوڵی مانەوە و تەمەندرێژی دەسەڵاتی رەشی سەدامامان داوە. دڵنیاشم لەو حاڵ و زروفەدا وڵاتانێ که تا ئێستا کوردیان لە پەلامار و دڕەندەگی سەدام پاراستوە، دەس لەو پارێزگاریە هەلئەگرن و سەدام و لەشکرەکەی بەر ئەبنە گیانی خەڵکانی وڵاتمان و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکا ئەوەی کەڕەنگە لەم شەڕە نەگریسەدا بکوژرێت، ئەکرێنە گۆشتی دەم تۆپ و قوربانی ئەکرێن و وڵاتیش پاش ئەو چەن ساڵە کزەئازادی و خۆشیە، دیسانەوە ئەبێتەوە مەیدانی رمبازێنی دیکتاتۆری سەدام و تۆڵەی بەر و دوامان لێ ئەکاتەوە. ئەو باریشی ئەگەر شەڕ ببێ و، بە قوربانی کردنی سەدان هەزار کەس و تێکڕوخانی ژێرخانی ئابووری وڵات و ماڵ وێرانییەکی زۆر و دووپات کردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە و، شەهید کردنی شارێ یا شارگەلێکی تری کوردستان و، خولقاندنی هەزاران منالی بێبەش لە ئامێزیی گەرم بە ساردکردنەوەی کۆشی گەرمی بنەماڵەکانیان و، هەڵوەراندنی هەزاران خونچەی نەکراوەی وڵات و بەرینکردنی گۆڕستانەکانمان سەدامیش بڕوخێت. ڕەنگە تازە لەبەردەم چارەنوسێکی نادیارتر و ئاڵۆزتر لە ئێستادا





بوەستێین و تووشی شەڕی ناوخۆ بین و هێرشی تەماحاوی تورك و فارس بۆ وڵاتمان دەس پێ بکات. جا بۆیە بەڕاستی دارەکەمان هەردوو سەری پیسە و ساڵی داهاتوومان لە دوکەڵی نادیاریی و ناروونیدا خنکاوە و داهاتوومان وەك گەڵای وشکی پاییزی، بەدەم بای چارەنوسەوە خولەی دێت.

بەڵام هەمووی ئەمانە نابنە هۆی ئەوەی کە ئێمەی کورد بێ دەنگ و کش ومات لە سووچێکا دابنیشین و چاوەڕێی کارەساتی نەویست و بەسەرهاتی نەخوازبین. ئەرکی سەرشانی هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازە (**نا**) بڵێ بەم شەڕە و بە دیکتاتۆری سەدام. چون ئەوەی روون و ئاشکرایە، ئەوەیە کە ئامریکا بۆ رزگاری ئینسانەکان شەڕناکات بەڵکوو ئەیانکاتە پردێك بۆ تاقیکردنەوەی دوایین دەسکەوتەکانی تێکنۆلۆژی لە بوواری ئینسانکوژی و سەربازیدا و، گۆڕانی نەخشەی جوگرافیایی ناوچەکە بە مەبەستی دابەش کردنی نوێی بازاڕەکان و کانە نەوتەکان و، دەیان مەبەست و پیلانی ورد و درشتی لەم بابەتانەیە کە ئەوەی لەم بوارەدا بێبایەخ ئەبێ ئینسان و مافەکانیەتی. مەگەر سەدام چەن کەسە، وا قەرارە سێ هەزار بومبای دە تۆنی لە ماوەی شەو و رۆژێکدا بە سەر وڵاتی عێراقدا بڕژێت. تۆ بڵێی ئەو بۆمبانە کێ بکوژن ؟بڵێی سەدام ئەو هەزاران منالە ورد و درشتە سك برسیە بێت، کە لە ئامێزی گەرمی دایکی ڕەنگ هەڵبڕوسقاوی ترس و دڵەڕاوکێیاندا نوستوون، یان ئەو ژن و پیاوە زەنەق چووانەیە کە لە ژێرخانی ناچارییا خۆیان شاردوەتەوە و ئەبێتە گۆڕیان ؟

لایەنی بەرانبەری ئامریکاش لەم شەڕەدا گۆیا سەدامە!! کە پێویست بە باس و ناساندنی زۆر ناکات چوون خەڵکانی وڵاتەکەی بە تایبەت کورد تا دوایین سلولەکانیان هەستیان بە خزمەتەکانی کردوە!! چوون ئەو خولقێنەری هەڵەبجە و ئەنفال و هەزاران کارەساتی لەم بابەتانەیە.

ئەوەی کە ئاماژەمان پێ کرد بە ڕای من تەنیا چارەنوس و داهاتوی کوردستانی باشوور و منالانی ئەو بەشە نیە. ئەو شەڕە بە گشتی لە هەر چووار پارچەکەی کوردستان شوێن دائەخات و ڕەنگ دانەوەی ئەبێت. بەڵام تا رادەیەك دوورتر و کەمرەنگتر. بۆیە رەنگە منالانی رۆژهەڵات و باکور ئەو هەلەیان بۆ بڕەخسێ که ئاگری نەورۆزی ئەمساڵیش داییسێنن و ڕێز لەو ڕۆژە نەتەوەییەی کورد بگرن و وەك بەشێ لە خەبات دژی داگیرکەرانی وڵات چالاکانە لەو رێ و رەسمەدا بەشداری بکەن. هەرچەن رژێمی مەلاکان و تورکەکان بە تەواوی هێزیانەوە ویستویانە و ئەیشیانەوێ پێش بەم رێ و رەسمە بگیرێت و لە بیر خەلك ببرێتەوە. بەڵام بەپێچەوانەی هەوڵەکانی ئەوانەوە هەموو ساڵێ گەرم و گوڕتر لە ساڵانی پێشوی، ئەو رێ و رەسمە بەڕێوە چووە و ئەچێ، تا ساڵ بە ساڵ پەرەبستێنێ و ئاگرەکە خۆشتر بکرێت تا ئەو رادەی کە رۆژێ لە داهاتوی زۆر نزیکا ئەو ئاگرە لەسەر جەستەی ئەو ڕژێمانە و یاسا و رێساکانیان بکرێتەوە و ئەو جەژنە ببێتە جەژنەکەی کاوە و ئەو زوحاکانە بڕوخێن و گەلی کورد، بەتاییەت منالانی ئەوڕۆ، ڕۆژی سەربەخۆیی و ڕزگاری وڵات جەژن بگرن ، بەدەور ئەو ئاگرەدا سرودی رزگاری بخوێنن.

## شەونامەی ناوەخت و نەخوازراو!

شەوی دوشەمە 2003/3/18 لەسویدەوە بۆ سلێمانی، لە بەرپرسی گۆڤاری جیهانی منداڵانەوە بۆ سەرپەرشتیاری یانەی سارای بەشاراکراو، مامۆستا ڕەوف حەسەن و کاک عەتا حەمەئەمین عەلی ڕەزا لەگەڵ ڕێزو سلاوماندا!

مامۆستا، کاک عەتا و کاک زانا گیان، ئێستا کە ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسم تەنیا چەن سەعات لە ئولتیماتۆمەکەی بۆش بۆ سەدام گوزەراوە، مەعلوم نیە سەرنویشتی گشت ناوچەی خەلیج بەتایبەت کوردستان و عەرەبستانی عێراق چی بەسەردێت: لە پێوەندیەکی کورتی تەلەفۆنیدا لە کاک عەتام بیست ئەم ئێوارە تاقمێ سەربازی ئەمریکایی ڕژاونەتە سلێمانی و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ ماوەی حەوتوێک (تەعتیلی) ڕاگەیەنراوە، دیارە تەعتیلی و هەڵات هەڵات شموولی بنەماڵەی منداڵەکانی یانەکەی ئێمەیش بووە و دەبێ، مامۆستا گیان تۆ بەمنت وت بڕیارت داوە لەماڵ نەچیە دەرەوە هەرچی دێت بە (توون و تەتەر) بابێت. بەپێچەوانەوە من پێم وایە باشتر وایە لە وەیشوومە دوورەپەرێز بیت باشە، داواتان لێدەکەم وجوودی خۆتان بپارێزن، بۆپاراستنی کەرەستە و ئەشیای یانەکەمان وجوودی خۆتان مەخەنە خەتەرەوە، مەرەدماڵی یانەکەمان، وەک کومپیوتر و کەرەسەی چاپەمەنی، سەتەلایت و سەلاجە و... تەهیە دەبێتەوە، بەلام قەت ڕەوف حەسەنێکی دی بۆ هیچ خوایەک دوروست نابێتەوە.

ئێستا لێرە سەعات 2ی پاش نیوەشەوە چواری پاشنیوەشەوی سلێمانیە، خۆم لەپشتی کامپیوتێرەکەمم بەلام هەست و ڕۆح و هۆشم لەلای تۆ و منداڵ و مەزنی یانەکەمانە لە ڕاستیدا باشترە بڵێم ڕۆگەی یەقین و هەست و نەستم: ئای مامۆستا گیان، ئەو کورتە ڕاپۆرتی یەکساڵەی بونیادنانی یانەی سارا و ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤاری جیهانی منالانەیە، کە بە E.Mail بۆت ناردین لە چ کات و ساتێکی حەساس و گرینگ و بەجێدا گەیشتە دەستمان. وەک بەڵگەیەکی بایی‌دار لەم چوارەمین ژمارە و چوارەمین وەرزی ساڵی تەمەنی یانە و گۆڤارەکەماندا بۆ خاس و عام بەتایبەت پشتیوانانیان تۆمار کرا.

قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری و پەلەقاژێی سەروومڕی پارێزەرانی خستوومیەتە ناو دڵەخورپێ و شك و گومانەوە، جاروبار لەدەروونەوە خۆم بەخۆم دەڵێم: تۆ بڵێی کۆرپەی ئاواتی دێرینم کە لە زستانی تەمەنم دا هاتوونەتە دنیاوە گێژەڵوکەی شوومی شەڕی لێ بببێتە شەوە و ساکۆسیای کا! جارجاریش دێمەوە بەخۆما و خۆم لۆمە دەکەم و دەڵێم:

تۆ کە بە قەیرەیی بە لفەدووانە و هاوکات لە دووجێ زاوی، منداڵێکت لەسوێد و یەك لەسلێمانی؟ گریمان ئەوەی سلێمانیان لێ زەوتکردی، ئەدی خۆئەمەی دیکەت لە وڵاتی ئەمن و ئەمانی سوێد و لەژێر ساوپەناو پەڕو باڵی خۆت و پشتیوانانی‌دا هیچ هاڵ و شەوەیەك ناتوانێ بیرفێنێ یان بیخنکێنێ؟

بە هەر حاڵ مامۆستا گیات لە تۆو کاك عەتا حەمەئەمین عەلی ڕەزا، و کاك زانا چاوەڕوانم بە هاوکاری یەکتری و لە نزیکی یەك خۆتان و مەوجودیەتی خۆتان و مەعنەویەتی یانەکەمان بپارێزن.

کاك عەتا گیان وەك ئەم ئێوارە بە تەلەفۆن پێم وتی 200 یا 300 دۆلار بدە بە مامۆستا ڕەوف و حیساب و کیتابی خۆت بۆ پاشەڕۆژت ڕاگرە. گشت دڵسۆزی و زەحمەتەگانت لە ناو گلێنەی چاوەکانمایە و چاوەڕوانم بەڵکو بە هەڵکەوت! چەوتی زەمانە بۆمانی ڕاست کاتەوە. ئەم بەهار و هاوینە بەجەستەمەوە بێمەوە ناوتان.

**عەلی کیتابی**